# بەشی دووەم

# سەرچاوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

هەروەك لە بەشی یەكەم باسمانكرد، ڕێڕەوی ئاویی سیروان یەكێكە لەو ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییانەی، كە لەعێراق و ئێراندا بوونی هەیە. ئێران، بەپێچەوانەی ڕێساكانی یاسای نێودەوڵەتی ژمارەیەك پرۆژەی لەسەر ئەم ڕێڕەوە ئاوییە ئەنجامداوەو مافەكانی عێراقی پێشێل كردووە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین، بنچینەو سەرچاوەی یاسایی مافەكانی عێراق و پابەندییەكانی ئێران لەم ڕێڕەوەدا بخەینەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش، پشت بە سەرچاوەكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دەبەستین، لە ژێر ڕۆشنایی بەندی(٣٨) لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای نێودەوڵەتی داد، كەئەم سەرچاوانەی بەسەر دوو جۆردا دابەشكردووە: سەرچاوە سەرەكییەكان، كەبریتین لەرێككەوتننامەكان(الاتفاقیات)، نەریتی نێودەوڵەتی (العرف الدولي) و بنەما گشتییەكانی یاسا (المبادئ العامة للقانون). هەروا سەرچاوە یاریدەدەرەكان، كە بریتین لە بڕیارە دادوەرییەكان (الأحكام القضائية)، یاسازانیی نێودەوڵەتی (الفقه الدولي)و بنەماكانی دادو ئینساف(مبادئ العدل و الانصاف).[1] هەربۆیە، ئەم بەشە بەسەر دووباسدا دابەش دەكەین، لە باسی یەكەم ئاماژە بە سەرچاوە نێودەوڵەتییە ڕێككەوتنییەكان (الاتفاقي)[2] دەكەین بۆ بەكارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان و پیادەكردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان و باسی دووەم تەرخان دەكەین بۆ سەرچاوە نێودەوڵەتییە نارێككەوتنییەكان(غیرالاتفاقي)[3] بۆ بەكارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان و پیادەكردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان.

---

[1].R.R.Churchilla and A.V.Lowe, The Law Of The Sea,Second Edition, Manchester University Press, Manchester, 1988, p.4.

(٢) مەبەست لە سەرچاوە نێودەوڵەتییە ڕێككەوتنییەكان، ئەو ڕێسایانەیە، كە دوو دەوڵەت یا زیاتر لە چوارچێوەی ڕێككەوتننامەیەكی نێودەوڵەتی لەسەری ڕێكدەكەون بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان.

(٣) مەبەست لە سەرچاوە نێودەوڵەتییە نارێككەوتنییەكان، ئەو ڕێسایانەیە، كە لە ڕێككەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر وەرنەگیراوە بۆ ڕێكخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، وەك نەریتی نێودەوڵەتی، بنەما گشتییەكانی یاسا، بڕیارە دادوەرییەكان، یاسای نێودەوڵەتی و بنەماكانی داد و ئینساف.

## باسی یەکەم

# سەرچاوە نێودەوڵەتییە ڕێککەوتنییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

سەرچاوە نێودەوڵەتییە ڕێککەوتنییەکان بریتین لەو ڕێککەوتننامانەی، کە لە نێوان دەوڵەتاندا گرێدەدرێن و بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێن. لەم باسەدا ئەو سەرچاوەیە لە دوو مەبەستدا دەخەینەڕوو، لە مەبەستی یەکەم باس لە ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین. هەروا مەبەستی دووم تەرخان دەکەین بۆ ڕێککەوتننامە سنوورییە دووقۆڵییەکان و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین.

## مەبەستی یەکەم

### ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لەئێستادا، ڕێککەوتننامەکان لەیاسای نێودەوڵەتی گشتیدا پێگەیەکی گرنگیان هەیە و بە سەرچاوەی سەرەکی و یەکەمی ئەم یاسایە دادەنرێن، کە دەوڵەتان لەسەری ڕێکدەکەون و بە سەر دوو جۆری گشتی و تایبەتدا دابەش دەکرێن.[٤] سەرەڕای ئەوەی، کە لە لایەن زانایانی یاسای نێودەوڵەتی، پێناسەی

---

[٤] د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ١٧٩. هەروا د.صبحي احمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٥٣.

جۆراوجۆر بۆ زاراوەی ڕێککەوتننامە[٥] کراوە، بەڵام پێمانوایە باشترین پێناسە هەر ئەوەیە، کە لەبەندی(٢/ب ١-أ)ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیماننامەکان لە ساڵی ١٩٦٩ داهاتووە، کە بریتییە لە: "ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی گرێدراوە لەنێوان دەوڵەتان بەشێوازێکی نووسراو، کەیاسای نێودەوڵەتی ڕێکیدەخات، چ لەیەك دیکۆمینت یا دوو دیکۆمینتی بەیەکەوە بەستراو یا زیاتردا بێت و هەر ناوێکی تایبەتی هەبێت".[٦]

ژمارەیەکی زۆر لەو کێشانەی، کە لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لە نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەودا سەریانهەڵداوە، بە هۆی گرێدانی ڕێککەوتننامەکان بە شێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر کراون،[٧] چونکە لە یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی دروستبوونی کێشە، ڕێککەوتننامەکان لەیاسا نەریتییەکان لەپێشترن.[٨] سەبارەت بەو پەیماننامانەی، کە لەسەر بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکان گرێدراون، (UN) لە ساڵی ١٩٦٣-١٩٧٤ پتر لە (٣٠٠) پەیماننامەی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە و گرنگی ئەم پەیماننامانە لەوەدایە، کە سەرچاوەیەکی

---

(٥) سەرەڕای بەکارهێنانی زاراوەی جۆراوجۆر و هاوتا بۆ ڕێککەوتننامە، وەك پەیماننامە (معاهدة)، ڕێککەوتن (اتفاق)، ڕاگەیاندراوی هاوبەش (التصريح المشترك)، پرۆتۆکول (البروتوكول)، بەڵێننامە (عهد)، جاڕنامە (ميثاق) و...هتد، بەڵام لە ڕاستیدا، هەر وەك لە بەندی دووەمی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیماننامەکان لە ساڵی ١٩٦٩ جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەموو ئەم ناوانە لەڕووی چەمك و ناوەڕۆکەوە، یەك واتایان هەیە و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نیە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ: عُلا شكيب باشي، التحفظ على المعاهدات الدولية متعددة الأطراف، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الشرق الأوسط، عمان، ٢٠٠٨، ص ٩.

(٣) المادة (٢/ف١-أ) من الاتفاقية فيينا للمعاهدات عام ١٩٦٩.

(٧) د.محمد منيب الرفاعي، المياه بين تركيا و سورية و العراق من وجهة نظر القانون الدولي، مجلة الفكر السياسي، اتحاد الكتاب العرب، العددان التاسع و العاشر، السنة الثالثة، دمشق، ربيع و صيف ٢٠٠٠، صص ١٧٢- ١٧٣.

8. Ferderick M.Lorenz & Edward J.Erickson, The Euphrates Triangle: Security Implications of the Southeastern Anatolia Project, First printing, National Defense University Press, Washington, D.C, 1999, p.29.

نووسراون و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی پێکدەهێنن.[٩] هەروا لە نزیك بە (٢٠٠٠) پەیماننامەی نێودەوڵەتی دیکە، چەند بەندێك دەربارەی ئاو گونجێندراون.[١٠] لەم مەبەستەدا، باس لە هەردوو جۆری ڕێککەوتننامەکان دەکەین لە دوو لقدا. لە لقی یەکەم، باس لە ڕێککەوتننامە گشتییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و لە لقی دووەم، ئاماژە بە ڕێککەوتننامە تایبەتییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین.

## لقی یەکەم
## ڕێککەوتننامە گشتییەکان بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان

ڕێککەوتننامەی گشتی "بریتییە لەو ڕێککەوتنەی، کە لەنێوان کۆمەڵێکی زیاتر لە دەوڵەتان دەبەسترێ و ویستیان ڕێکدەکەوێ لەسەر دانانی ڕێسایەکی گشتی یا سیستەمێکی پەتی، کە جێگای بایەخی هەموو ئەو دەوڵەتانەیە. لەم بارەیەوە لە یاسادانانی ناوخۆیی دەچێت، چونکە بە واتای تەواوی وشە ڕێسایەکی یاسایی دادەنێ، هەر بۆیە، پێی دەگوترێ ڕێککەوتننامەی گشتی بۆ جیاکردنەوەی لەڕێککەوتننامە گرێبەستیەکان".[١١] بەسەرنجدان بەتایبەتمەندێتی و ڕێژەیی بوونی هەریەك لەڕووبارەکان، تاکوو ئێستا ڕێککەوتننامەیەکی گشتی وا لەئارادا نیە، کە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی

---

[٩] د. زكي حنوش، سورية والمشاريع المائية: الامن المائي العربي، ط ١، مركز الدراسات العربي-الأوروبي، بيروت، ٢٠٠٠، ص ٢٥٢. هەروەها د. محمد منيب الرفاعي، المصدر السابق، ص ١٧٣.

[١٠] محمدرضا حافظ نيا و مهدی نيکبخت، آب و تنشهای اجتماعی- سياسی مطالعه موردی: گناباد، مجله تحقيقات جغرافيايی، دانشگاه فردوسی، مشهد، شماره (٦٥- ٦٦)، تابستان و پاييز ١٣٨١ ه.ش (٢٠٠ ز)، ص ٤٨.

[١١] ديلمي أمال، التنظيم القانوني الدولي للعلاقات الدبلوماسية، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة مولود معمري، تيزي وزو (الجزائر)، ٢٠١٢، ص ٣٤. هەروەها د.عصام العطية، القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٥٩.

بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لەخۆ بگرێت.[١٢] لێرەدا هەوڵ دەدەین بەپێی ریزبەندیی مێژوویی، ژمارەیەك لەو ڕێککەوتننامانە بخەینە بەرباس و ئاماژە بەو خاڵە گرنگانە بکەین، کە لەناوەڕۆکیاندا هاتووە بەجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم/ ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٨١٥ ی ڤیەننا:**

پێش گرێدانی کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥، سەروەریی دەوڵەتان بەسەر رووبارە نێودەوڵەتییەکاندا سەروەرییەکی رەها بوو. بۆ یەکەمجار لەم کۆنگرەیە، بنەمای هاوکاریی نێودەوڵەتی دەربارەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان هاتە ئاراوە، هۆی ئەمەش بۆ ئەو پێشکەوتنە پیشەسازیی و بازرگانییە دەگەڕایەوە، کە لە ئەورووپا هاتبووە ئاراوە.[١٣] لەو سەردەمەدا، رووبارە نێودەوڵەتییەکان پتر بۆ مەبەستی کەشتیرانی بەکار دەهاتن، هەربۆیە، کۆنگرەی ڤیەننا گرنگی بەم لایەنە داوە، چونکە هیچ گرفت یا پێویستییەك بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانە ناکەشتیرانییەکان لە ئارادا نەبووە.[١٤] ئەم ڕێککەوتنە لە ٩ /٦/ ١٨١٥ گرێدرا و لە بەندەکانی (١٠٨-١١٩) باسی لەم لایەنە کردووە. لە بەندی (١٠٩)، باس لە ئازادیی کەشتیرانی دەکات بە مەبەستی بازرگانی بۆ هەموو ئەو دەوڵەتانەی، کە دەکەونە کەناری رووبارە نێودەوڵەتییەکانەوە.[١٥] کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ بە قەڵەمبازێکی گەورە دادەنرێ، بۆ پەرەپێدانی

---

[١٢] د. سعيد سالم الجويلي، المصدر السابق، ص ١٥.

[١٣] يارمحمد باى، هيدروپوليتيك رودهاى مرزى، چاپ نخست، مؤسسه فرهنگى و تحقيقات بين المللى ابرار معاصر تهران، تهران، ١٣٨٤ هـ.ش ( ٢٠٠٥ ز)، ص٢. هەروەها پيار ـ ماري دوپوي، القانون الدولي العام، ترجمة: د.محمد عرب صاصيلا و د.سليم حداد، ط ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع (مجد)، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٧٨٦.

[١٤] د. شاكر عبدالعزيز المخزومي، في طريق العطش: أزمة المياه في العراق و بعض الدول العربية، ط ١، دار ورد الاردنية للنشر و التوزيع، عمان،٢٠١١، ص ٨٧. هەروەها د. الشافعي محمد بشير، القانون الدولي العام في السلم والحرب، ب ط، منشأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٧١، ص ٣٢٢. هەروەها عبدالغني محمد عبدالعزيز الدوري، المصدر السابق، ص ١٧.

[١٥] د. صبحي احمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ٥٥-٥٦.

سیستەمی یاسایی رووبارە نێودەوڵەتییەکان و سیستەمێکی یاسایی وەهای دانا، کە لەسەر هەموو رووبارە نێودەوڵەتییەکان پیادە بکرێ. ئەمەش هەنگاوێك بوو بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی سیستەمی یاسایی ئەو رووبارانە لەمیانەی دوو ئاراستەدا، کە بریتین لە:

١) یەکسانی لەنێوان دەوڵەتەکانیترو ئەو دەوڵەتانەی، کەبەسەر رووباردا دەڕوانن.

٢) بەڕێوەبردنی رێگا ئاوییەکان لەلایەن دەستەیەکی نێودەوڵەتی، کە بە دەستەی رووبارەکان ناو دەبرێت.[١٦]

**دووەم/ پەیماننامەی ئاشتی ڤێرسای لە ساڵی ١٩١٩:**

پاش جەنگی یەکەمی جیهان، پرسی بەنێودەوڵەتی کردنی رووبارەکان، پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بەندەکانی (٣٢٧- ٣٣٧) لەپەیمانی ئاشتی ڤێرسای، تایبەت کراوە بەکەشتیرانی لەرووبارەکان.[١٧] لەم پەیماننامەیەدا، کۆمەڵێك دەستکەوت لەبواری رووبارە نێودەوڵەتییەکان هاتنەدی، کە دەتوانین لە سێ خاڵدا ئاماژەیان پێ بکەین:

١) بەپێی بەندەکانی (٣٣٢- ٣٣٧) لە پەیمانی ئاشتی ڤێرسای، سیستەمی تایبەت بەئازادیی کەشتیرانی بۆ ئەو رووبارە نێودەوڵەتییانە گەڕانەوە، کە سەر بە دوژمنە شکستخواردووەکانی پێشوو بوون.

٢) دانانی سیستەمێکی گشتی، کە شیاوی پراکتیزە کردن بێ لەسەر هەموو رووبارە نێودەوڵەتییەکان.[١٨]

---

[١٦] د. السيد مصطفى احمد ابوالخير، الدولة في القانون الدولي العام، ط ١، إيتراك للطباعة و النشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ١٩٧.

[١٧] د. عبد علي محمد سوادي، الحقوق المكتسبة للعراق في مياه الأنهار الدولية التي تمر عبر أراضيه بموجب المعاهدات الدولية و قواعد القانون الدولي الأخرى، مجلة رسالة الحقوق، كلية القانون جامعة كربلاء، العدد ١، ٢٠١١، ص ٩. هەروەها د. محمد جواد علي، النهر الدولي في القانون الدولي، مجلة دراسات دولية، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، العدد ١٣، تموز ٢٠٠١، ص ٤٠.

[١٨] شارل روسو، المصدر السابق، ص ٢٠٥. هەروەها ونداد آرين، بررسى ابعاد حقوقى معاهدات مرزى ( در عصر حاضر )، پايان نامه كارشناسى ارشد رشتة حقوق و علوم سياسى دانشگاه شيراز،

٣) بەشداری پێکردنی ئەو دەوڵەتانەی، کە رووبارە نێودەوڵەتییەکان، بە ناو وڵاتەکانیاندا تێپەڕ نابن لەو کۆمیتە نێودەوڵەتیانەی، کە بۆ چاودێریی کردنی کاروباری ئەو رووبارانە پێکدێن.[١٩]

**سێیەم/ رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢١ی بەرشلۆنە:**

کۆنگرەی بەرشلۆنە، لەسەر داوای کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢١/٤/٢٠ بەسترا و (٤٠) دەوڵەتی ئەورووپی و ئەمەریکی و ئاسیایی بەشدارییان تێدا کرد. لەم کۆنگرەیەدا، رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی کەشتیرانی لەو رووبارانە هاتەئاراوە، کە خاوەن گرنگی نێودەوڵەتی بوون.[٢٠] لە راستیدا ئەو رووبارانەی، کەهەندێ مەرجی دیاریکراویان تێدابوایە، بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، بەنێودەوڵەتی لەقەڵەمدەدران. بەجۆرە، سیستەمی بەنێودەوڵەتی کردنی گشتی (نظام التدويل العام) یا دامەزراو (التأسيسي)، جێگای بەنێودەوڵەتی کردنی تایبەت یا ریزپەڕی (التدويل الخاص أو الاستثنائي) گرتەوە، کە گرێدانی رێککەوتنێکی تایبەتی بە مەرج دادەنا بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی رووبار.[٢١] هەر بۆیە، دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

١) بنەمای بەنێودەوڵەتی کردنی هەموو رووبارە هاوبەشەکانی راگەیاند، ئەگەر بێت و هەندێ مەرجی دیاریکراویان تێدا بێت، بە بێ ئەوەی پێویستی بە رێککەوتنێکی تایبەت بێت.

٢) وای بە باش زانی، کە زاراوەی "رێڕەوە ئاوییەکانی خاوەن قازانجی نێودەوڵەتی" لەبری زاراوەی کۆنی "رووبارە نێودەوڵەتییەکان" بەکاربهێنرێت،

---

شهريور ١٣٨٥هـ. ش ( ٢٠٠٦ ز)، ص ٦٦. هەروەها د. صبحي احمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٥٩.

[١٩] د. صبحي احمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٥٩.

[٢٠] د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي العام ( الكتاب الثاني)، الطبعة الاولى، مكتبة دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ١٩٩٧، ص ٦٠. هەروەها حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٤٠١. هەروەها د. الشافعي محمد بشير، المصدر السابق، ص ٣٢٣.

[٢١] شارل روسو، المصدر السابق، ص ٢٠٥.

**چونکە قووڵتر و گشتگیرترە و هەموو ڕێڕەوە ئاوییەکان دەگرێتەوە.[٢٢]**

**٣) بۆ دیاریکردنی چەمکی رووباری نێودەوڵەتی، جگە لە پێوەری سروشتی و پێوەری یاسایی (واتە سنووریی بوونی رووبارەکە یا تێپەڕبوونی ڕێڕەوی رووبار بەناو دوو دەوڵەت یا زیاتر)، پێوەری ئابووریشی بۆ زیاد کرد.[٢٣]**

**٤) سیستەمی بەرشلۆنە دوو بنەمای گرنگی راگەیاند، بنەمایەکی کۆن، کە باس لە ئازادی کەشتیرانی دەکات لەریرەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و بنەمایەکی نوێ، کە ئەویش یەکسانییە لەمامەڵەکردن و جیاوازیی نەکردن لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی، کە واژۆیان لەسەر رێککەوتنەکە کردووە.[٢٤]**

## چوارەم/ پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٣ی جنێڤ:

**ئەم پەیمانە لە ٩/١٢/١٩٢٣ لەژێر سێبەری کۆمەڵەی گەلان، لەکاتی بەستنی کۆنگرەی گشتی دووەم، تایبەت بەگواستنەوەو گەیاندن گرێدرا.[٢٥] بەندی یەکەمی ئەم پەیمانە، باس لە ئازادیی دەوڵەتان دەکات بۆ بەکارهێنانی ئەو ئاوانەی، کە بە ناو خاکەکەیاندا تێپەڕ دەبن لەپێناو گەشەپێدانی هێزە**

---

[٢٢] د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، ب ط، الدار الجامعية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٩، صص ٣٣١-٣٣٢.

(٢) كاظم عباسى كامران، نظام حقوقى حاكم بر رودخانه مرزى ارس، پايان نامه كارشناسى ارشد رشته حقوق بين الملل، دانشكده حقوق و علوم سياسى دانشگاه تهران، ١٣٧٣ ه.ش (١٩٩٤ ز)، ص ١٣. هەروەها د. احمد عبدالله الماضي و د. ناهض محمد صالح، مشكلة اقتسام مياه نهر الفرات دراسة في القانون الدولي، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، جامعة تكريت، المجلد ٤، العدد ١٣، ٢٠١٢، ص ٤٥.

[٢٤] على سعاد بخش، اروندرود و تأثير آن در مناسبات ايران و عراق، پايان نامه كارشناسى ارشد دانشكده علوم انسانى دانشگاه تربيت مدرس، تهران، ١٣٨٠ه.ش (٢٠٠١ ز)، صص ٥٣-٥٤. هەروەها د. محمد حافظ غانم، مبادئ القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية ولاحكامه العامة، المصدر السابق، ص ٢٧٨. هەروەها لهيب صبري ديوان الطائي، المصدر السابق، صص ٢١-٢٢.

[٢٥] د.سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة و الفرات و انعكاساتها على القضية الكردية، ب ط، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، صص ٢٥٢-٢٥٣.

هیدرۆلیکیەکانی خۆیان، لە چوارچێوەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی.[٢٦] لە گرنگترینی ئەو ئەحکامانەی، کە لەم پەیمانەدا هاتووە دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

١) زیان نەگەیاندن بەمافی دەوڵەتانیتر لەکاتی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان.

٢) هەموو دەوڵەتێك مافی هەیە لەسنووری ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، بەشێوەیەکی ئازادانە لەچوارچێوەی خاکی خۆیدا هەموو ئەو کردارانە ئەنجام بدات، کە پەیوەندیی بە بەرهەمهێنانی وزەی کارەباوە هەیە.

٣) پێویستە دەوڵەتانی حەوزی ڕووبار، دەست بە گفتوگۆ بکەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن دەربارەی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان.[٢٧]

## پێنجەم/ ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی:[٢٨]

ئەزموونی هەندێ لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە کێشە و ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاوە، کە ئەمەش بۆ نەبوونی ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا.[٢٩] کێشەی بنەڕەتی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بریتییە لە چۆنێتی دابەشکردنی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی، کە لەبەردەستدان بە شێوەیەکی یەکسان و

---

[٢٦] د. محمد منيب الرفاعي، المصدر السابق، ص ١٧٣.

[٢٧] صاحب الربيعي، أزمة حوضي دجلة و الفرات و جدلية التناقض بين المياه و التصحير، الطبعة الأولى، دار الحصاد للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق، ١٩٩٩، ص ٣٨.

[٢٨] عێراق بە یاسای ژمارە (٣٩) ساڵی ٢٠٠١ چووەتە پاڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەڵام ئێران هەتا ئێستا ئەندام نیە لەم ڕێککەوتننامەیەدا.

[٢٩] د. مصطفى دولتيار و پروفسور تيم اس. گرى، سياست آب در خاورميانه، ترجمه: د. رسول افضلى و رضا التيامى نيا، چاپ اول، شركت چاپ ونشر بين الملل، تهران، ١٣٨٩هـ. ش (٢٠١٠ ز)، ص ٦٧.

بەپێی ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان.[30] هەربۆیە، ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانیان لەبواری ناکەشتیرانی لەلایەن (UN)ەوە گرنگی زیاتری پێدراوە، بەتایبەت پاش ئەوەی، کە دەرکەوت ململانێی نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەو لەپێناو رووبارەکان و بەکارهێنانی، دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵەی گشتی (UN) بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٦٦٩ (د- ٢٥) لە ڕێکەوتی ٨/ ١٢/ ١٩٧٠، کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی راسپارد، کە بابەتی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بخاتە خشتەی کارەکانی خۆیەوە. هەربۆیە، بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٧٨٠(د- ٢٦) لەرێکەوتی ٣/١٢/١٩٧١، کۆمیتەی ناوبراو بابەتەکەی خستە ناو خشتەی کارەکانی خۆیەوە.[31] سەرئەنجام، کۆمەڵەی گشتی (UN) لە ڕێکەوتی٢١/٥/١٩٩٧، بە زورینەی دەنگی(١٠٤) دەوڵەتی لایەنگر و نارەزایی(٣) دەوڵەت ( تورکیا، چین و بوروندی) و خۆبواردنی (امتناع) (٢٧) دەوڵەت، ڕێککەوتننامەکەی پەسندکرد.[32]

هەر وەك دەبینین، گفتوگۆکانی تایبەت بەم ڕێککەوتننامەیە (٢٧) ساڵی خایاندو لەساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد و لە ٢١/٥/ ١٩٩٧ کۆتایی پێهات.[33]

---

[30]. Peter Beaumont, The 1997UN Convention on the Law of Non-navigation Uses of International and Weaknesses from a Water Managemant Perspective and the Need for New Workable Guidelines, Water Resources Development, University of Wales, Vol.16, No. 4, 2000, p.476.

[31] صلاح عامر، اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية، مجلة السياسة الدولية، مركز الأهرام، السنة الأربعون، العدد ١٥٨، القاهرة، ٢٠٠٤، صص ١٠٦- ١٠٧. هەروەها د.صبحي احمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ١٣٨. هەروەها د. منى القاضي، المصدر السابق، ص ٦٤.

[32] د. محمود ابوزيد، المياه مصدر للتوتر في القرن ٢١، الطبعة الاولى، مركز الأهرام للترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٩٨، ص ١٠٢. هەروەها د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، ص ٧٤٣.

[33]. Salman M.A.Salman, The United Nations Watercourse Convention Ten Years Later: Why Has its Entry into Force Proven Difficult?, Water International, Volume 32, Number 1, Washington DC, USA, March 2007, p.1.

ئەم ڕێککەوتنە گرنگییەکی زۆری هەیە و سەرەڕای ئەوەی، کە تا ڕادەیەك پشتی بە ڕێساکانی هلسینکی بەستووە و چەمکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام بە روونی و بەدوورکەوتنە لەواتای دووفاقیانە باسی لێوە کردووە.[٣٤] ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە حەوت دەروازەو (٣٧) بەند پێکهاتووە لە گەڵ پاشکۆیەکی تایبەت بە ناوبژیکاریی، کە لە(١٤) بەند پێکدێت. لێرەدا ئاماژە بە ناوەڕۆکی دەروازەکان دەکەین بەجۆرەی خوارەوە:

لەدەروازەی یەکەم (بەندەکانی ١-٤)، باس لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و پێناسەی دەستەواژەکان و مافەکانی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی دەکات. ڕێککەوتننامەکە لەبری زاراوەی رووبارە نێودەوڵەتییەکان، چەمکی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی (المجرى المائي الدولي) بەکارهێناوە. لە دەروازەی دووەم (بەندەکانی ٥-١٠)، کە لە ژێر ناونیشانی بنەما گشتییەکاندا هاتووە، هەروەك چۆن ستیفن میکافیری باسی لێوە دەکات بە کاکڵەی ڕێککەوتننامەکە دادەنرێ، کە لە بەندی پێنجەمی خۆیدا باس لە بنەمای بەکارهێنان و بەشداریی دادگەرانە و گونجاو دەکات.[٣٥] بۆ ئەم مەبەستە، لەبەندی شەشەم باس لەو فاکتەرە پەیوەندیدارانە دەکات، کە پێویستە لەم بارەیەوە ڕەچاو بکرێن.[٣٦] لە بەندی حەوتەم، باس لە بنەمای پابەندبوون بە نەگەیاندنی زیانی بایەخدار بە دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی دەکات. لە بەندی هەشتەمیش، جەخت لەسەر بنەمای

---

[٣٤] ) د. حسن الجنابي، موارد العراق المائية و بعض قضايا الدستور، مجلة حوار الفكر، المركز العراقي للبحوث والدراسات المستقبلية، السنة الخامسة، العدد العاشر، النجف، آب ٢٠٠٩، ص ٨٥.

[٣٥] عبدالعزيز المصري، الأسس القانونية و الأعراف التي تحكم تنظيم استخدام الموارد المائية المشتركة، مداولات الندوة العربية حول الأسس القانونية الدولية للمياه المشتركة، المركز العربي لدراسات المناطق الجافة والأراضي القاحلة، دمشق ١٥- ١٧ كانون الثاني ٢٠٠٢، ص ٨٩.

[٣٦] ناجي علي حرج، مشكلة المياه في العلاقات العراقية- السورية- التركية: مظاهر التعاون وجوهر الخلاف، مجلة دراسات استراتيجية، العدد ٥، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، ١٩٨٨، ص ٤٨٣.

هاوكاريی له نێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی دەكاتەوە.[٣٧]

له دەروازەی سێیەم (بەندەكانی ١١- ١٩)، باس له ئاڵوگۆڕی زانیارییەكان و ڕاوێژ دەربارەی ئەو ڕێوشوێنانە دەكات، كه لەسەر ڕێڕەوی ئاویی ئەنجام دەدرێن، هەروا گفتوگۆ و ڕێوشوێنەكانی ئاگاداركردنەوە و ئەو ڕێسا ڕێكاریانە دەخاتەڕوو، كه دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی پێویستە لەسەریان ئەنجامی بدەن.[٣٨] له دەروازەی چوارەم (بەندەكانی ٢٠- ٢٦)، باس له پاراستنی سیستەمی ئیكۆلۆجی و پیسبوونی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكان دەكات. هەروا ئەم دەروازەیە باس له پاراستنی دامودەزگاكان و ئەو زیانانە دەكات، كه لەئەنجامی تێكشكان یا هێزی سروشتی و مرۆیی دروست دەبن.[٣٩]

له دەروازەی پێنجەم (بەندەكانی ٢٧- ٢٨)، باس لەو ڕێكار و ڕێوشوێنانە دەكات، كه هەریەك له دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی له كاتی دروستبوونی حاڵەتی زیانبەخش یا كتوپڕ به تاك یا به كۆ دەیگرنەبەر، چ ئەم بارودۆخە دەرئەنجامی هەڵسوكەوتی مرۆڤ بێ یا خود به هۆی دۆخی سروشتی بێتە ئاراوە.[٤٠] له دەروازەی شەشەم (بەندەكانی ٢٩- ٣٣) له ژێر ناونیشانی ئەحكامە جۆراوجۆرەكان، تیشك دەخاتە سەر هەندێ لایەنی ڕێكخستن و ڕێكاریی و باس له چۆنێتی یەكلایی كردنەوەی ململانێ ئاوییەكان دەكات.[٤١] له دەروازەی حەوتەم (بەندەكانی ٣٤- ٣٧)، كه له ژێر سەردێڕی ئەحكامە كۆتاییەكاندا هاتووە، له بەندی (٣٥) باس له چونێتی پەسندكردن، قبووڵ، ڕەزامەندیی یا هاتنەپاڵی ڕێككەوتننامەكە دەكات. هەروا له بەندی (٣٦) باس له چونێتی بەركاربوونی ڕێككەوتنەكە دەكات، كه (٩٠) ڕۆژ پاش سپاردنی سی وپێنجەمین بەڵگەنامە

---

[٣٧] سمير امين و آخرون، الصراع حول المياه: الارث المشترك للإنسانية، ترجمة: سعد الطويل، ط ١، مركز البحوث العربية والافريقية و المنتدى العالمي للبدائل، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٧٦.

[٣٨] د. سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، صص ٢٩٩- ٣٠٠.

[٣٩] فؤاد قاسم الأمير، المصدر السابق، ص ٢٧٥. هەروەها ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ٨٠.

[٤٠] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية عام ١٩٩٧، المواد (٢٧-٢٨).

[٤١] د. سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، صص ٣٠١- ٣٠٢.

به پەسند یا قبولْ یا ڕەزامەندیی یا چوونە پاڵ لای سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.[٤٢]

بەگوێرەی دوا زانیارییەکان، هەتا ئێستا تەنها(٣٠) دەوڵەت ئەم ڕێککەوتننامەیان پەسند کردووەو چوار دەوڵەتیش تەنها واژۆیان لەسەر کردووە.[٤٣] هەربۆیە، بەپێی بەندی (٣٦) لە ڕێککەوتننامە نەگەیشتۆتە ڕێژەی پێویست بۆ بەرکاربوونی، کە (٣٥) دەوڵەتە، بەڵام گرنگی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەوەدایە، کە هەڵساوە بەکۆکردنەوەو دارشتنی ڕێسا نەریتییەکان (قواعد العرفي)، کە بەشێکن لە ڕێسا گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی، کە لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، پێشتر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا پەیڕەو کراون و دەوڵەتان مولزەمن بەوەی پابەندی بن. هەربۆیە، سەرەڕای بەرکارنەبوونی ڕێککەوتننامەکەش، چونکە ئەو بنەمایانەی، کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا پشتیان پێ بەستراوە، ڕێسای نەریتی نێودەوڵەتین لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، ئەوا دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی مولزەمن بەوەی، کە پابەندی بن و ئێمە پتر لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئەم بابەتە ڕۆیشتووین و پشتمان پێ بەستووە. هەر بۆیە، لەکاتی ئاماژەکردن بەم ڕێککەوتننامەیە مەبەستمان ئەو بنەما نەریتیانەیە، کە لەناو ڕێککەوتننامەکەدا هاتوون.

پاش خستنەڕووی ژمارەیەك لەڕێککەوتننامە گشتییەکان، دەتوانین کۆمەڵێك بنەما و ڕێسایان لێوەربگرین، کە دەتوانین لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان بکەین بەجۆرەی خوارەوە:

١) یەکسانی لەنێوان دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی لەڕووی مافە کەشتیرانی و ناکەشتیرانییەکان.

٢) گۆڕانکاریی لەچەمك و واتای ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و بە نێودەوڵەتی کردنی هەموو ڕووبارە هاوبەشەکان و دەرچوونی ئەم ڕووبارانە، لە

---

[٤٢] اتفاقية استخدام المجاري المائية الدولية في الاغراض غير الملاحية ١٩٩٧، المواد (٢٥) و (٣٦).

[43]. United Nations, Treaty Collection, Chapter XXVII Environment, please visit this website: http://treaties.un.org/pages/ViewDetails.aspx/lastvisited: 20/6/2013.

ژێر سەروەریی ڕەهای دەوڵەتانی سەرووی ڕووبار.

٣) زیان نەگەیاندنی بایەخدار بەمافی دەوڵەتانیتر لەکاتی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٤) بنەمای بەکارهێنان و بەشداریی دادگەرانەو گونجاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دەوڵەتانی ڕێڕەو.

٥) بنەمای هاوکاریی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و ڕاوێژ دەربارەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٦) پەنابردن بۆ ئامرازەکانی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان وەك دانوستان و ناوبژیکاریی و...هتد، لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٧) دروستکردنی ڕێکخراو و دەستەی جۆراجۆر بۆ بەڕێوەبردن، سەرپەرشتی کردن و چاودێریی کردنی ڕێڕەوەکان.

عێراق بەپشت بەستن بەو بنەما و ڕێسایانەی سەرەوە، کە لە ڕێککەوتننامە گشتییەکان هەڵێنجراون، دەتوانێ داوای مافەکانی خۆی بکات لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان و لەکاتی کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی لەسەر ئەم ڕێڕەوە ئاوییە لەگەڵ ئێران، سوودیان لێوەربگرێ. چونکە ڕێککەوتننامە گشتییەکان هەڵگری کۆمەڵێك ڕێسان، کە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرنگن و سەرپێچی کردنیان ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخاتە مەترسییەوە.

## لقی دووەم

## ڕێککەوتننامە تایبەتییەکانی ڕێکخستنی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان

ڕێککەوتننامە تایبەتییەکان یا گرێبەستیەکان بریتین لەو ڕێککەوتنانەی، کە لە نێوان دوو دەوڵەت یا چەند دەوڵەتێکی دیاریکراو دەبەسترێ دەربارەی ئەو کاروبارانەی، کە پەیوەندیی بەو دەوڵەتانەوە هەیەو گرنگیی پێدەدەن و

ئاسەوارەکانی ئەو دەوڵەتانە ناگرێتەوە، کە لایەن نین لەو ڕێککەوتننامەیەدا.[٤٤] ژمارەیەکی زۆر ڕێککەوتننامەی دووقۆڵی یا هەرێمی یا تایبەت هەن، کە بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن و ژمارەیان زیاتر لە (٣٠٠) ڕێککەوتنە. سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم ڕێککەوتنانە تەنها بۆ لایەنەکانی خۆی پابەندراوە یاخود هەندێ بابەتی سنووردار ڕێکدەخەن، بەڵام بەو حاڵەش بەشداریی دەکەن لە دروستکردنی ڕێساکانی نەریتی نێودەوڵەتی، کە دەکرێ لەسەر دەوڵەتانیتریش پیادە بکرێن.[٤٥] هۆکاری زۆر بوونی ژمارەی ئەم ڕێککەوتنانە، جیاوازیی پێگەی یاسایی دەوڵەتانی ڕێڕەوی ئاوییە، کە ئەویش بۆ جیاوازیی هەڵکەوتەی دەوڵەتان بەرامبەر بە ڕێڕەوەکان و جیاوازیی لە شێوازی بەکارهێنانی ئاوی ڕێڕەوەکان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر دەگەڕێتەوە.[٤٦] لێرەدا بەپێی زنجیرەی مێژوویی وەك نموونە، ئاماژە بە ژمارەیەك لەو ڕێککەوتنانە دەکەین بەجۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ پەیماننامەی فونتینبلو(Fontainbleau) ، کە لە ٨/ ٢/ ١٧٨٥ لە نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا گرێدرا و بە یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێ، بۆ ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی هاوبەشی رووبارە نێودەولەتییەکان.[٤٧]

دووەم/ ڕێککەوتننامەی نێوان فەرەنسا و ئیتالیا لە ١٧/١٢/١٩١٤ دەربارەی بەکارهێنانی ئاوی رووباری لارویا (La Roya) و لقەکانی، کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، هەردوولا پابەندبوون بەوەی وزەی ئاویی رووبارەکە بەجۆرێك بەکاربهێنن، کە کاریگەریی لەسەر ڕۆیشتنی ئاوی رووبارەکە نەبێ و

---

[٤٤] د.محمد عزيز شكري، المدخل الى القانون الدولي العام وقت السلم، الطبعة الثانية، دارالفكر، دمشق، ١٩٧٣، ص ٥٣. هەروەها د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية ولإحكامه العامة، المصدر السابق، ص ٨٩.

[٤٥] د. سعيد سالم جويلي، المصدر السابق، ص ١٦.

[٤٦] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٢٧.

[٤٧] عبدالقادر رزيق المخادمي، الأمن المائي العربي بين الحاجات و المتطلبات، ط ١، دارالفكر، دمشق، ١٩٩٩، ص ١١٢.

دەستدرێژیی نەکەنە سەر مافی هاوڵاتیانی یەکتر.[٤٨]

سێیەم/ ڕێککەوتننامەی نێوان بەرازیل و ئۆرۆگوای، کە لە ٢٠/١٢/١٩٣٣ لە مۆنتیڤیدیۆ واژۆکرا. بەندی (٢٠)ی ئەم ڕێککەوتنە باس لەوە دەکات، کە هەر دەوڵەتێك لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەیەك بۆ بەکارهێنانی ئاو، کە ببێتە هۆی گۆڕینی تێکڕای ڕەوتی ڕووبار، ئەوا پێویستە بەر لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە لە گەڵ دەوڵەتەکەیتر ڕێك بکەوێت.[٤٩]

چوارەم/ پەیماننامەی نێوان ڕووسیا و ئێران، لە ١١/ ٨/١٩٥٧ دەربارەی بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕووباری ئاراس و ئەترەك، کە تێیدا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ئاوی ئەم ڕووبارانە بە شێوەی یەکسان و هاوبەش بۆ مەبەستی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا. هەروا بەپێی بەندی (٣) بڕیاردرا بە پێکهێنانی کۆمیتەی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پرۆژە هاوبەشەکان.[٥٠]

پێنجەم/ ڕێککەوتننامەی نێوان میسر و سوودان لە ٨/١١/١٩٥٩ سەبارەت بەڕووباری نیل، کە بەپێی بەندی یەکەم، ڕێککەوتن لەسەر مافی وەدەستهاتوو بۆ میسرو سوودان لە سەر ڕووباری نیل. هەروا بەپێی بەندی چوارەم، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر هاوکاریی تەکنیکی و دانانی دەستەیەکی تەکنیکی هەمیشەیی بۆ ئەم مەبەستە.[٥١]

شەشەم/ پەیماننامەی تورکیاو بولگاریا لە ٢٦/١٠/١٩٧١، کە لە

---

[٤٨] د. عزالدين علي الخيرو، الفرات و القانون الدولي، ب ط، وزارة الاعلام العراقية، بغداد، ١٩٧٦، ص ٦١.

[٤٩] علي حسين صادق، المصدر السابق، ص ٤٣.

[٥٠] غلامحسين نهازی، بحران آب در خاورمیانه، چاپ اول، مرکز پژوهشهای علمی و مطالعات استراتژيك خاورمیانه، تهران، ١٣٧٨ هـ.ش (١٩٩٩ ز)، ص ١٠٧. هەروەها محمدحسن نامی، المصدر السابق، صص ١٤٥-١٤٦.

[٥١] حبيب عائب، المياه في الشرق الأوسط: الجغرافيا السياسية للموارد والنزاعات، ب ط، الهيئة العامة المصرية للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٩، ص ١٢٧. هەروەها د. مغاوري شحاته دياب، المصدر السابق، صص٢٧٠- ٢٧٣.

ڕێکەوتی ٢٣/١٠/١٩٨٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەربارەی ئەو ڕووبارانەیە، کە بە ناوخاکی هەردوو وڵاتدا تێپەڕ دەبن. هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر هاوکاریی نێوانیان لە بواری دروستکردنی هەر کار و پرۆژەیەك، کە لەسەر ڕووبارەکان ئەنجام دەدرێن و بەڵێنیاندا بەوەی، کە زیانی بایەخدار بە یەکتر نەگەیەنن لە کاتی دروستکردن یا بەکارخستنی ئەو پرۆژانەی، کە ئەنجام دەدرێن.[٥٢]

پاش خستنەڕووی چەندین پەیمان و ڕێککەوتننامەی جۆراوجۆر لە قۆناغە جیاوازەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان وەك نموونە، بۆمان دەرکەوت، کە ئەم ڕێککەوتنانە بوونەتە هۆی چەسپاندنی کۆمەڵێك پرەنسیپ و ڕێسای یاسایی نوێ تایبەت بە ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

١) دەوڵەتانی سەرچاوەی ڕووبار دانیان نا بە مافی دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی.

٢) داننان بەمافی وەدەستهاتوو لەڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەوڵەتانی ڕێڕەو.

٣) پێداگرتن لەسەر پرەنسیپی زیان نەگەیاندن بە دەوڵەتانی دیکەی ڕێڕەوی ئاویی و قەرەبووکردنەوەی لایەنی زیانلێکەوتوو، لەکاتی ئەنجامدانی هەر پرۆژە و دامەزراوەیەك لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٤) وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەخت، لە کاتی ئەنجامدانی هەرجۆرە پرۆژەیەك لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکان و قەدەغە کردنی هەرجۆرە گۆڕین و دەستکاریی کردنێکی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

٥) گرنگیدان بە بنەما چەسپاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، وەك بنەماکانی دراوسێتی باش و نیازپاکی.

٦) گرنگیدان بەراوێژ، هاوکاریی و دروستکردنی کۆمیتەی هاوبەشی تەکنیکی و کارگێڕیی، هەوڵی بەکۆمەڵ و پلانی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ڕێڕەوە ئاوییەکان.

دەوڵەتی عێراق دەتوانێ بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی مافەکانی لە ڕێڕەوی

---

[٥٢] عبدالمنعم هادي علي، دراسة جغرافية قانونية لحقوق العراق المائية المكتسبة في نهري دجلة والفرات، مجلة أوروك، جامعة المثنى، السماوة، المجلد الثالث، العدد الأول، شباط ٢٠١٠، ص ١٩٥.

ئاویی سیروان، سوود لەو بنەمایانە وەربگرێ، کە لەو ڕێککەوتنانەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێکراوە و وەك پێشینەیەك لە کاتی کەڵك وەرگرتن لە هەر ئامرازێکی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان پشتیان پێ ببەستێ.

## مەبەستی دووەم
## ڕێککەوتننامە تایبەتییە دووقۆڵییەکان و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

لەم مەبەستەدا، هەوڵدەدەین ئەو ڕێککەوتنانە بخەینە بەرباس، کە لە نێوان عێراق و ئێراندا هەبووە، هەر لە سەردەمی دەولەتی عوسمانییەوە بگرە، هەتا دەگاتە دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراق و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین. هەربۆیە، ئەم مەبەستە بە سەر دوو لقدا دابەش دەکەین. لقی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردن لە ڕێککەوتننامەکانی نێوان فارس و عوسمانی و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین، لە لقی دووەم تیشك دەخەینە سەر ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران و لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان پیادەیان دەکەین.

### لقی یەکەم
### ڕێککەوتننامەکانی نێوان فارس و عوسمانی و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

بۆ ئاگاداربوون لە بنچ و بناوانی کێشەکانی عێراق وئێران لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانین وەك دەروازەیەك، تیشك بخەینە سەر بەشێك لە مێژووی پەیوەندییە سنوورییەکانی نێوان فارس و عوسمانی و ئەو ڕێککەوتننامە سنوورییانەی، کە لەم بوارەدا گرێدراون. چونکە ئێستا عێراق بووەتە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بەو ڕێککەوتننامە سنوورییانەی، کە لەو سەردەمەدا گرێدراون.

بنچینەی ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان هەردوولا بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە عێراق بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و بۆ ماوەی سێسەد ساڵ شەڕ و ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتانی فارس و عوسمانیدا بەردەوام بووە، ئەمەش زۆرجار

بووەتە هۆی دەستاوەدەستکردنی سنوورەکان و گرێدانی چەندین رێککەوتننامە لەم بوارەدا.(٥٣) کێشەی رووبارە سنوورییەکانیش لەو سەردەمە لە چوارچێوەی کێشەیەکی گشتگیرتر باسکراوە، کە ئەویش کێشەکانی سنوورە.(٥٤) لە ساڵی ١٥٥٥، کە پەیماننامەی (ئاماسیە) لە نێوان فارس و عوسمانیدا واژۆ کرا هەتا ساڵی ١٩٧٥، کە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە نێوان عێراق و ئێراندا واژۆ کرا، بە درێژایی ئەم (٤٠٠) ساڵە، (٢٠) پەیمان و رێککەوتننامە لە نێوان هەردوولادا واژۆ کراوە.(٥٥) بەڵام تەنها ژمارەیەك لەو رێککەوتنانە کاریگەرییان لە سەر دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان هەردوولا هەبووە و بوونەتە بنەما بۆ رێککەوتنەکانی دواتری نێوان عێراق و ئێران. هەر بۆیە، لەم لقەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو پەیماننامە و پرۆتۆکولانە لە شەش تەوەردا بەجۆرەی خوارەوە: یەکەم/ پەیماننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩، دووەم/ پەیماننامەی ئەرزرۆمی یەکەم لە ساڵی ١٨٢٣، سێیەم/ پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧، چوارەم/ پرۆتۆکۆلی تاران لە ساڵی ١٩١١، پێنجەم/ پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣ و شەشەم/ کارەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤.

---

(٥٣) د. آزرمیدخت مشایخ فریدنی، مسائل مرزی ایران و عراق و تأثیر آن در مناسبات دو کشور، چ ١، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٦٩ هـ. ش (١٩٩٠٩ ز)، ص ١٩. هەروەها د.خليل ابراهيم السامرائي، سياسة ايران الخارجية تجاه مشكلة الحدود مع العراق، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، بغداد، السنة الثالثة، العدد الثامن، آب ١٩٩٠، ص ٧٤.

(٥٤) خالص حسني الاشعب، مشكلة مياه مندلي: دراسة لآثارها الاقتصادية وتطورها السياسي، مجلة الجمعية العراقية الجغرافية، الجمعية العراقية الجغرافية، المجلد الخامس، بغداد، حزيران ١٩٦٩، ص ٢٥٧.

(٥٥) اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، چ ٣، مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه ایران، تهران، ١٣٧٦ هـ.ش (١٩٩٧ ز)، ص ٨. هەروەها د.حسین اردستانی، جنگ ایران و عراق: رویارویی استراتژیها، چ ٢، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس (مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ)، تهران، ١٣٨٨ هـ.ش (٢٠٠٩ ز)، ص ٤٦.

## یەکەم/ پەیماننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩: [٥٦]

ئەم پەیمانە لە ١٧/ ٥/ ١٦٣٩ لە نێوان فارس و عوسمانی بەسترا و لەسەر بنەمای ناوچە سنوورییەکان کاری پێ کرا، نەك لەسەر بنەمای هێڵی سنوور و ئەم سنوورەی ئێستای عێراق و ئێرانی دیاریکرد و عێراق بە یەکجاری کەوتە بەر دەوڵەتی عوسمانی.[٥٧] پەیمانی زەهاو، هەموو ئەو مەرجە رواڵەتی و بابەتیانەی تێدایە، کە لە پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە و لە لایەن هەردوو وڵاتەوە پەسندکراوە و هەردوولا پێوەی پابەند بوون.[٥٨] خاڵی جیاکەرەوەی ئەم پەیماننامەیە لە گەڵ پەیمانەکانی پێش خۆی ئەوەیە، کە جگە لەوەی پەیمانێکی ئاشتییە، لە هەمان کاتدا بووە بەردی بناغە بۆ پەیمانەکانی دواتر لە نێوان هەردوو وڵاتدا.[٥٩]

بەپێی ئەم پەیمانە، سنووری جەسان، بەدرە، مەندەلجین (مەندەلی)، دەرنە و دەرتەنگ، کە سەر بە ویلایەتی بەغداد بوون هەتا ئەو ناوچەیەی، کە بە سەرمیل بەناوبانگە و زەویوزارەکانی نێوان ئەو ناوچانە و هەروا خێڵەکانی زیائەدینی و هاروونی لە هۆزی جاف، درانە دەوڵەتی عوسمانی، جگە لەمەش، هەموو گوندەکانی رۆژئاوای قەڵای زەنجیر و قەڵای زەڵم لە گەڵ هەموو چیاکانی دەوروبەری هەتا دەگاتە شارەزوور و قەڵای قزڵجە (پێنجوێن) کەوتنەبەر دەوڵەتی عوسمانی. بەپێی ئەم پەیمانە فارس بەڵێنیدا، کە پشتگیریی لە بزاڤە یاخیبوونەکانی ئەو ناوچانە نەکات.[٦٠] هەروا ئەو قەڵایانەی لای دووەم، لە

---

[٥٦] ئەم پەیمانە لە سەرچاوەکاندا بە پەیمانی (زەهاب یا قەسری شیرین) یش ناوبراوە.

[٥٧] د.جابر ابراهیم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، ب ط، مطبعة دارالسلام، بغداد، ١٩٧٥، ص ٢٠٦. هەروەها د.اصغر جعفری ولدانی، کانونهای بحران در خلیج فارس، چ ٢، سازمان انتشارات کیهان، تهران، ١٣٧٧ ه.ش (١٩٩٨ ز)، ص ١٦٣. هەروەها د.محسن عبدالصاحب المظفر، الحدود في شط العرب دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة الاستاذ، كلية التربية، جامعة بغداد، بغداد، عدد خاص، ١٩٨٢، ص ٤١.

[٥٨] د.جابر ابراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية-الايرانية لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي، وزارة الثقافة، بغداد، ١٩٨٠، ص ١٢.

[٥٩] ئەحمەد حەمەدەمین و دڵشاد مەحموود، کاریگەریی پەیماننامەی زەهاو لەسەر کوردستان، چ ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل ٤٠.

[٦٠] د. ياسين عبدالكريم، اتفاقيات الحدود الشرقية الى نهاية القرن التاسع عشر: الحدود الشرقية للوطن العربي دراسة تاريخية، ب ط، جمعية المؤرخين والآثاريين في العراق، بغداد، ١٩٨١، ص ١٩٧.

مەندەلییەوە هەتا دەگاتە دەرتەنگ لە گەڵ ئەو گوند و قەڵا و دارستانانەی، کە دەکەونە لای ڕۆژهەڵاتی هەورامان و مەریوان، درانە دەوڵەتی فارس و دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنیدا ڕێز لە سەروەریی فارس بگرێ بەسەر ئەو ناوچانەدا. ئەوەی جێگای سەرنجە، شاندی گفتگۆکاری هەردوولا، دیاردە سروشتییەکانی وەك چیاکان و هۆکارە مرۆییەکانی، وەك هۆزەکانیان لە دیاریی کردنی سنوورەکان لە بەرچاو گرتووە و بە هۆی دواکەوتوویی، هەردوو وڵات نەیانتوانیوە شێوازە نوێیەکانی دیاریکردنی سنوور بەکار بهێنن.[٦١]

## دووەم/ یەکەم پەیماننامەی ساڵی ١٨٢٣ی ئەرزڕۆم:

بە هۆی بەردەوامیی ململانێی نێوان هەردوو وڵات و خەریکبوونی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی یۆنان و باڵکانەوە، دەوڵەتی فارس ئەمەی بە هەلزانی و هێرشی کردە سەر دەوڵەتی عوسمانی و هەتا نزیك بەغدادیان داگیرکرد، ئەمەش وای لە داودپاشای فەرمانڕەوای بەغداد کرد، کە داوای ئاشتی بکات.[٦٢] لە ئەنجامدا، پەیماننامەی ئەرزڕۆمی یەکەم لە حوزەیرانی ساڵی **١٨٢٣** لە نێوان هەر دوو دەوڵەتدا گرێدرا، بەڵام ئەم پەیمانەش نەیتوانی کێشە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات چارەسەر بکات، کە گرنگی زۆریان هەبوو بۆ پەیوەندیی و دراوسێتی باش لە نێوانیاندا.[٦٣] ئەم پەیمانە لە پێشەکی، مەرج و حەوت بەند یا بەش پێکهاتووە، کە تێیدا باس لە کێشە سنوورییەکان نەکراوە. خاڵی گرنگی ئەم پەیمانە ئەوە بوو، کە هەردوولا بەڵێنیاندا دەست نەخەنە ناو کاروباری

---

هەروەها د. عباس اسماعيل صباغ، تاريخ العلاقات العثمانية الايرانية، ط ٢، دارالنفائس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١١، ص ١٩٥.

[٦١] د. عبدالكريم العلوجي، ايران والعراق صراع حدود أم وجود، ط ١، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ٢٠٠٧، صص ١٧- ١٨. هەروەها ئەحمەد حەمەدەمین و دڵشاد مەحموود، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٩.

[٦٢] د. منوچهر پارسادوست، ما و عراق از كذشته دور تا امروز، چاپ اول، شركت سهامى انتشار، تهران، ١٣٨٥ هـ.ش (٢٠٠٦ ز)، ص ٥٢.

[٦٣] د.خالد يحيى العزي، مشكلة شط العرب في ظل المعاهدات والقانون، ب ط، دارالرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠، صص٢٠- ٢١.

**یەکترەوە، بە تایبەت فارس دەست وەرنەداتە کاروباری کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی.[٦٤] مەرجی پەیمانەکەش ئەوە بوو، ئەو شوێنانەی، کە لە ناو سنووری کۆنی عوسمانیدا بوون و لە کاتی جەنگ یا پێشتر کەوتبوونە دەست دەوڵەتی فارس، ئەوا دەبێ لە ماوەی شەست رۆژ لە مێژووی واژۆکردنی پەیمانەکە، بدرێنەوە بە دەوڵەتی عوسمانی. لە راستیدا، هێڵی سنوور لەوکاتەدا بە ئاراستەی بەغداد و ئازەربایجان بە درێژایی رووباری سیروان بوو، واتە تا ئەو شوێنەی، کە هێزەکانی ئێران دەستیان بەسەردا گرتبوو. هەربۆیە، پاش ئەم پەیمانەش ناوچەی زەهاوی رۆژئاوا هەر لە بندەستی ئێراندا مایەوە.[٦٥] لەراستیدا ئەم پەیمانە، زیاتر بۆ کۆتایی هێنان بە حاڵەتی شەڕ و ململانێی سەربازیی نێوان هەردوو وڵات بوو، هەربۆیە ئاوڕی لە کێشە سنوورییەکان نەداوەتەوە.[٦٦]**

### سێیەم/ دووەم پەیماننامەی ساڵی١٨٤٧ی ئەرزرۆم:

**بەهۆی بەردەوامیی ناکۆکییەکان لە نێوان دەوڵەتانی فارس و عوسمانی، دەوڵەتانی بریتانیا و رووسیا بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە و کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان، هەستان بە ناوبژیوانی لە نێوان هەردوو وڵات و لە ئەنجامدا پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەمی ساڵی ١٨٤٧ لێکەوتەوە.[٦٧] ئەم پەیمانە**

---

[٦٤] عبدالرحمن عبدالكريم عبدالستار العبيدي، العلاقات العراقية- الايرانية في ظل الاحتلال الامريكي للعراق ٢٠٠٣- ٢٠١١، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الأداب و العلوم جامعة الشرق الأوسط، عمان، ٢٠١١، ص ١٨. هەروەها محمد حسن نامی، پیشین، ص ١٥٤. هەروا د.فاضل حسين، مشكلة شط العرب، ب ط، معهد البحوث والدراسات العربية، بغداد، ١٩٧٥، صص ١١- ١٢.

[٦٥] د.آزرمیدخت مشایخ فریدنی، پیشین، ص ٣٦.

[٦٦] د.جميل موسى النجار، معاهدة ارضروم الثانية بين الدولة العثمانية و ايران دراسة لعلاقة الدولتين خلال حقبة تبلور المعاهدة ١٨٤٣-١٨٤٨، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، كركوك، السنة السادسة، المجلد (٦)، العدد (٢)، ٢٠١١، ص ٤. هەروەها د.بيداء محمود احمد، الحدود العراقية الإيرانية: دراسة تاريخية سياسية، مجلة مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، بغداد، العدد (٢٠-٢١)، ٢٠٠٦، ص ١٠٣.

[٦٧] د. منوچهر پارسادوست، پیشین، صص ٥٧- ٥٨. هەروەها د. جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، المصدر السابق، ص ٢٠٧.

له(٩) بەند و یاداشتێکی روونکردنەوە پێکهاتووە، کە لە لە لایەن بابعالییەوە پێشکەشکرا و بەرکاربوونی پەیمانەکەی بەستەوە بە پەسندکردنی ئەم یادداشتە لە لایەن فارسەوە. هەرچەندە نوێنەری فارس مافی هەموارکردنی رەشنووسی پەیمانەکەی نەبوو، بەڵام لە ژێر گوشاری نوینەرانی بریتانیا و رووسیا ناچارکرا واژۆی بکات. هەر ئەم یاداشتە، دواتر بووە چەکێك بە دەست دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆ رزگارکردن لە کۆتوبەندەکانی پەیمانەکە، هەروا بووە ئامرازیکیش بە دەست فارسەوە، بۆ خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی پەیمانەکەو وەرگرتنی ئیمتیازات.[٦٨]

ئەم پەیمانە، گرنگی بە کێشە سنوورییەکان داوە و بەپێی بەندی دووەم، فارس وازی لە بەشی رۆژئاوای هەردوو هەرێمی زەهاو و سلێمانی هێنا و بەڵێنیدا دەست تێوەردانی کاروباری کوردەکانی ئەم هەرێمانە نەکات، لە بەرامبەریشدا عوسمانی دانی نا بە دەسەڵاتی فارس بەسەر بەشی رۆژهەڵات و شاخاویی هەرێمی زەهاودا.[٦٩] ئەم پەیمانە، یەکەم پەیمانی سنووریی نێوان هەردوو وڵاتە، کە گرنگی بە کێشەی رووبارەکان داوە و باسی لە شەتولعەرەب کردووە. بەپێی بەندی دووەم، لە بەرامبەر وازهێنانی دەوڵەتی فارس لە سلێمانی، دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنیدا، کە دان بنێت بە دەسەڵاتی حکومەتی فارس بە سەر شاری موحەمەرە و بەندەر و لەنگەرگاکەی و دورگەی خزر (عەبادان) و ئەو زەویانەی، کە دەکەوێتە کەناری رۆژهەڵاتی شەتولعەرەب. هەروا دانی نا بە مافی کەشتیرانی فارس لە شەتولعەرەب سەرەرای ئەوەی، کە خاوەندارێتی بۆ دەوڵەتی

---

[٦٨] د. عبدالعزيز سليمان نوار، العلاقات العراقية الايرانية دراسة في دبلوماسية المؤتمرات: مؤتمر ارضروم ١٨٤٣-١٨٤٤، ب ط، دارالفكر العربي، ١٩٧٤، صص ١٤٤- ١٤٧.

[٦٩] مجيد خدوري، حرب الخليج: جذور و مضامين الصراع العراقي-الايراني، ترجمة: وليد خالد أحمد، ط ٢، مكتبة مصر و دارالمرتضى، بغداد، ٢٠٠٨، صص ٤٤- ٤٥. هەروەها د. عبدالله العلياوي، كوردستان في عهد الدولة العثمانية من سنة ١٨٥١ الى سنة ١٩١٤، ب ط، السليمانية، ٢٠٠٥، ص ٦٤.

عوسمانی دەگەڕایەوە.[٧٠] بەندی سێیەم، باس لە پێکهێنانی کۆمیتەیەك دەکات لە نوێنەرانی فارس و عوسمانی، بۆ هێڵکاریی سنوورەکان بەپێی سروشت. جگە لەمەش، بەپێی بەندەکانیتر، هەردوولا بەڵێنیاندا بە پاراستنی سنوورەکان و کونترۆڵ کردنی هاتوچۆی هۆزەکان و لێخۆشبوونی هەردوولا لەمافی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.[٧١] لە راستیدا، ئەم پەیمانەش تێروتەسەل نەبوو، چونکە بەشێك لە کێشەکانی نێوان هەردوو وڵات هەر بە چارەسەرنەکراوی مایەوە و بەندەکانی بە تەواویی جێبەجێ نەکران. هەروا ئەو کۆمیتەیەی، کە بڕیاری لەسەر درابوو پێك نەهات، جگە لەمەش، ڕەوایی بەخشی بە دەست تێوەردانی هێزە دەرەکییەکان.[٧٢]

ئەوەی لەم سێ پەیمانەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە، هەرچەندە هەوڵی هەردوولای تێدا بەدیدەکرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان، بەڵام ناشارەزایی نوێنەرانی هەردوو وڵات دەردەخات، لەشێوازی بەستنی پەیماننامەکان و شێوازەکانی نوێی دیاریکردنی سنوور، لەسەر بنەمای هێڵی سنوور و بەکارهێنانی نەخشەی نوێ جوگرافی بۆ ئەم مەبەستە. ئەم سێ پەیمانە، هەرچەندە کێشە سنوورییەکانیان بە تەواویی چارەسەر نەکرد، بەڵام بوونە هۆی

---

[٧٠] د. مصطفى عبدالقادر النجار، دراسات تاريخية لمعاهدات الحدود الشرقية للوطن العربي (١٨٤٧-١٩٨٠)، ط ١، اتحاد المؤرخين العرب، بغداد، ١٩٨١، ص ٢٨. هەروەها د. قاسم الدويكات، مشكلات الحدود السياسية في الوطن العربي (دراسة في الجغرافيا السياسية)، ط ١، جامعة مؤتة (الاردن)، اربد، ٢٠٠٣، ص ٩٧. د.نزار عبداللطيف الحديثي، العلاقات العربية ـ الفارسية: دراسة تاريخية، ط ١، دار واسط للدراسات والنشر والتوزيع، لندن ـ بغداد، ١٩٨٢، ص ٣٥. هەروەها على سعادبخش، پیشین، ص ٥٦.

[٧١] عبد خليل فضل، ستراتيجية الحدود العراقية- الإيرانية و تطوراتها السياسية، مجلة آداب المستنصرية، جامعة المستنصرية، بغداد، العدد ١٠، ١٩٨٤، ص ٥٧٣. هەروەها د.جابر ابراهيم الراوي، إالغاء الاتفاقية العراقية – الايرانية لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي، المصدر السابق، صص ٢٣- ٢٤.

[٧٢] جليل روشندل، لغو قرارداد ١٩٧٥ از طرف عراق: واقعيت و ادعاها در كتاب: ديدگاه اساتيد دانشگاههای ايران، چ ٢، نشر مرز و بوم، تهران، ١٣٩٠ هـ.ش (٢٠١١ز)، صص١٨٠- ١٨١. هەروەها علاء اللامي، المصدر السابق، ص ١٠٧.

کۆتایی هاتنی جەنگە بەردەوامەکانی رابردوو. هەروا بوونە بنەمایەك، بۆ گفتوگۆکانی داهاتووی هەردوولا لەسەر کێشە سنوورییەکان، دواتریش عێراق و ئێران، هەمان ئەو رێککەوتنانەیان کردە بنەما بۆ گفتوگۆ و رێککەوتنەکانی نێوانیان. جگە لەمەش، بە هۆی دواکەوتوویی ئابووریی و پیشەسازیی هەردوولا، رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش سیروان، لەو کاتەدا گرنگییەکی زۆری پێ نەدراوە و تەنها باس لە شەتولعەرەب کراوە لە بواری کەشتیرانی. ئەوەش زیاتر بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی بریتانیا بووە لەو بوارەدا، چونکە لەو کاتەدا، پەیمانێك لە نێوان بریتانیا و عوسمانی هەبووە بۆ بەکارهێنانی شەتولعەرەب.

### چوارەم/ پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١١ تاران:

لە ساڵی ١٩١١ دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا بە بێ ناوبژیوانی رووسیا و بریتانیا، کێشە سنوورییەکانی خۆی لە گەڵ فارس چارەسەر بکات، هەر بۆ ئەم مەبەستە، گفتوگۆی راستەوخۆ لە نێوان هەردوو وڵات دەستی پێکرد و سەرئەنجام، لە ٢١/١٢/١٩١١ پرۆتۆکۆلی تاران بە پێشەکییەکی کورت و پێنج بەند لە نێوان هەردوولادا واژۆ کرا.[٧٣] بەپێی بەندی یەکەم، نوێنەرانی هەردوولا بە زووترین کات لە ئەستانە کۆ دەبنەوە. بەپێی بەندی دووەم، فەرمانی پێویست دەدرێ بە نوێنەرانی هەردوولا، کە پاش ئامادەکردنی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان، دڵسۆزانە و بێ لایەنانە سنووری نێوان دوو وڵات دیاریی بکەن. بەگوێرەی بەندی سێیەم، ئەو کۆمیتەیە لەسەر بنەمای پەیماننامەی ئەرزرۆمی دووەم کار دەکات، کە ئەمەش دانپێدانانی فارسە بە پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم، وەك بنەمایەك بۆ دیارییکردنی سنووری هەردوو وڵات.[٧٤] هەروا بەپێی بەندی

---

[٧٣] مسعود کوهستانی نژاد، چالشها و تعاملات ایران و عراق در نیمه نخست سده بیستم، چاپ اول، مرکز اسناد وخدمات پژوهشی وزارت امور خارجه ایران، تهران، ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٢٦. اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، ص ٨٥.

[٧٤] د. مصطفی عبدالقادر النجار، المصدر السابق، ص ٥١. هەروەها د.جابر ابراهیم الراوي، الحدود الدولیة و مشکلة الحدود العراقیة الایرانیة دراسة قانونیة وثائقیة، المصدر السابق، ص ٢٤٤. هەروەها محمد جواد علی المبارك، المصدر السابق، ص ٨٧.

چوارەم، هەردوولا بۆ یەکەمجار ڕەزامەندییان دەربڕی لە کاتی ڕوودانی هەر ناکۆکییەك لەسەر ڕاڤەکردن یا پیادەکردنی پەیماننامەی ئەرزڕۆم، ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوا کێشەکە ڕەوانەی دادگای ناوبژیکاریی لاهای بکرێ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کۆتایی یەکلایی بکرێتەوە.[٧٥] بەپێی بەندی پێنجەم، هەردوو دەوڵەت ڕێککەوتن لەسەر پاراستنی دۆخی جێگیربوو و داگیرکردنی سەربازیی زەوییە جێ ناکۆکەکان نابێتە بەڵگە بۆ داواکردنی موڵکیەتی ئەو زەوییانە.[٧٦]

ئەو کۆمیتەیەی، کە لەم پرتۆکۆڵەدا پێش بینی کرابوو لەسەر بنەمای پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەم، هەژدە دانیشتنی ئەنجامدا و سێ لەسەر چواری سنوورەکانی فارس و عوسمانی دیارییکرد، بەڵام بە هۆی ناکۆکی نوێنەرانی هەردوو دەوڵەت لەسەر یادداشتی ڕوونکردنەوەی پەیمانی ئەرزڕۆمی دووەم، کۆمیتەکە نەیتوانی ئەرکەکانی تەواو بکات.[٧٧] گرنگیی ئەم پرۆتۆکۆلە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمجار نوێنەرانی فارس و عوسمانی بە بێ ناوبژیوانی بریتانیا و ڕووسیا ڕێککەوتن، هەروا بووە بنەما بۆ پروتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣ و کۆنووسەکانی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤، کە ئەمانیش بە نۆرەی خۆیان بوونە بەردی بناغەی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی لەساڵی ١٩٧٥.[٧٨]

## پێنجەم/ پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١٣ی ئەستانە:

---

[٧٥] علی آقاجانی قناد، اخراج ایرانیان از عراق، چ ١، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران، ١٣٨٤ ه.ش (٢٠٠٥ ز)، ص ٣٩.

[٧٦] د. مصطفى عبدالقادر النجار، المصدر السابق، ص ٥٢.

[٧٧] د.پیروز مجتهدزاده، سیاستهای مرزی و مرزهای بین المللی ایران، ترجمە: د.حمیدرضا ملك محمدی، چ ١، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، تهران، ١٣٨٩ ه.ش (٢٠١٠ ز)، ص ١٩٢. هەروەها د.جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، المصدر السابق، ص ٢٤٥.

[٧٨] اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، ص ٨٧.

پاش ئەوەی کۆمیتەی دەست نیشانکراو بەپێی پرۆتۆکۆلی تاران لە ساڵی ١٩١١، بە هۆی ناکۆکی بۆچوونی هەردوو دەوڵەت دەربارەی یادداشتی روونکردنەوەی پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم، نەیتوانی لەسەر کارەکانی بەردەوام بێت، دانوستانی چوار قۆڵی لە ١٧/ ١١/ ١٩١٣ لە ئەستانە لە نێوان نوێنەرانی عوسمانی، فارس، رووسیا و بریتانیا ئەنجامدرا، کە پرۆتۆکۆلی ئەستانەی لێکەوتەوە.[٧٩] ئەم پرۆتۆکۆلە لە پێشەکییەکی دووروودرێژ و هەشت بەند پێکهاتووە، کە تێیدا وردەکاریی سنووری وشکانی و ئاویی هەردوو وڵات بە تێروتەسەلی دیاریکراوە.[٨٠] سەرەڕای ئەوەی، ئەم پرۆتۆکۆلە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران و تورکیاوە پەسند نەکرا، بەڵام پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ژێر ماندێتی (انتداب) بریتانیا، ئەم پرۆتۆکۆلە بووە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عێراق، چونکە لە بەندی (٥) جەخت لەسەر نەگۆڕبوونی سنوورەکان دەکاتەوە.[٨١] ئەم پرۆتۆکۆلە لە پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم وردتر و روونترە، چونکە لەسەر بنەما نوێیەکانی دیاریکردنی سنوور بنیاتنراوە، کە لە پەیمانەکانی پێشوودا نەبووە. هەر بۆیە، دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ەوە هەتا ئەمڕۆ بۆ سەلماندنی ئەو مافە سنووریی و هەرێمیانەی، کە بۆی بە جێماون، پشت بە دەقەکانی پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم لە ساڵی ١٨٤٧ و پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣ و

---

[٧٩] د.جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، المصدر السابق، صص ٢٤٥- ٢٤٦.

[٨٠] د. فلاح شاكر أسود، الحدود الشرقيه للوطن العربى والأطماع الفارسيه، ب ط، المكتبة الثقافية لنقابة المعلمين، بغداد، ١٩٨٢، ص ١٧. محمد على ميرزائى، چالشهاى هيدروپوليتيك ايران و عراق با تأكيد بر اروندرود، مجله اطلاعات سياسى- اقتصادى، مؤسسه اطلاعات، تهران، شماره (٢٦٣-٢٦٤)، مرداد و شهريور ١٣٨٨ هـ.ش (٢٠٠٩ ز)، ص ٧٣. هەروا منوچهر پارسادوست، پيشين، ص ٧٨.

[٨١] سيد مسعود موسوى، نقش توسعه طلبى ارضى رژيم بعث در وقوع جنگ ايران و عراق: جنگ ايران و عراق ريشەها و علل وقوع، چ ٣، مركز اسناد و تحقيقات دفاع مقدس، تهران، ١٣٩٠ هـ.ش (٢٠١١ ز)، ص ١٣١. هەروەها على سعادبخش، پيشين، ص ٦٥.

کۆمیتەی هێڵکاریی سنوور لەساڵی ١٩١٤ دەبەستێ.[٨٢] بەپێی ئەم پرۆتۆکۆلە، حکومەتی عوسمانی ڕەزامەندیی دەربڕی، کە سنووری هەردوو وڵات لە شەتولعەرەب، بە درێژایی چوار مایل لەبەردەم موحەمەرە بەپێی هێڵی تالووگ دیاریی بکرێت.[٨٣]

لە بەندی یەکەمی ئەم پرۆتۆکۆلە، باس لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان کراوە لەو شوێنانەی، کە بەشێك لە سنووری نێوان هەردوو وڵات پێکدەهێنێ بەمجۆرەی خوارەوە: "... بەڵام ئەوەی کە تایبەتە بە پاشماوەی سنوور لە شوێنی رووباری سیروان، ئەوا کۆمیتەکە لەسەریەتی بە شێوەیەکی ریزپەڕ هەڵسێت بە دیارییکردنی سنوور و ئەو گۆڕانکارییانە ڕەچاو بکات، کە لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨- ١٩٠٥ لێرەدا ڕوویانداوە. و سنوور لە باشووری رووباری سیروانەوە دەست پێدەکات، لە نزیك ڕێژگەی چەمی زمکان هەتا لە شاخی بێزەل تێپەڕ دەبێ و دەڕژێتە ڕێڕەوی ئاوی چەمی زریسك. پاشان بەدرێژایی هێڵی دابەشکردنی ئاوەکە دەڕوات، لە نێوان ئەم رووبارە و ئەو رووبارەی، کە سەرچاوەکەی دەربەندی بەمۆیە... و پاشان سنوور بەرەو گردی بەمۆ دەڕوات و پاش گەیشتنی بە زنجیرەی دەربەند دەهۆڵ بە درێژایی ڕێڕەوی رووباری زەنگینە (هەواسان) ... دەڕوات... و لێرەوە هێڵی سنوور، بە درێژایی ڕێڕەوی رووباری قۆرەتوو تا گوندێك، کە هەر بەو ناوەوە ناسراوە دەڕوات... و لێرەوە هێڵی سنوور، بەدرێژایی رووباری ئەڵوەند لە

---

(٨٢) سيار الجميل، الخلافات الحدودية والاقليمية بين العرب والايرانيين ( الورقة العربية الثانية): العلاقات العربية- الايرانية الاتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل، ط ١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٦، ص ٤٦٣. ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، ص ١٧٩.

(٨٣) د. محمد عبدالمجيد حسون الزبيدي، الأمن المائي العراقي: دراسة عن سير المفاوضات قسمت المياه الدولية، ط ١، دارشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٨، ص ١٥٠. هەروەها د.اكرم نشأت ابراهيم، الحرب العراقية الايرانية في ضوء القانون الدولي، مجلة الحقوقي، جمعية الحقوقيين العراقيين، العددان الأول والثاني، السنة الثالثة عشرة، بغداد، ١٩٨١، ص ٢٧. د.محسن عبدالصاحب المظفر، الحدود في شط العرب: دراسة في الجغرافية السياسية، المصدر السابق، ص ٤٤.

گەڵ ڕێڕەوەکەیدا بەرەو خاڵێك دەڕوات بە مەودای چارەکە سەعاتێك لە باشووری بە یەك گەیشتنیدا لە گەڵ جۆگەڵەی گەیلان..."[٨٤]

دەربارەی دیاریکردنی سنووری رووبارە هاوبەشەکان لە نێوان دەوڵەتانی فارس و عوسمانی، پرۆتۆکۆڵەکە ئاماژەی بەوە کردووە، کە سنوور بە ئاراستەی ڕێڕەوی رووبارەکە دەڕوات. ئەگەر بۆ کۆنووسەکانی کۆمیتەی هێڵکاریی سنوور بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێ لە هەموو ئەو رووبارە سنوورییانەی، کە شیاوی کەشتیڕانی نین، هێڵی ناوەڕاستی ڕێڕەوی رووبار(خط وسط مجری النهر) وەك سنوور دیاریکراوە، کە ئەم سیستەمەش لە شێوازی کاری نێودەوڵەتی پەیڕەو کراوە و ئەمەش، مافی یەکسان بەو دەوڵەتانە دەبەخشێ لە بەکارهێنان و کەڵك وەرگرتن لەو رووبارانە.[٨٥] هەروا بەندی پێنجەمی ئەم پرۆتۆکۆڵە، ئاماژە بەوە دەکات ئەو سنوورەی، کە لە لایەن کۆمیتەی دیاریکردنی سنوورەوە دەست نیشان دەکرێ، ئەوا بە سنووری کۆتایی دادەنرێ و شیاوی هیچ جۆرە وردبینی و هەمووارکردنێك نیە.[٨٦]

## شەشەم/ کارەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی ١٩١٤:

بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندی دووەم لە پرۆتۆکۆڵی ئەستانە، هەر چوار دەوڵەتی بریتانیا، فارس، رووسیا و عوسمانی لە ٨/١/١٩١٤ لە موحەمەرە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان گرێدا و دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی پرۆتۆکۆل بۆ دیارییکردنی سنوور. لە ئەنجامدا، هەڵسان بە دیاریکردنی سنوور لە باشوورەوە بۆ باکوور، دانانی داربەندەکان (دعامات)، تۆمارکردنی وەسف و ژمارەیان، داڕشتنی نەخشەکان و شرۆڤەکردنی سنووری هاوبەش بە شێوەیەکی

---

[٨٤] د. مصطفى عبدالقادر النجار، المصدر السابق، صص ٦٤-٦٥. هەروەها د. فلاح شاكر أسود، الحدود الشرقيه للوطن العربى والأطماع الفارسيه، المصدر السابق، ص٢٠. هەروەها اصغر جعفرى ولدانى، بررسى تاريخى اختلافات مرزى ايران و عراق، پيشين، ص ٦٥٥.

[٨٥] د.جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، المصدر السابق، صص ٢٥٥-٢٥٧. هەروەها د. محسن عبدالصاحب المظفر، الحدود في شط العرب: دراسة في الجغرافية السياسية، المصدر السابق، ص ٤١.

[٨٦] د. خالد العزي، شط العرب في مجرى التاريخ والسياسة والقانون، ب ط، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٣، ص ٢١.

تێروتەسەل.[٨٧] ئەم کۆمیتەیە، ٢٢٧ داربەندی سنووریی هەر لە موحەمەرەوە هەتا ئارارات دانا. ئەم نیشانە سنوورییانە بەپێی نەخشەی ساڵی ١٨٦٩ و ئەو نەخشە تەواوکارانەی دیکە دانران، کە دواتر ئامادەکران و پاشان جێی نەخشەی پێشوویان گرتەوە و لە ١٩١٤/١٠/٢٧ لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەوە واژۆ کران و بوونە بەشێك لە پرۆتۆکۆلی ئەستانە. کۆمیتە، کۆبوونەوەکانی خۆی لە (٨٧) کۆنووسدا تۆمار کردووە و لە دواکۆبوونەوە لە ١٩١٤/١٠/٢٨ بۆ دیاریکردنی سنووری هەردوو وڵات لە ناوچەی قوتور، کۆمیتە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.[٨٨]

ئەوەی جێی سەرنجە، بەپێی ئەم کۆنووسانە، سنووری عێراق لە رووباری شەتولعەرەب بە درێژایی هێڵی نزمە ئاوی رۆخی چەپی ئەم رووبارە دیاریکرا، جگە لە (٧٢٥٠ م) نەبێ لە بەرامبەر شاری موحەمەرە، کە هێڵی سنوور لە ناوەڕاستی رێڕەوی رووبارەکە دەست نیشانکرا.[٨٩] ئەم نەخشە و کۆنووسانە لەو بەڵگەنامە فەرمییە نێودەوڵەتیانەن، کە تێیدا هەردوو دەوڵەتی فارس و عوسمانی، لە ساڵی ١٩١٤ لەسەر بەشی هەرەزۆری سنووری نێوانیان رێککەوتن و ئێستاش بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان عێراق- ئێران پشتی پێ دەبەسترێ.[٩٠]

ئەوەی لەم دوو پرۆتۆکۆلە و کۆنووسەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور تێبینیمان کرد ئەوەیە، هەرچەندە، نەیانتوانی کێشەی سنوور و رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بە تەواویی و بەپێی پێویستیەکانی

---

(٨٧) د. محمد طارق الكاتب، شط العرب وشط البصرة والتاريخ، ط ١، البصرة، ١٩٧١، ص ١٥٩. بشير ياقمورلى، اسناد معاهدات دوجانبه ايران با ساير دول، جلد نهم، دفتر مطالعات سياسى و بين المللى وزارت امور خارجه ايران، تهران، ١٣٧٩ ه.ش (٢٠٠٠ ز)، ص بيست و دو.

(٨٨) اصغر جعفرى ولدانى، بررسى تاريخى اختلافات مرزى ايران و عراق، پيشين، صص ٩٨- ٩٩.

(٨٩) خورشيد شوكت رواندزي، الدوافع الخفية وراء مشكلة شط العرب، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٧١، ص ١٨. هەروەها د. مصطفى عبدالقادر النجار، المصدر السابق، ص ٨١.

(٩٠) د. فلاح شاكر أسود، الحدود الشرقيه للوطن العربي والأطماع الفارسيه، المصدر السابق، ص ٢٤. هەروەها د. جابر ابراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية – الايرانية لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي، المصدر السابق، ص ٣١.

سەردەم چارەسەر بکەن، بەڵام بەوحاڵەش بە سەرچاوەیەکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێن، بۆ هەر ڕێککەوتنێك لەم بوارەدا و پاشان بوونە بەردی بناغەی ئەو ڕێککەوتنانەی، کە لەمبارەیەوە گرێدراون. جگە لەمەش لە پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣ ئاماژە بە دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات کراوە لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان.

## لقی دووەم
## ڕێککەوتننامەکانی نێوان عێراق و ئێران و پیادەکردنیان لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان

پاش سەربەخۆیی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ کێشە و ململانێکانی عێراق و ئێران لەسەر گرفتە سنوورییەکان و ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان هەر بەردەوامبوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە هەردوو وڵات هەڵسن بە گرێدانی چەندین پەیماننامە و ڕێککەوتن لەم بوارەدا. لەم لقەدا ئەو ڕێککەوتنانە لە پێنج تەوەردا دەخەینەڕوو بەجۆرەی خوارەوە: یەکەم/ پەیماننامەی سنووریی لە ساڵی ١٩٣٧، دووەم/ڕاگەیەندراوی ئەلجەزایر لەساڵی ١٩٧٥، سێیەم/ پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە ساڵی ١٩٧٥، چوارەم/ ڕێککەوتنی عێراق و ئێران دەربارەی سوودوەرگرتن لەڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان لە ساڵی ١٩٧٥ و پێنجەم/ یادداشتی لێك گەیشتنی عێراق و ئێران لە ساڵی ٢٠١٢.

### یەکەم/ پەیماننامەی سنووریی ساڵی ١٩٣٧ ی نێوان عێراق و ئێران:

پاش جەنگی یەکەمی جیهان و سەربەخۆیی عێراق لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، عێراق بووە میراتگری ئەو پەیماننامانەی، کە ئەو دەوڵەتە لە سەر هەرێمی عێراق گرێیدابوون.[٩١] بەجۆرە بەشی هەرەزۆری

---

[٩١] وزارة الخارجية العراقية، النزاع العراقي الايراني في القانون الدولي الدفاع الشرعي في وجه العدوان، ب ط، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص ٥٠.

کێشە و گرفتە سنوورییەکانی نێوان فارس و عوسمانی، بۆ عێراق بە جێمان و تەنانەت کێشەی دیکەشی هاتەسەر، وەك هێرشی سەربازیی بۆ سەر خاك و هۆزە عێراقییەکان، پێشێلکردنی رێساکانی کەشتیرانی لە شەتولعەرەب، برینی ئاوی رووبارە سنوورییەکان لە خانەقین و بەدرە و زورباتیە و...هتد. ئەم رەفتارانەش بوونە هۆی ئەوەی، کە حکومەتی عێراق پاش راوێژکردن لە گەڵ حکومەتی بریتانیا، لە رێکەوتی ٢٩/١١/ ١٩٣٤ و بە پشت بەستن بە بەندی (١١/ب ٢) لە بەڵێننامەی کۆمەڵەی گەلان، سکاڵایەك لەسەر رەفتارەکانی ئێران پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکات. کۆمەڵەش لە دانیشتنی خۆی لە ٢١/١/ ١٩٣٥ داوای لە هەردوولا کرد، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا بۆ گفتوگۆی راستەوخۆ ببەن.[٩٢] سەرئەنجام لە ٤/٧/ ١٩٣٧، پەیمانی سنووریی نێوان عێراق و ئێران واژۆ کرا، کە ئەمە بە یەکەم پەیماننامەی نێوان هەردوو دەوڵەت دادەنرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سنووری وشکانی و ئاویی هەردوو وڵات.[٩٣]

ئەم پەیمانە، لە پێشەکی و شەش بەند و پرۆتۆکۆلێکی پێنج خاڵی پەیوەست پێکهاتووە. بەپێی بەندی یەکەم، هەردوولا دانیان نا بە راستی و دروستی پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ١٩١٣ و راپۆرتی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور لە ١٩١٤، وەك بنەمایەك بۆ دیاریکردنی سنووری هەردوو وڵات. بەپێی بەندی دووەم، سنووری هەردوو وڵات بە درێژایی لای چەپی رووباری شەتولعەرەب دیاریکرا، جگە لە چوار میل (٦٤٣٦ م) نەبێ لەبەردەم عەبادان، کە سنوورەکە

---

[٩٢] د. جابر ابراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية ـ الايرانية لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي، المصدر السابق، صص ٥٩- ٦١. هەروەها د.دره مير حيدر، تحولات پنج دهه انديشه و جستار در جغرافياى سياسى، چ ١، انتشارات پاپلى، مشهد، ١٣٨٩ هـ. ش (٢٠١٠ ز)، ص١٠٠.

[٩٣] ابتسام حمود محمد، العلاقات العراقية- الايرانية ١٩٢٩-١٩٣٧، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، تكريت، المجلد (١٦)، العدد (٨)، آب ٢٠٠٩، ص ٢٥٩. هەروەها سعيد خديده علو، العلاقات العراقية الإيرانية واثرها في القضية الكوردية في العراق، ط ١، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٦، ص ١١١. هەروەها د.حسين اردستانى، پيشين، ص ٥٢.

بەپێی هێڵی تالوگ[٩٤] دەبێ. بەگوێرەی بەندی سێیەم، هەردوو وڵات ڕەزامەندییان دەربڕی بۆ دانانی کۆمیتەی هێڵکاریی سنوور بە مەبەستی دانانی نیشانە سنوورییەکان لەنێوان هەردوو وڵات.[٩٥] بەپێی بەندی چوارەم، شەتولعەرەب کراوە دەبێت بۆ کەشتییە بازرگانییەکانی هەموو وڵاتانی جیهان و کەشتییە جەنگییەکانی هەردوو وڵات و ئەو کەشتیانەی دیکە، کە بۆ بەرژەوەندیی حکومی نابازرگانی بەکاردێن. بەپێی بەندی پێنجەم، هەردوولا بەرژەوندیی هاوبەشیان هەیە لە کەشتیرانی لە شەتولعەرەب، هەربۆیە پێکهاتن لەسەر گرێدانی ڕێککەوتنێك بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کەشتیرانی لە شەتولعەرەب.[٩٦]

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم پەیمانە، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٩ زنجیرەیەك گفتوگۆ لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد. لە دوا دیدار لە شوباتی ١٩٦٩ عێراق پرۆژەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشکرد، شاندی ئێرانی بە پاساوی راوێژ لە گەڵ دەوڵەتەکەی گفتوگۆکانی وەستاند و لە ڕێکەوتی ١٩/٤/١٩٦٩، دەوڵەتی ئێران بە شێوەیەکی یەکلایەنە هەڵوەشاندنەوەی

---

[٩٤] تالوگ (Thalweg): وشەیەکی ئەڵمانییە ولە دوو بەش پێکهاتووە: (Thal) بە واتای شیو و دۆڵ و (Weg) بە واتای ڕێگا و سەرجەم ماناکەی دەبێتە ڕێگای دۆڵ و بریتییە لە قووڵترین یا خاڵی هەرەشیاوی رووبار بۆ کەشتیرانی لەو رووبارانەی کە شیاون بۆ کەشتیرانی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ: اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، صص ٣٨٧-٣٩٠.

[٩٥] د.حسين أمين، شط العرب و وضعه التاريخي، ب ط، وزارة الثقافة والاعلام ـ دائرة الاعلام الداخلي العامة، السلسلة الاعلامية ١١٨، بغداد، ١٩٨١، ص ١٣. د.نزار العنبكي، بعض المظاهر القانونية للنزاع العراقي الايراني في ضوء تطور العلاقات الدولية في المنطقة، مجلة العلوم القانونية والسياسية، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، المجلد الثاني، العدد الثالث، السنة ١٩٨١، ص ٤١.

[٩٦] د. جابر ابراهيم الراوي، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانية دراسة قانونية وثائقية، المصدر السابق، صص ٤٤٩- ٤٥٠.

پەیمانی ناوبراوی ڕاگەیاند.[٩٧] عێراق لەم بارەیەوە یادداشتێکی نارەزایی ئاراستەی باڵوێزخانەی ئێران کرد لە بەغداد، هەروا لە ١٣/ ٥/ ١٩٦٩ یاداشتێکی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، کە تێیدا بە شێوازێکی یاسایی بانگەشەکانی ئێرانی ڕەتکردۆتەوە.[٩٨] هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنەی ئەم پەیمانە لە لایەن ئێرانەوە، هەڵوەشاندنەوەیەکی زێدەڕۆیانە بوو (النقض التعسفي) و بە پێشێلکاریی ڕوونی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێ.[٩٩] هەڵوەشانەوەی پەیماننامە بە شێوەی تاکلایەنە، بە ڕاشکاوانە یا لاوەکی لە ئەحکامی پەیماننامەکەدا نەهاتووە و ئەمە تەنها کردارێکی نارەوایە، کە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی دەخاتە ئەستۆی ئەو دەوڵەتەی، کە بەم هەڵوەشانەوەیە هەڵساوە. ئەم ڕێسایەش پشت بە بنەمایەکی گشتی دەبەستێ کە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخی لەسەر بنیاتنراوە، ئەویش پیرۆزیی ڕێککەوتننامەکان و پابەندبوونە بە بەڵێنی نێوان دەوڵەتان و دەوڵەتانی لایەن لە پەیماننامە لەسەریانە، کە بە نیازپاکییەوە جێبەجێی بکەن.[١٠٠]

ئەوەی جێی سەرنجە بەپێی ئەم پەیمانە، عێراق وازی لە بەشێك لە شەتولعەرەب هێنا، کە دەکەوێتە بەرامبەر عەبادان، ئەمەش کۆتوبەندێکی نوێی سەپاند بەسەر سەروەریی عێراق لەو ڕووبارەدا، چونکە ئەو ڕووبارە هەتا

---

(٩٧) د. ياسين لطيف الكبيسي، مسؤولية ايران عن الغاء اتفاقيتي الحدود لعامي ١٩٣٧ و١٩٧٥ مع العراق، مجلة آداب الرافدين، كلية الآداب جامعة الموصل، العدد (٢١)، ١٩٩٠، صص ١٧٩- ١٨٠. هەروەها د. جابر ابراهيم الراوي، شط العرب في المنظور القانوني عبر التاريخ، ب ط، وزارة الثقافة والاعلام، السلسلة الاعلامية رقم ١٤٨، بغداد، ١٩٨١، صص ٨٧- ٨٨. هەروەها صلاح الدين عبدالقادر، اضواء على مشاكل عربية و دولية، ط ١، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٧٢، ص ٢٥.

(٩٨) حسين اكبرى، بحران حاكميت در عراق، چ ١، مؤسسه مطالعات انديشەسازان نور، تهران، ١٣٨٨ ه.ش (٢٠٠٩ ز)، ص ٨٢. هەروەها ڤيان موفق الشاكر، المصدر السابق، صص ٢٣٧- ٢٣٨.

(٩٩) عباس عبود عباس، أزمة شط العرب، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص٨٠.

(١٠٠) د. عبدالحسين القطيفي، بعض الجوانب القانونية لمحاولة ايران انهاء معاهدة الحدود المعقودة بينها و بين العراق سنة ١٩٣٧، مجلة العلوم القانونية، كلية الحقوق، جامعة بغداد، المجلد الاول، العدد الثاني، السنة ١٩٦٩، صص ٢١-٢٢.

ئەو کاتە رووبارێکی ناوخۆیی بوو و بە تەواوی لە ژێر سەروەریی عێراقدا بوو. شاندی گفتگۆکاری عێراقی لە بەرامبەر بەخشینی ئەو ماف و ئیمتیازاتانە بە ئێران، هیچ دەستکەوتێکی بۆ عێراق دەستەبەر نەکردووە، کە دەکرا لانیکەم لە بەرامبەر ئەوانەدا، مافەکانی عێراق لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی دیکە و لەوانەش سیروان بە روونی بچەسپێنێ.

**دووەم/ پەیمانی ساڵی ١٩٧٥ ی جەزایر:**[١٠١]

پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنەی پەیمانی سنووریی ساڵی ١٩٣٧ لە لایەن ئێرانەوە، پەیوەندییەکانی هەردوولا گرژیی زیاتری تێکەوت. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧١ پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات پچڕا، لە نیسانی ١٩٦٩ هەتا ئازاری ١٩٧٥ نزیکەی (٨٠) پێکادان لە سنوورەکانی هەردوولا روویاندا و ئێران بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر عێراق دەستی دایە یارمەتیدانی کوردەکانی ئەو وڵاتە.[١٠٢] لە ساڵی ١٩٧٤ ئێران هێزەکانی لەسەر سنوورەکان کۆکردەوە و چەند پێکادانێك روویاندا. عێراق لە ١٢/٢/١٩٧٤ سکاڵای بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش بەرز کردەوە [١٠٣] و داوای لە (UN) کرد، کە سەیری دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر ئاو و خاك و سەروەریی وڵاتەکەی بکات.

---

[١٠١] ئەو رێککەوتنەی کە لە ٦/٣/١٩٧٥ لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە ئەلجەزایر هاتەئاراوە لە راستیدا راگەیەندراوێك بووە، کە چوارچێوەیەکی گشتی دیاریی کردووە بۆ پەیماننامەیەکی هەمەلایەن، کە پاشان لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ١٩٧٥ و پرۆتۆکۆل و رێککەوتنە هاوپێچەکانی رەنگی دایەوە. زۆر جار، کە زاراوەی رێککەوتننامەی ئەلجەزایر بەکار دێت، لە راستیدا مەبەست کۆی راگەیەندراوی ئەلجەزایر و پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥ و پرۆتۆکۆل و رێککەوتنە هاوپێچەکانیەتی، کە ئێمەش لێرەدا لە هەر شوێنێك زاراوەی رێککەوتننامەی ئەلجەزایرمان بەکار هێنابێ بە هەمان مەبەست بەکارمان هێناوە.

[١٠٢] محمد علی خادمی جهرمی، اعتبار معاهده ١٩٧٥ بغداد، پایان نامه دکترای رشتة حقوق بین الملل دانشگاه شهید بهشتی، تهران، سال تحصیلی ١٣٧٧-١٣٧٨ هـ. ش (١٩٩٨-١٩٩٩ز)، ص ١٩. هەروا مازن عبدالمجید السامرائي، وثائق عن الصراع العراقي الفارسي، ب ط، مطبعة بغداد، بغداد، ١٩٨٧، ص ٧٦. هەروەها محمد برکات، مشکلات الحدود العربیة: أسبابها النفسیة و آثارها السلبیة، ط ١، اطلس للنشر والإنتاج الاعلامي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ٢١٠. هەروەها د.یاسین لطیف الکبیسي، المصدر السابق، ص ١٨٦.

[١٠٣] د. عبدالکریم العلوجي، المصدر السابق، ص ٩٢.

ئەنجومەنیش پاش ڕەوانە کردنی نوێنەری بۆ ناوچەکە، بڕیاری ژمارە (٣٤٨)ی لە ٢٨/٥/١٩٧٤ دەرکرد و داوای لە هەردوولا کرد، کە ڕێز لە ئاگربڕی ٧/٣/١٩٧٤ بگرن و بە بێ هیچ مەرجێك دەست بە گفتوگۆ بکەنەوە. دوابەدوای ئەمەش، گفتوگۆی نوێنەرانی هەردوولا لە ١٢-١٨/٨/١٩٧٤ لە ئەستەنبوڵ دەستی پێکرد، پاشان لە ١٦/١٠/١٩٧٤ وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران لە نیۆیۆرك کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا گفتوگۆکانیان دەست پێ بکەنەوە.[١٠٤]

هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەردەوامبوون، سەرئەنجام بە ناوبژیوانی هەواری بۆمیدیەن سەرۆك کۆماری ئەوسای ئەلجەزایر، لە پەراوێزی کۆنگرەی لووتکەی وڵاتانی ئەندامی ئوپێك لە ئەلجەزایر لە ڕێکەوتی ٦/ ٣/ ١٩٧٥، ڕێککەوتنێك لە نێوان محەممەدڕەزاشای پەهلەوی و سەدام حوسێن جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەوسای عێراق ئەنجامدرا.[١٠٥] ئەم ڕێککەوتنە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە:

١) دیاریکردنی سنوورە زەمینییەکان بەپێی پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩١٣ی ئەستانەو کۆنووسەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور لە ١٩١٤.

٢) دانانی سنوورە ئاوییەکان بەپێی هێڵی تالووگ.

٣) لەسەر ئەم بنەمایە هەردوولا بە درێژایی سنووری هاوبەش ئاسایش و متمانەی بەرامبەر دەگەڕێننەوە و ئەمەش بۆ دانانی سنوورێکە بۆ دزەپێکردنی تێکدەرانە.

---

[١٠٤] محمدرضا مولائی، بررسی روابط سیاسی ایران و عراق (از روی کارآمدن حزب بعث تا پیروزی انقلاب اسلامی ١٣٤٧-١٣٥٧ ه.ش، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه امام صادق، دانشکده معارف اسلامی و علوم سیاسی، تهران، ١٣٧٥ ه.ش (١٩٩٦ ز)، ص ص٨٢- ٨٣. هەروا علیرضا اسدی، مقایسه عملکرد شورای امنیت سازمان ملل متحد در برخوردهای مرزی ایران و عراق در عصر پهلوی دوم و جمهوری اسلامی، مجله تاریخ معاصر ایران، تهران، سال (١١)، شماره (٤٣)، پاییز ١٣٨٦ ه.ش (٢٠٠٧ ز)، صص ١٣٧-١٣٨.

[١٠٥] د. ابراهيم خليل احمد و د.جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر، ب ط، جامعة الموصل، كلية التربية، الموصل، ١٩٨٩، ص ٢٦٦. هەروەها د. خالد العزي، الأطماع الفارسية في المنطقة العربية، ب ط، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٨١، صص ٦٩- ٧٠.

٤) هەروا هەردوولا ڕێککەوتن، کە ئەم بڕیارانەی سەرەوە کۆمەڵە فاکتەرێکی جیانەکراوەن بۆ چارەسەرێکی گشتگیر، هەربۆیە هەر پێشێلکارییەك بۆ ئەو بنەمایانە لە گەڵ ڕۆحی ڕێککەوتنی ئەلجەزایردا ناگونجێ.[١٠٦]

ئەم ڕێککەوتنە، جۆرێك لە بەریەکخستنی ئامانجەکانی تێدایە بۆ هەردوولا، بەندەکانی (١ و ٣) مەبەستەکانی عێراق بەدیدەهێنن، چونکە ئێران وازی لە چەند کیلۆمەترێکی پشتێنەی سنووریی و پاڵپشتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هێنا. لە بەرامبەریشدا بەندی (٢) خواستی ئێران بەدیدەهێنێ لە شەتولعەرەب، پاش ئەوەی عێراق ڕەزامەندیی نیشاندا هێڵی سنوور لەو ڕووبارە، بەپێی هێڵی تالووگ بێت.[١٠٧] بێگومان ئەم دەست هەڵگرتنەی عێراق لە شەتولعەرەب، دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ ئێران چونکە حکومەتەکانی پێشووی عێراق ئامادە نەبوون دەستبەرداری بن. هەروا دەرکەوت یەکێك لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم ڕاگەیەندراوە، پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد بووە.[١٠٨]

## سێیەم/ پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لەنێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ١٩٧٥:

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوی ئەلجەزایر و گونجاندنی لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکدا، چەندین خولی گفتوگۆ لە ١٥/٣/١٩٧٥ هەتا

---

[١٠٦] علی بیگدلی، قرارداد ١٩٧٥ ایران و عراق، فصلنامه تاریخ روابط خارجی، مرکز اسناد و تاریخ دیپلماسی وزارت امور خارجه، تهران، شماره ١٩، تابستان ١٣٨٣هـ.ش (٢٠٠٤ ز)، صص١٥٠-١٥١. هەروەها د.فب مار، تاریخ نوین عراق، ترجمه: محمد عباسپور، چ ١، بنیاد پژوهشهای اسلامی آستان قدس رضوی، مشهد، ١٣٨٠ هـ.ش (٢٠٠١ ز)، ص٣٥٠. هەروەها د.ابراهیم خلیل احمد و د. جعفر عباس حمیدي، المصدر السابق، ص ٢٦٦. هەروەها عبدالرحمن عبدالكريم عبدالستار العبيدي، المصدر السابق، ص ٢٣.

[١٠٧] علاء عبدالخالق، اتفاقية الجزائر، متاح على الموقع الالكتروني التالي:
www.gilgamish.org/4thesamewriter.php?autid=3935/lastvisited:26/4/2012.

[١٠٨] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە بۆ: مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (بەرگی سێیەم، بەشی دووەم)، بێ ژمارەی چاپ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٦٧- ١٨٣.

٢٦/١٢/١٩٧٥ له نێوان بەرپرسانی پلەبەرز و شارەزایانی عێراق، ئێران و ئەلجەزایر ئەنجامدران، کە دواجار له ١٣/٦/ ١٩٧٥ پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش له نێوان عێراق و ئێران و سێ پرۆتۆکۆلی لێکەوتەوە، کە له بەغداد واژۆ کران و بریتین له: ١) پرۆتۆکۆلی دیاریکردنی سنووری ئاویی، ٢) پرۆتۆکۆلی سەرلەنوێ هێڵکاریی کردنەوەی سنووری زەمینی نێوان عێراق و ئێران و ٣) پرۆتۆکۆلی تایبەت بە ئاسایش له سنووری عێراق و ئێران.[١٠٩] هەروا له رێکەوتی ٢٦/١٢/١٩٧٥، پێنج رێککەوتننامەی دیکەی پەیوەست بەو پەیمانە لەنێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کران، کە بریتین له: ١) رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی رێساکانی کەشتیرانی له شەتولعەرەب، ٢) رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی لەوەرگا، ٣) رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی بەکارهێنانی رێرەوە ئاوییە سنوورییەکان، ٤) رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران دەربارەی کۆمیسەریی سنوور و ٥) رێککەوتنی رێکخستنی گەشتی هاووڵاتیانی عێراق و ئێران بۆ سەردانیکردنی شوێنە پیرۆزەکان و پەیوەستنامەی تایبەت بە بەندی (٦/ ب ٥) له پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش.[١١٠]

ئەم پەیمانە، هەتا ئێستا گرنگترین رێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتە، کە له پێشەکییەك و (٨) بەند پێکهاتووە. له بەندی یەکەم، ئاماژە بە سنووری زەمینی نێوان هەردوو وڵات دەکات، کە هەمان ئەو سنوورەیە، کە بەپێی بنەما و ئەحکامەکانی هاتوو له پرۆتۆکۆلی هێڵکاریی سنووری وشکانی هاوپێچ بەم

---

[١٠٩] د. هوشنگ طالع، قرارداد الجزاير و پی آمدهای آن، چ ١، انتشارات سمرقند، تهران، ١٣٨٩ ه.ش (٢٠١٠ ز)، ص ٧٢. هەروەها محمدعلی خادمی جهرمی، پیشین، صص ٢٥- ٢٩.

[١١٠] وزارة الخارجية العراقية، معاهدة الحدود الدولية و حسن الجوار بين العراق وايران لسنة ١٩٧٥، ب ط، دائرة الشؤون القانونية والمعاهدات، بغداد، ١٩٧٦، ص آ- ج. هەروەها محمد مهدی مرادی، مشکلات جاری حقوقی در روابط مرزی ایران و عراق، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه شهید بهشتی، دانشکده حقوق، تهران، ١٣٨٥ ه. ش ( ٢٠٠٦ ز)، ص ٢٣.

پەیمانە، سەرلەنوێ هێڵکاریی بۆ دەکرێتەوە.[١١١] لە بەندی دووەم، باس لە سنووری عێراق و ئێران دەکات لە شەتولعەرەب، کە بەپێی پرۆتۆکۆڵی دیاریکردنی سنووری ئاویی و هاوپێچەکانی و لەسەر بنەمای هێڵی تالوگ دەست نیشانکراوە. لە بەندی سێیەم، باس لە بەرپاکردنی ئاسایش لە سنوورەکان دەکات و هەردوولا بەڵێن دەدەن، کە چاودێریی ورد و کاریگەر و بەردەوامیان لەسەر سنوورەکان هەبێ و رێگا لە هەر جۆرە دزەکردنێکی تێکدەرانە بگرن.[١١٢] لە بەندی چوارەم، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە ئەحکامی هەرسێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانیان لە بەندەکانی(١ و٢ و٣)ی ئەم پەیمانە و هاوپێچەکانی، بەشێکی جیانەکراوەی ئەم پەیمانەن و ئەحکامێکی کۆتایی و هەمیشەیین و بە هیچ بیانوویەك شیاوی پێشێلکردن نین و رەگەزە جیانەکراوەکانی چارەسەرێکی گشتگیرن. هەربۆیە، هەر پێشێلکردنێك بۆ یەکێك لە پێکهاتەکانی ئەم چارەسەرە گشتگیرە، پێچەوانەی رۆحی رێککەوتنی ئەلجەزایرە. لە بەندی پێنجەم ئاماژە بەوە دەکات، کە سنوورە وشکانی و ئاوییەکانی هەردوو وڵات هەمیشەیی و کۆتایین و ناکرێ گۆڕانیان بەسەردابێت.[١١٣] لە بەندی شەشەم، باس لەوە دەکات، لە حاڵەتی ناکۆکی لە لێکدانەوە یا پیادەکردنی ئەم پەیمانە یا سێ پرۆتۆکۆلەکە یا رێککەوتننامە هاوپێچەکانی، ئەوا وێڕای رەچاوکردنی هێڵی سنووری عێراق- ئێران لە بەندەکانی(١)و(٢)ی ئەم پەیمانە، ئەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەم رێکارانە دەگیرێنەبەر:

١) لە رێگای دانوستانی دووقۆڵی راستەوخۆ (المفاوضات الثنائية المباشرة) لە ماوەی دوو مانگ لە کاتی رەوانەکردنی داوای یەکێك لە لایەنەکان.

٢) لە حاڵەتی رێك نەکەوتن، ئەوا هەردوولا لە ماوەی سێ مانگدا پەنا دەبەنە بەر داواکردنی هەوڵی چاکەخوازی(المساعي الحميدة) لە لایەن دەوڵەتێکی سێیەمی دۆستەوە.

---

[١١١] وزارة الخارجية العراقية، معاهدة الحدود الدولية و حسن الجوار بين العراق وايران لسنة ١٩٧٥، المصدر السابق، ص ٢. هەروەها د. منوچهر پارسادوست، پیشین، ص ١٧٠.

[١١٢] اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، ص ٤٨٥.

[١١٣] د. ياسين لطيف الكبيسي، المصدر السابق، ص ١٨٨.

٣) ئەگەر بێت و یەکێك لە لایەنەکان هەوڵی چاکەخوازیی ڕەت بکاتەوە یا ڕێکارەکانی شکست بهێنێت، ئەوا ناکۆکییەکان لە ڕێگای ناوبژیکاریی (تحکیم) یەکلایی دەکرێتەوە لە ماوەی یەك مانگ لە کاتی ڕەتکردنەوە یا شکستهێنان.

٤) ئەگەر هات و هەردوولا ڕێك نەکەوتن لەسەر ڕێکارەکانی ناوبژیکاریی، ئەوا هەر یەك لە لایەنەکان ١٥ ڕۆژ پاش ڕێك نەکەوتن پەنا دەبەنە بەر دادگایەکی ناوبژیکاریی. شێوازی دیاریکردنی ناوبژیوان لەم بەندەدا روونکراوەتەوە. هەروا هەردوولا پابەند دەبن بە بڕیارەکانی دادگای ناوبژیکاری و بە یەکسانی خەرجییەکانی ناوبژیکاریی دەگرنە ئەستۆ.[١١٤]

لە بەندی حەوتەم، ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە ئەم پەیماننامەیە و هەر سێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی بەپێی بەندی(١٠٢) لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار بکرێن، کە ئەمەش لە سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە بە ژمارەکانی(١٤٩٠٣) هەتا (١٤٩٠٧) لە ساڵی ١٩٧٦ تۆمار کراوە و شێوازێکی فەرمی بەخۆیەوە گرتووە.[١١٥] هەروا لە بەندی هەشتەم باس لەوە دەکات، کە پێویستە ئەم پەیماننامەیە و هەر سێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی بەپێی یاسای ناوخۆیی هەردوو وڵات پەسند بکرێن. ئەم پەیمانە، لە ڕێکەوتی ئاڵوگۆڕی دیکۆمینتەکانی پەسندکردن لە تاران، دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.[١١٦] ئەمەش بە یاسای ژمارە(٦٩) ساڵی ١٩٧٦ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە عێراق و لە ٢١/٢/٢٥٣٥ لە ئەنجومەنی شوورای نیشتمانی ئێران و لە ٢٩/٢/٢٥٣٥ بەرامبەر بە ساڵی ١٩٧٦ لە ئەنجومەنی سیناتی ئێران پەسندکراوە.[١١٧]

---

[١١٤] اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، ص ٤٨٥. هەروەها مجید خدوري، المصدر السابق، صص ٧٥- ٧٦.

[١١٥] اصغر جعفری ولدانی، بررسی تاریخی اختلافات مرزی ایران و عراق، پیشین، ص ٤٧٩.

[١١٦] د. یاسین لطیف الکبیسي، المصدر السابق، ص ١٨٨.

[١١٧] وزارة الخارجیة العراقیة، معاهدة الحدود الدولیة و حسن الجوار بین العراق وایران لسنة ١٩٧٥، المصدر السابق، ص د. هەروەها د. منوچهر پارسادوست، پیشین، ص ١٦٩.

**پاش رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، عێراق بە پشت بەستن بە پێشێلکردنی بەندی (٤) لە راگەیاندراوی ئەلجەزایر و بەندی (٤) لە پەیمانی ئاماژەپێکراو لە لایەن ئێرانەوە، تاکلایەنە رێککەوتننامەی ئەلجەزایری هەڵوەشاندەوە و لە رێکەوتی ١٧/٩/١٩٨٠، بە یاداشتی فەرمی ژمارە (١٤٠٢٤/٧/١/٥) هەڵسوورێنەری کاروباری باڵوێزخانەی ئێرانی لە بەغداد لەم مەبەستە ئاگادار کردەوە.[١١٨] هەر لەو ماوەیەدا، هەردوو وڵات یەکتریان بە هێرشی سەربازیی دژ بەیەکتر تۆمەتبار دەکرد و لە ئەنجامدا جەنگی هەردوو وڵات لە ٧/٩/١٩٨٠ دەستی پێکرد، کە هەشت ساڵ درێژەی کێشا.[١١٩] سەرئەنجام، هەردوولا لە ٨/٨/ ١٩٨٨ بە پەسند کردنی بڕیاری (٥٩٨)، کە لە ٢٠/٧/١٩٨٧ لە ئەنجومەنی ئاسایشی (UN) دەرچووە، ئاگربڕیان راگەیاند و کۆتاییان بە جەنگ هێنا ودەستیان بە گفتوگۆ کرد، بەڵام گۆڕانکارییەکانی پاشتر لە ناوچەکە، دەرفەتی ئەوەی بە هەردوو وڵات نەدا تا لەسەر بنەمای بڕیاری (٥٩٨) و پەیماننامەی ١٩٧٥، پەیمانی ئاشتی گرێ بدەن.[١٢٠]**

**پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بە سەر جەنگی عێراق ـ ئێران لە ٢٦/١٠/١٩٨٢ عێراق بە فەرمی رایگەیاند، کە دارشتنی هێڵە سنوورییەکان**

---

[١١٨] د. سید کاظم سجادپور و رضا امیری مقدم، نقش سازوکارهای حقوقی در حل وفصل منازعات ژئوپولیتیکی مطالعه موردی: عهدنامه مرزی و حسن همجواری ١٩٧٥ الجزائر، فصلنامه ژئوپولیتیك، انجمن ژئوپولیتیك ایران، تهران، سال پنجم، شماره دوم، پاییز ١٣٨٨ هـ.ش (٢٠٠٩ ز)، ص ٢١. هەروەها وزارة الخارجية العراقية، النزاع العراقي الايراني في القانون الدولي، المصدر السابق، صص ٢٢-٢٣.

[١١٩] د. محمد كامل محمد الربيعي، مستقبل العلاقات العراقية- الايرانية، المجلة السياسية والدولية، جامعة المستنصرية، كلية العلوم السياسية، بغداد، العدد(١٠)، ٢٠٠٨، ص ٦٢. هەروەها د.منوچهر پارسادوست، پیشین، ص ٥٠٥.

[١٢٠] فلاح خلف محمد، إتفاقية الجزائر ١٩٧٥ مقدماتها و نتائجها: دراسة تاريخية، رسالة الماجستير مقدمة الى المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية (غيرمنشور)، الجامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٦، صص ١٣٥- ١٣٦. هەروەها د. اردشیر سنائی، روندهای سیاسی جدید و آینده روابط ایران و عراق، مجموعه مقالات شانزدهمین همایش بین المللی خلیج فارس، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی وزارت امور خارجه ایران، تهران، ١٣٨٥ هـ.ش (٢٠٠٦ ز)، ص ٣٤٥.

بەپێی ڕاگەیاندراوی ئەلجەزایر و پەیماننامەی سنووریی ساڵی ١٩٧٥ قبووڵ دەکات.(١٢١) هەروا پاش ڕاگەیاندنی ئاگربڕ لەنێوان هەردوو وڵات، سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری ئەوسای عێراق، لە بڕگەی (١)ی نامەیەکیدا لە ڕێکەوتی ١٤/٨/١٩٩٠، لەوەڵامی نامەیەکی هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆك کۆماری ئەوسای ئێران، کە لە ڕێکەوتی ٨/٨/١٩٩٠ بۆی ناردبوو، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی، کە ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ وەك بنەما وەربگیرێت، کە ئەمەش بە پابەندبوونی سەرلەنوێی عێراق بەو ڕێککەوتننامەیە دادەنرێ.(١٢٢) هەروا لە ڕێکەوتی ٢٠/٢/١٩٩١ تیمی چاودێریی سەربازیی (UN) لە نێوان عێراق و ئێران لە ڕاپۆرتێکیان بۆ سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە، باس لە کشانەوەی هێزەکانی عێراق دەکەن بۆ سنووری نێودەوڵەتی، بەو جۆرەی لە پەیماننامەی ١٩٧٥ دیاریکرابوو.(١٢٣)

دوابەدوای ئەمەش مشتومڕ لەسەر پابەندیی عێراق بەو ڕێککەوتنە بەردەوامبوو. لەڕۆژی ٢٤/١٢/٢٠٠٧ سەرۆك کۆماری عێراق (جەلال تاڵەبانی)، لە ئاخاوتنێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (الحیاة) ڕایگەیاند، کە لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر لە نێوان عێراق و ئێران هەڵوەشاوەتەوە، هەروا وتی لەسەردانی ئەم دواییەدا بۆ تاران ڕەتی کردۆتەوە، کە دان بەم

---

(١٢١) د. جمشید ممتاز، ایران و حقوق بین الملل، ترجمه: امیر حسین رنجبریان، چ ١، نشر دادگستر، تهران، ١٣٧٦ ه.ش (١٩٩٧ ز)، صص ١٦٩ و ١٧٨.

(١٢٢) وزارت امور خارجه ایران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، متن نامەهای مبادله شده بین رؤسای جمهوری اسلامی ایران و جمهوری عراق، چ ٤، مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران، ١٣٧٣ه.ش (١٩٩٤ ز)، ص ١٤٤. هەروەها د.اصغر جعفری ولدانی، روابط خارجی ایران (بعد از انقلاب اسلامی)، چ ١، انتشارات آوای نور، تهران، ١٣٨٢ ه.ش (٢٠٠٣ ز)، صص ١٠٤-١٠٥. هەروەها علی اصغر کاظمی، صلح فریبکارانه، مکاتبات ایران و عراق: دیدگاه اساتید دانشگاههای ایران، چ ٢، نشر مرزوبوم، تهران،١٣٩٠ ه.ش (٢٠١١ ز)، ص ٢١٢.

(١٢٣) د. جمشید ممتاز، تعقیب (٣): العلاقات العربیة- الایرانیة: الاتجاهات الراهنة وآفاق المستقبل، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ١٩٩٦، ص ٥١٦. هەروەها د.جمشید ممتاز، اجرای قطعنامه ٥٩٨: دیدگاه اساتید دانشگاههای ایران، چ ٢، نشر مرزوبوم، تهران،١٣٩٠ ه.ش (٢٠١١ ز)، ص ٢٣٠.

ڕێککەوتننامەیەدا بنێ، چونکە ئەم ڕێککەوتنە لە نێوان (سەدام حوسێن) و (محەممەدڕەزاشا)دا واژۆکراوە، نەك لە نێوان گەلانی عێراق و ئێران.[١٢٤] ئێوارەی ڕۆژی ٢٥/١٢/٢٠٠٧ وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، (محەممەدعەلی حوسێنی)، قسەکانی سەرۆك (تاڵەبانی) ڕەتکردەوە و وتی هەر بۆچوونێك دەربارەی هەڵوەشانەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە. ناوبراو هەروا وتی، هەڵوێستی ئێران ئەوەیە، کە ئەم ڕێککەوتنە وەك بەردی بناغەی دانانی پەیوەندیی دۆستانە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە و ئاسۆکانی پەرەپێدان و گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دەکرێ لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنە دابڕێژرێت.[١٢٥] دوابەدوای ئەمەش، سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە ڕێکەوتی ٢٧/١٢/٢٠٠٧ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر لێدوانەکانی سەرۆك (تاڵەبانی) بڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە، مەبەستی سەرۆك(تاڵەبانی) ئەوە نیە، کە ئەم ڕێککەوتنە هەڵوەشاوەتەوە، بەڵکوو ئەم ڕێککەوتنە هەتا ئێستا بەرکارە و هیچ لایەك ناتوانێ یەکلایەنە هەڵی بوەشێنێتەوە. تێبینی لەسەر هەندێك لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە هەیە، بەڵام ئەمە بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتنی هاوبەش لە نێوان ئێران و عێراق دەهێڵدرێتەوە.[١٢٦]

وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لە نووسراویاندا بە ژمارە (٧/٨/٨/٥٦٢١٣) لە ٨/٦/ ٢٠٠٩ بە پشت بەستن بە نووسراوی سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی

---

[١٢٤] د. مراد کاویانی راد و چمران بویه، جایگاه مفهوم فضاي حیاتی در شکل گیری سیاست خارجی عراق، فصلنامه ژئوپولیتیك، انجمن ژئوپولیتیك ایران، تهران، سال هشتم، شماره اول، بهار ١٣٩١هـ.ش (٢٠١٢ ز)، ص ١٢٧. هەروا د.علی امیدی، پیشین، ص ٥.

[١٢٥] ایران توجه صفعة لحليفها طالباني : لايمكن الغاء اتفاقية الجزائر، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

www.iraqipa.net/12_2007/26_31/News/a6_27des07.htm/lastvisited:11/12/2012.

[١٢٦] الرئاسة العراقية: اتفاقية الجزائر بين العراق وإيران ما زالت قائمة، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

www.ankawa.com/forum/index.php?topic=155390.0;wap2/lastvisited:11/12/2012.

وەزیرانی عێراق ژمارە (ق/٢/٤/١١/٤٢/١٣٠٠) لە ١١/٦/٢٠٠٨، داوای لە وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق کردووە هیچ هەڵوێستێك دەرنەبڕن، کە نیشانەی دانپێدانان بێت بە بەرکاربوونی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر.[١٢٧] هەروا (وشیار زیباری) وەزیری دەرەوەی عێراق لە ڕۆژی ٢٣/١٢/٢٠٠٩ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، کە ڕێککەوتنی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥ بووەتە بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم لێك تێگەیشتنی هەردوو وڵات، ئێران داوای کاراکردنی دەکات، بەڵام عێراق ڕەتیدەکاتەوە.[١٢٨]

دەربارەی بەرکاربوونی ئەم پەیمانە، بەپێی بەندی(٦٢/بڕگە ٢-أ) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا تایبەت بە پەیماننامەکان لە ساڵی ١٩٦٩،[١٢٩] بە ڕوونی باس لەوە دەکات، ئەگەر پەیماننامە بۆ دیاریکردنی سنوور بێ، ئەوا ناکرێ بە گۆڕینی هەلومەرج پەیماننامەکە یەکلایەنە هەڵبوەشێنرێتەوە یا وازی لێ بهێنرێت. جگە لەمەش، لە بەندی(٦) پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥ بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس لە قۆناغەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی لەسەر لێکدانەوە و پیادەکردنی پەیماننامە و هاوپێچەکانی دەکات، کە عێراق پەنای نەبردۆتە بەر ئەو ڕێکارانە.[١٣٠] هەروا ئەم ڕەفتارانەی عێراق ڕێسای ستاپل[١٣١] دەیگرێتەوە، کە بەو پێیە دانپێدانانی عێراق بە

---

(١٢٧) وزارة الموارد المائية العراقية، دائرة التخطيط والمتابعة، كتاب المرقم (٢٩١٣٨) بتاريخ ٢٢/١٢/٢٠١١ التي يوجه الى الأمانة العامة لمجلس الوزراء العراقي.

(١٢٨) شهد وليد، العراق يلمح إلى رفض اتفاقية الجزائر مع إيران، متاح على الموقع الالكتروني التالي:

www.alittihad.ae/details.php?id=41637&y=2009&article=full/lastvisited:12/12/2012.

(١٢٩) بەندی (٦٢/بڕگە ٢-أ) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەنا بۆ پەیماننامەکان ساڵی ١٩٦٩ باس لەوە دەکات ناکرێ پەڵپ (احتجاج) بگیرێت بە گۆڕانی جەوهەریی لە بارودۆخ وەك بناغەیەك بۆ کۆتایی هێنانی پەیماننامە یا کشانەوە لێی ئەگەر پەیماننامەکە سنوورێك دروست بکات.

(١٣٠) د.سيد كاظم سجادپور و رضا اميرى مقدم، پيشين، صص ٢٦- ٢٧.

(١٣١) ڕێسای ستاپل (Estoppel) بریتییە لە قەدەغەکردنی وتنی شتی دژبەیەك لە زیانی ئەویتر، ئەگەر هات و هەڵسوکەوتی دەوڵەتێك بووە هۆی دروستبوونی مافێك بۆ ئەویتر یا بەڵێنێك لەسەر

ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنەی، بەڵێنێك لەسەر شانی عێراق دروست دەکات بەرامبەر بە ئێران و عێراق ناتوانێ، جارێکیتر خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە بدزێتەوە یا بە هەڵوەشاوەی بزانێت .[١٣٢] جگە لەمەش، هیچ بەندێك لە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر نیە، کە ئەو مافە بە یەکێك لە لایەنەکان بدات بۆ کۆتایی هێنان یا کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دیباجە و بەندی (٥) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و بەندی (٦) لە پرۆتۆکۆلی سەرلەنوێ پلانداندانەوەی سنووری وشکانی، جەخت لەسەر هەمیشەیی بوونی سنووری ئاویی و وشکانی نێوان هەردوو وڵات دەکەنەوە. یاسازانان کۆکن لەسەر ئەوە، کە جەنگ کاریگەریی نیە لەسەر ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە سنوور و ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە، هەتا گرێدانی ڕێککەوتنی نوێ یا پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان عێراق و ئێران بەرکارن.[١٣٣]

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر بە فەرمی بەرکارە، چوونکە بەرپرسانی عێراقی چ لە سیستەمی پێشوو و چ لە سیستەمی نوێ، لە چەندین بۆنەی جیاوازدا دانیان بەمەداناوە، بەڵام بەکردەیی لەم بارەیەوە بە شێوازێکی پارادۆکسیانە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەوان لە لایەکەوە دان بەوەدا دەنێن، کە ئەم ڕێککەوتنە بەرکارە، هەروەك چۆن لە ڕاگەیاندراوی فەرمی سەرۆك کۆماری عێراقدا دەردەکەوێ، لە هەمان کاتدا لە گفتوگۆکانیان لە گەڵ ئێران نایانەوێ پشت بە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە ببەستن و لەوباوەڕەدان بە هۆی گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی، کە ئەوکات لە هەردوو وڵاتدا باڵادەست بوون،

---

شانی خۆی لە بەرامبەر دەوڵەتێکیتر، ئەوا ئەم دەوڵەتە ئیتر ناتوانێ شێوازی خۆی بگۆڕێت دەرهەق بەو مافە یا بەڵێنە و خۆی لە جێبەجێکردنی بدزێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بۆ: د.مرتضی جمعة عاشور، الدفع بالاستوبل للتحکیم التجاري الدولي، مجلة کلیة الحقوق جامعة النهرین، بغداد، المجلد (٤)، العدد (١٤)، بغداد، ٢٠١٢، صص ٣١- ٧٥.

[١٣٢] د. نادر ساعد،، حقوق بین الملل معاصر (نظریه ها و رویه ها)، چ ١، انتشارات خرسندی، تهران، ١٣٨٧ ه.ش (٢٠٠٨ ز)، ص ٢٦٩.

[١٣٣] د. عصام عبدالرزاق العطیة، الوضع القانوني لاتفاقیة الجزائر الموقعة بین العراق و ایران، متاح علی الموقع الالکتروني التالي:

http://www.alfalujei.com/inner.php?id=107/ last visited:17/4/2012.

واپێویستە هەندێك لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە پێداچوونەوەیان لەسەر بکرێ. لەلایەکیترەوە، ئێران جەخت لەسەر بەرکاربوونی ئەم پەیمانە دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی دەستەبژێر (انتقائي) هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕێککەوتنەکەدا دەکات، ئەوەی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانیدا یەکبگرێتەوە هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، وەك چەسپاندنی هێڵی تالووگ لە ڕووباری شەتولعەرەب، ئەوەشی لە قازانجی نەبێت پشتگوێی دەخات، وەك پابەند نەبوونی بە ڕێککەوتنی عێراق و ئێران دەربارەی سوودوەرگرتن لە ڕووبارە سنوورییەکان. هەروا بەپێی بەندی(٤) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥، ئەحکامەکانی ئەم پەیمانە و پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی کۆتایی و هەمیشەیین و شیاوی پێشێلکردن نین. جگە لەمەش بەپێی بەندی(٥)، سنوورە وشکانی و ئاوییەکانی هەردوو وڵات شیاوی گۆڕین نین و هەمیشەیی و کۆتایین.

هەر بۆیە لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە بەپێی ئەحکامەکانی یاسای نێودەوڵەتی، تایبەت بە ڕێزگرتن لە پەیماننامەکان کە لە بەندی(٢٦) ڕێککەوتننامەی ڤیەننا ساڵی ١٩٦٩[١٣٤] جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە هەتا ئێستا بەرکارە و حوکمی پەیوەندییە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکات.

## چوارەم/ ڕێککەوتنی عێراق و ئێران دەربارەی سوودوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان ساڵی ١٩٧٥:

ئەم ڕێککەوتنە یەکێکە لە پەیوەستنامەکانی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥، کە لە ڕێکەوتی ٢٦/١٢/١٩٧٥ لەنێوان هەردوولادا واژۆکراوە و بە ژمارە (١٤٩٠٧) لە ٢٢/٧/١٩٧٦ لە سکرتاریەتی (UN) تۆمارکراوە. ئەم ڕێککەوتنە تاکوو ئێستا تاکە ڕێککەوتنە، کە شێوازی سوودوەرگرتن لە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان هەردوو وڵات (جگە لە شەتولعەرەب) ڕێکدەخات. هەربۆیە، عێراق دەتوانێ بە پشت بەستن بەم

---

[١٣٤] بەندی (٢٦) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا دەڵێ: "هەموو پەیماننامەیەکی بەرکار مولزەمە بۆ لایەنەکانی و لەسەریانە بە نیازپاکییەوە جێبەجێی بکەن".

ڕێککەوتنە، داوای مافەکانی بکات لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر تیشك دەخەینە سەر بەندەکانی ئەم ڕێککەوتنە.

ئەم ڕێککەوتنەکە لە پێشەکییەك و حەوت بەند پێکهاتووە. لە بەندی (١)، باس لە جۆری ئەو ڕێڕەوە ئاوییانە دەکات، کە ڕێککەوتنەکە بەسەریاندا دەچەسپێ و بۆ دوو دەستە پۆلێنیان دەکات: یەکەم، ڕێڕەوە ئاوییە هاوسنوورەکان (مجاري الماء المحاذية)، کە بە درێژایی سنووری نێوان هەردوو وڵات دەڕوات، دووەم، ڕێڕەوە ئاوییە یەك لە دوای یەکەکان (مجاری الماء المتتابعة)، کە هێڵی سنووریی هەردوو وڵات دەبڕێ. لە بەندی (٢) لە سێ بڕگەدا، شێوازی کەڵك وەرگرتن لە ڕووبارەکان دیاریی دەکات و بۆ ئەم مەبەستە ڕووبارەکان بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەکات. گرووپی (أ) بریتین لە: ڕووبارەکانی بناوەسووتە، قۆرەتوو و گەنگیر، کە بە شیوەی یەکسان (مناصفة) کەڵکیان لێوەردەگیرێت. گرووپی (ب) بریتین لە ڕووبارەکانی: ئەڵوەند، کونجانچەم، تەیب و دویریج، کە بە گوێرەی کۆنووسەکانی کۆمیتەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و عوسمانی لە ساڵی ١٩١٤ و نەریت دابەشدەکرێت. گرووپی (ج) ئەو ڕووبارە هاوسنوور و یەك لە دوای یەکانەن، کە لە بڕگەی (أ و ب)دا ناویان نەهاتووە، ئەوانیش بەپێی ئەحکامی ئەم ڕێککەوتنە واتە بە شێوەی یەکسان دابەشدەکرێن.[١٣٥] ڕووباری سیروان دەکەوێتە ناو ئەم گرووپە، هەربۆیە ئاوەکەی بە شێوەی یەکسان لە نێوان هەردوو وڵاتدا دابەش دەکرێ.

بە گوێرەی بەندی (٣) هەردوولا کۆمیتەیەکی تەکنیکی تێکەڵاو و هەمیشەیی پێکدەهێنن، کە لە ژمارەیەك پسپۆڕی هەردوو وڵات بە شێوەی یەکسان پێکدێت. ئەرکی ئەم کۆمیتەیە، توێژینەوە و چاودێریی کردنی کاروباری تەکنیکی ڕووبارە هاوسنوور و یەك لەدوای یەکەکانە. بەپێی بەندی (٤)، کۆمیتەی باسکراو لە بەندی (٣)ی ئەم ڕێککەوتنە، لە دەرفەتی کەڵك

---

[١٣٥] د. اصغر جعفری ولدانی، استفاده از منابع آب رودهای مرزی ایران و عراق و حقوق بین الملل، مجله پژوهش حقوق وسیاست، دانشگاه علامه طباطبائی، تهران، سال یازدهم، شماره (٢٦)، بهار و تابستان ١٣٨٨ه.ش (٢٠٠٩ ز)، ص ٨٣. هەروەها اتفاق بين العراق وايران متعلق باستثمار مجاري الماء الحدودية، عام ١٩٧٥، المواد (١) و (٢).

وەرگرتنی باشتر لە رووبارە هاوسنوور و یەك لەدوای یەکەکان دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە ماوەی ساڵێکی هیدرۆلۆژی[١٣٦] لە رۆژی واژۆکردنی ئەم رێککەوتنە، پشکی هەردوولا لە رێڕەوە ئاوییەکانی بڕگەی (ب) لە بەندی (٢) دیاریی دەکات، کە بریتین لە رووبارەکانی ئەڵوەند، کونجانچەم، تەیب و دویریج. هەروا ئەم کۆمیتەیە لە ماوەی دووساڵ لە رۆژی واژۆکردنی ئەم رێککەوتنە، باشترین شێوازی گونجاو بۆ کەڵك وەرگرتن لە رێڕەوە ئاوییەکانی بەندی (٢/بڕگە ج) روونەدەکاتەوە.[١٣٧] ئەم خاڵەش رووباری سیروان و هەردوو لقی زمکان و هەواسان دەگرێتەوە.

بەپێی بەندی (٥)، هەردوو وڵات بەڵێنیاندا بەوەی، کە رۆیشتنی سروشتیی ئاوی (الجریان الطبیعي للمیاه) رووبارە هاوسنوور و یەك لەدوای یەکەکان گەرەنتی بکەن، بە گوێرەی ئەو شێوازەی، کە لەم رێککەوتنەدا دیارییکراوە. هەروا هەردوولا بەڵێنیاندا، کە خۆببوێرن لە هەرجۆرە بەکارهێنانێکی رووبارە هاوسنووریی و یەك لەدوای یەکەکان بۆ هەر مەبەستێك، کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم رێککەوتنە بێت یا خود زیان بە بەرژەوەندیی لایەنەکەیتر بگەیەنێت.[١٣٨] بە گوێرەی بەندی (٦)، لە کاتی روودانی هەر ناکۆکییەك لە راڤەکردن یا پیادەکردنی ئەم رێککەوتنە، ئەوا بەپێی ئەحکامەکانی بەندی (٦) لە پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە ساڵی ١٩٧٥ چارەسەری دەکەن.[١٣٩] بەندی (٧)، باس لە پەسندکردنی ئەم رێککەوتنە دەکات

---

[١٣٦] ساڵی هیدرۆلۆژی لە ١/ ١٠ هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و لە ٣٠/ ٩ ساڵی داهاتوو کۆتایی دێت.

[١٣٧] د. اصغر جعفری ولدانی، استفاده از منابع آب رودهای مرزی ایران و عراق و حقوق بین الملل، پیشین، ص٨٣. هەروەها بشیر یاقمورلی، پیشین، ص ٢٥١.

[١٣٨] محمد جواد علي مبارك، المصدر السابق، ص ٩٥.

[١٣٩] د. اصغر جعفری ولدانی، استفاده از منابع آب رودهای مرزی ایران و عراق و حقوق بین الملل، پیشین، صص ٨٣- ٨٤. هەروەها وزارة الخارجیة العراقیة، معاهدة الحدود الدولیة و حسن الجوار بین العراق وایران لسنة ١٩٧٥، المصدر السابق، ص٧٠.

بەپێی یاسایی ناوخۆیی هەردوو وڵات، بۆ ئەوەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.[١٤٠]

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، یەکەمین دانیشتنی کۆمیتەی تەکنیکی هەمیشەیی تێکەڵاو لە نیسانی ١٩٧٧ لە تاران و دووەمین دانیشتن لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧ لە بەغداد ئەنجامدران. لەم دانیشتنانەدا، سێ کۆمیتەی لاوەکی بۆ ڕووبارەکانی گرووپی (أ)، (ب) و (ج) پێکهاتن. هەروا هەندێ بڕیاردرا بۆ دانانی وێستگەی پێوانەی ئاو و شێوازی دابەشکردنی ڕووبارەکانی گرووپی (أ)، بەڵام بڕیاردان لەسەر ڕووبارەکانی گرووپی (ب) و(ج) بۆ دانیشتنی سێیەم لە شوباتی ١٩٧٨ لە تاران دواخرا، کە بە هۆی ڕەوشی سیاسی ئەوکاتەی ئێران ئەم دانیشتنە ئەنجامنەدرا.[١٤١] گرنگی ئەم ڕێککەوتنە لەوەدایە، کە دانپێدانانێکی ڕوون و ئاشکرایە بە سروشتی نێودەوڵەتی ئەم ڕووبارانە و بنەماکانی دابەشکردنی ئاوی ئەم ڕووبارانە.[١٤٢]

ئەوەی دەربارەی ئەم ڕێککەوتنە تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە تاکە ڕێککەوتنە عێراق دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ بۆ داواکردنی مافەکانی لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بەڵام بەوحاڵەش ناتوانێ لە ئاست خواست و پێداویستییەکانی سەردەم بێت و هیچ ئاماژەیەك بە بوارەکانی بەکارهێنانی پیشەسازیی، ڕاوەماسی، پاراستنی ژینگەی ڕووبارەکان و...هتد ناکات. جگە لەمەش، عێراق دەتوانێ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی، کە لە بەرژەوەندیی ئێرانن، ببەستێتەوە بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە یا گۆڕینی، چونکە بەندی چوارەمی پەیماننامەی سنووری نێودەوڵەتی و دراوسێتی باش لە ساڵی ١٩٧٥ بە ڕوونی باس لەوە دەکات، کە ئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیە و هەر سێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی بەشێکن لە یەکلاییکردنەوەیەکی گشتگیر، کە شیاوی جیاکردنەوە

---

(١٤٠) وزارة الخارجية العراقية، معاهدة الحدود الدولية و حسن الجوار بين العراق وايران لسنة ١٩٧٥، المصدر السابق، صص د و ٧١. هەروەها د.منوچهر پارسادوست، پیشین، ص ١٦٩.

(١٤١) د. اصغر جعفری ولدانی، استفاده از منابع آب رودهای مرزی ایران و عراق و حقوق بین الملل، پیشین، ص ٨٤.

(١٤٢) عبدالأمير عباس عبدالحيالي، المصدر السابق، ص ٢١٠.

نین، واته هەموویان وەك پاكەیەكێك سەیر دەكرێن، كە دەبێ بە یەكەوە جێبەجێ بكرێن و خۆبواردنی هەر لایەنێك لە یەكێك لەو رێككەوتنانە ئەو مافە بە لایەنەكەیتر دەدات، رێككەوتنەكانیتر جێبەجێ نەكات. لەو سەردەمەدا ئێران، بۆ چەسپاندنی هێڵی تالووگ لە رووباری شەتولعەرەب، ئامادەیی ئەوەی تێدابووە لە رووباركانی تر نەرمی بنوێنێت، بەلآم عێراق نەیتوانیوە وەك پێویست ئەم هەلە بقۆزێتەوە و مافەكانی خۆی لە رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەكانیتر بچەسپێنێ و پشكێكی زیاتر و روونتر لە ئاوی ئەو رووبارانە بۆ خۆی دەستەبەر بكات، كە ئەمەش لاوازیی یا كەمتەرخەمی بەرپرسان و دەزگای دیپلۆماسی عێراق پیشان دەدات لەو كاتەدا.

## پێنجەم/ یاداشتی ساڵی ٢٠١٢ ی لێك گەیشتنی عێراق و ئێران:

پاش رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، پەیوەندییەكانی عێراق و ئێران وەرچەرخانێكی گەورەی بەخۆیەوە بینی و زیاتر لە یەك نزیك بوونەوە. ئێران بە پشتگیریی كردنی پرۆسەی سیاسی عێراق، هەوڵیدا دۆخێكی سروشتی بۆ پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو وڵات بگەڕێنێتەوە. هەربۆیە، گەشەكردنی ئەم پەیوەندییانە دەتوانێ ببێتە بنەمایەك بۆ هاوكاریی هاوبەش، بەپێی بەرژەوندییە بەرامبەرەكان و كێشەی ئاویش یەك لەو بوارانەیە، كە دەشێ بخرێتە بەرنامەی كارەوە.[١٤٣] هەر بۆ ئەم مەبەستە لە رێكەوتی ١٣- ١٦/٢/٢٠١٢، شاندێكی عێراقی بە سەرۆكایەتی وەزیری سەرچاوە ئاوییەكانی عێراق (موهەند سەلمان سەعدی) سەردانی ئێرانی كرد و لە گەڵ وەزیری وزەی ئێران (مەجید نامجوو) كۆبوونەوە، لە ئەنجامدا لە رێكەوتی ١٥/٢/٢٠١٢ لە تاران یاداشتێكی لێك گەیشتن لە نێوان هەردوولادا واژۆكرا.

ئەم یاداشتە لە پێشەكییەك و حەوت بەند پێكهاتووە. لە بەندی یەكەم، هەردوو وڵات خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە پێكهێنانی كۆمیتەی تەكنیكی

---

[١٤٣] د. رضا عبدالجبار سلمان الشمري و عباس حمزة علي الشمري، التحديات التي تواجه الأمن المائي العراقي والحلول المقترحة لمواجهتها، مجلة القادسية للعلوم الانسانية، جامعة القادسية، ديوانية، المجلد الخامس العشر، العدد (١)، ٢٠١٢، صص ٦٥- ٦٦.

هەمیشەیی هاوبەش بۆ رووبارە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات. هەروا جەخت لەسەر پێویستیی دەست بەکاربوونی ئەم کۆمیتەیە کراوەتەوە بەجۆرێك، کە دەبێ لە ماوەی (٢٠) رۆژ لە واژۆکردنی ئەم یاداشتە ناوی نوێنەرانی هەردوولا ئاڵوگۆڕ بکرێن. لە بەندی دووەم، باس لە بەرپاکردنی خولی راهێنان و ئاڵوگۆڕی شارەزاییەکان کراوە لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لە بەندی سێیەم، باس لە شارەزاییەکانی هەردوولا دەکات لە بواری رووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و گۆڕانکاریی کەشوهەوا و باشتر بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لە بەندی چوارەم، باس لە رێککەوتنی هەردوولا کرا بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکانی پیسبوونی شەتولعەرەب بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئاستی ئەم پیسبوونە وئەنجامدانی رێکاری پێویست. لە بەندی پێنجەم، باس لەوە دەکات، کە لایەنی ئێرانی توانیویەتی کۆنترۆڵی رۆیشتنی ئاوی پاشەڕۆی کشتوکاڵی (تصریف میاه البزل الزراعي) بکات بۆ سنوورەکانی عێراق و لە داهاتوودا رێگە بەو دزەکردنە نادات. لە بەندی شەشەم، لایەنی عێراقی ئارەزوومەندیی خۆی خستەڕوو بۆ چالاککردنی بەشداریی کۆمپانیا ئێرانییە پسپۆڕەکان لە بواری جێبەجێکردنی پرۆژە ئاودێرییەکان و دروستکردنی بەنداوەکان و...هتد. لە بەندی حەوتەم، هەردوولا رێککەوتن لەسەر دانانی تیمێکی کاری هاوبەش بە ئەندامێتی (٤) نوێنەر لە هەردوولا، بۆ بەدواداچوونی ئەو بەندانەی سەرەوە و بە مەبەستی ناسینی بوارە نوێیەکانی هاوکاریی دوولایەنە لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە ئاو بە جۆرێك، کە دەبێ نوێنەرەکان لە ماوەی مانگێك لە واژۆ کردنی ئەم یاداشتە دەست نیشان بکرێن.[١٤٤]

ئەوەی لەم یاداشتە تێبینێ دەکرێ ئەوەیە، کە لایەنی ئێرانی هەوڵی زۆری داوە بگەڕێتەوە بۆ رێککەوتننامەی ئەلجەزایر، بە تایبەت رێککەوتنی سوودوەرگرتن لە رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکان. لایەنی عێراقی وێڕای ئەوەی، کە باسی لە هەڵوەشاندنەوەی فەرمی ئەم رێککەوتننامەیە نەکردووە، هەوڵیداوە

---

[١٤٤] مذكرة التفاهم بين وزارة الموارد المائية في جمهورية العراق و وزارة الطاقة في الجمهورية الاسلامية الايرانية بتاريخ ١٥/٢/٢٠١٢، المواد (١) الى (٧).

قەناعەت بە لایەنی ئێرانی بهێنێ، کە ئاماژە بەو پەیمانە نەکرێ و تا رادەیەك لەمەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەوڵەکانی بۆ گرێدانی رێککەوتنێکی نوێ لەمبارەیەوە، تاکوو ئێستا نەگەیشتۆتە هیچ ئەنجامێك و لایەنی ئێرانی ئامادەیی خۆی بۆ رێککەوتنێکی لەو جۆرە دەرنەبڕیوە.[١٤٥]

لە راستیدا، ئەم یاداشتە تەنها ئاماژە بە چوارچێوەیەکی گشتی دەکات بۆ چونێتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان و کاراکردنی ئەو کۆمیتە تەکنیکییە هاوبەشەی، کە لە دانیشتنەکانی پێشووتر و تەنانەت لە رێککەوتنی سوودوەرگرتن لە رێڕەوە ئاوییە سنوورییەکانی ساڵی ١٩٧٥ بڕیاری لەسەر درابوو. هەروا هیچ وردەکارییەکی تێدا نیە، سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و لەوانەش رێڕەوی سیروان و دیاریکردنی پشکی عێراق لە ئاوی ئەو رێڕەوانە لە ژێر رۆشنایی هەلومەرج و گۆڕانکارییە نوێیەکان. هەربۆیە، ئەم یاداشتە ناتوانێ ناکۆکی و گرفتەکانی هەردوو وڵات لە بواری رێڕەوی ئاویی سیروان چارەسەر بکات، بەڵام دەتوانێ سەرەتایەك بێت، بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانی نێوان هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی، کە لە بارەیەوە لەئارادان.

---

[١٤٥] الكتاب المرقم (٥٠٧٩) بتاريخ ٢٠١٢/٢/٢٨ الصادر من وزارة الموارد المائية العراقية الموجه الى الأمانة العامة لمجلس الوزراء العراقي.

## باسی دووەم

# سەرچاوە نێودەوڵەتییە نارێککەوتنییەکان بۆ رێکخستنی بەکارهێنانی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و پیادەکردنی لەسەر رێڕەوی ئاویی سیروان

هەروەك باسمانكرد بەپێی بەندی (٣٨) لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگای نێودولەتی داد، جگە لە رێککەوتننامە، کۆمەڵێك سەرچاوەی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی هەن، کە بە بێ رێککەوتن لە نێوان سوبێکتەکانی یاسای نێودەوڵەتی دێنە ئاراوە. لەم باسەدا ئەو سەرچاوانە لە پێنج مەبەستدا دەخەینەڕوو، لە مەبەستی یەکەم باس لە نەریتی نێودەوڵەتی دەکەین، لە مەبەستی دووەم بنەما گشتییەکانی یاسا دەخەینەڕوو، لە مەبەستی سێیەم بڕیارە دادوەرییەکان دەخەینە بەرباس، مەبەستی چوارەم تەرخان دەکەین بۆ یاسای نێودەوڵەتی و لە مەبەستی پێنجەم ئاماژە بە بنەماکانی داد و ئینساف دەکەین.

## مەبەستی یەکەم

## نەریتی نێودەوڵەتی

نەریت بە یەکێك لە کۆنترین سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێ. بە هۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی یاسادانان و جێبەجێکاری نێودەوڵەتی، نەریت رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە دروستکردن و فۆرم پێدانی یاسای نێودەوڵەتی و بەسەرچاوەیەکی کارای ئەم یاسایە دادەنرێ.[١٤٦] هەروا پێویستە نەریت بە

---

[١٤٦] ربكا والاس، حقوق بين الملل، ترجمه د.سيدقاسم زمانى و مهناز بهراملو، چاپ اول، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای حقوقی شهردانش، تهران، ١٣٨٢ (٢٠٠٣ ز)، ص١٠. هەروەها د.مصطفى

شێوەیەکی گشتی لە لایەن دەوڵەتانەوە پراکتیزە بکرێ. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئاخۆ ئەم کردەوەیە دەبێ چەند گشتگیر بێت هەتا بە نەریت هەژمار بکرێت؟ وەڵام ئەوەیە، ئەگەر لە لایەن کۆمەڵێك لە دەوڵەتانەوە پەیڕەو بکرێ و وەك یاسا پەسندی بکەن، ئەوا دەشێت وەك نەریت سەیر بکرێت.(١٤٧) دەربارەی پێناسەی نەریتی نێودەوڵەتی لە بەندی (٣٨/١/ب) لە پەیڕەوی بنچینەیی دادگای نێودەوڵەتی داد هاتووە: (نەریتی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو وەك یاسایە، کە بەکارهێنانی بەردەوامی بووەتە هۆی ناساندنی).(١٤٨) واتە، کۆمەڵێك ئەحکامی یاساییە، کە بە هۆی دووپاتبوونەوەی پابەندیی دەوڵەتان لە هەڵسوکەوتەکانیان لە گەڵ ئەوانیتر، لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا دروست دەبێ. بەجۆریك، کە بە باوەڕی زۆربەی دەوڵەتان ئەو ڕێسایانە سیفەتی پابەندبوونێکی یاسایی وەردەگرن.(١٤٩)

ڕێساکانی نەریتی نێودەوڵەتی لە بواری بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیڕانی، بە تایبەت لە کاتی نەبوونی ڕێککەوتننامەی پەیوندیدار لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە.(١٥٠) لێرەدا

---

عبدالله أبوالقاسم خشيم، مبادىء القانون الدولي العام الإطار النظري و المصادر، ط ١، المكتب الوطني للبحث والتطوير، بنغازي، ٢٠٠٤، ص٢٥٠. هەروەها د.محمد يوسف علوان، القانون الدولي العام (المقدمة والمصادر)، ط ٣، دار وائل للنشر، عمان، ٢٠٠٧، ص ٤١٣. هەروەها هەروەها د. الشافعي محمد بشير، المصدر السابق، ص ١٨.

147. N.A. Maryan Green, International Law, 3rd ed, Pitman Publishing, London, 1987, p.16.

(١٤٨) د.طالب رشيد يادگار، بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی گشتی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١، ل ٩١.

(١٤٩) د.محمد طلعت الغنيمى، الأحكام العامة في القانون الامم، ب ط، منشأة المعارف، الاسكندرية، بدون سنة طبع، ص ٣٦٥. هەروەها د.حامد سلطان، المصدر السابق، ص ٣٥. هەروەها د.صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ٣٤٩. هەروەها:

Hans Kelsen, Principles of International Law, Holt, Rinehart and Winston, Inc., New York, 1967, p.440.

(١٥٠) د. علاء عبدالحسن العنزي، طرق تقسيم المياه بين البلدان المتشاطئة، مجلة حوار الفكر، المركز العراقي للبحوث والدراسات المستقبلية، السنة الخامسة، العدد العاشر، النجف، آب ٢٠٠٩، ص ٦٥. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٣٢.

بە سەرنجدان بە سەرچاوەکانی نەریتی نێودەوڵەتی، هەوڵدەدەین کۆمەڵێك لەو بنەمایانە بخەینەڕوو و لەسەر رووباری سیروان پیادەیان بکەین بەجۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ دەوڵەتانی سەرچاوە، بەڕوونی دانیان نا بە پشکی دادگەرانە و گونجاو بۆ دەوڵەتانی رێژگە لە ئاوی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و ئەم دەوڵەتانە مافی تەواویان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم پشکە لەچوارچێوەی هەرێمی خۆیاندا.[١٥١]

دووەم/ دەوڵەتانی رێڕەوی ئاوی، ناتوانن پێگەی جوگرافیی خۆیان بقۆزنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بەوجۆرەی کە دەیانەوێت، بەڵکوو پێویستە مافی دەوڵەتانی دیکەی رێڕەوە بپارێزن، دەنا هەڵسوکەوتەکانیان بە پێچەوانەی رێساکانی نەریتی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێ.[١٥٢]

سێیەم/ پشت بەستن بە بنەمای هاوکاریی و شێوازی دیپلۆماسییانە لە نێوان زۆربەی دەوڵەتان، بۆ گەیشتن بە رێگاچارەیەك بۆ گرفتەکانی ئاو و نەهێشتنی ناکۆکییەکان لەسەر رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. ئەگەر هات و نەگەیشتنە رێککەوتن، ئەوا پەنا دەبەنە بەر شێوازەکانی نێوانگیری (الوساطة) و ناوبژیکاری (التحکیم).[١٥٣]

چوارەم/ نابێ هیچ دەوڵەتێك کرداری تاك لایەنە یا گۆڕانی گرنگ و جەوهەریی لەسەر رێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدات. بەجۆرێك، کە زیان بە ماف یا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو بگەیەنێت و لەم کاتەدا دەبێ رەزامەندیی دەوڵەتانی دیکەی رێڕەو وەربگرێت.[١٥٤]

پێنجەم/ قەرەبووکردنەوە یا چاککردنەوەی ئەو زیانانەی، کە بەهۆی

---

[١٥١] د.عزالدین علي الخیرو، الفرات في ظل القواعد القانون الدولي العام، ص ٦١٤. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٠.

[١٥٢] علي حسین صادق، المصدر السابق، ص ٧٠.

[١٥٣] د.عزالدین علي الخیرو، الفرات في ظل القواعد القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٦١٦ و ٦٢٣. هەروا علي حسین صادق، المصدر السابق، ص ٧٣.

[١٥٤] د. اصغر جعفری ولدانی، استفاده از آب رودهای مرزی ایران و عراق و حقوق بین الملل، پیشین، ص٨٠. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٤٠.

جێبەجێکردنی پرۆژەی دەوڵەتانیتر لەسەر ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، بە یەکێك لە دەوڵەتانی ڕێڕەو دەگات، بەپێی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی.[١٥٥]

دەوڵەتی عێراق، هەر لە کۆنەوە بەپێی نەریت، ریڕەوی ئاویی سیروانی بەکارهێناوە و بە سەرنجدان بەو بنەمایانەی سەرەوە، بۆی هەیە داوای مافی خۆی بکات لەم ڕێڕەوە، چونکە بەپێی بنەماکانی نەریت، دەوڵەتانی ڕێژگەش هەمان مافی دەوڵەتانی سەرچاوەیان هەیە لەسەر ریڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان. لەهەمان کاتدا، عێراق بۆی هەیە داوای پشکی دادگەرانە و گونجاو بکات لە ئاوی ریڕەوی ئاویی سیروان بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، زەوی کشتوکاڵی، پێویستیە پیشەسازییەکان و... هتد. هەروا پێویستە ئێران، دەوڵەتی عێراق لەو پرۆژانە ئاگادار بکاتەوە، کە لەسەر ریڕەوی ئاویی سیروان ئەنجامی دەدات و ڕەزامەندیی عێراق وەربگرێت وەك دەوڵەتێکی ریڕەوی ئاویی، کە ئەم بابەتە لە لایەن ئێرانەوە بە تەواویی پشتگوێ خراوە. جگە لەمەش، عێراق دەتوانێ بە پێی ئەم بنەمایانە داوای قەرەبوو بکات لەو زیانانەی، کە لە ئەنجامی پرۆژەکانی ئێران لەسەر ریڕەوی ئاویی سیروان پێی دەگات.

## مەبەستی دووەم
## بنەما گشتییەکانی یاسا

بەپێی بەندی (٣٨/ ج) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، بنەما گشتییەکانی یاسا بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی، کە لە لایەن نەتەوە شارستانییەکانەوە دانیان پێدانراوە. بنەما گشتییەکانی یاسا بنەماگەلێکی نوێن، کە بە بەراورد لەگەڵ دەرکردنی یاسا دەربارەی روبارەکان بوونیان کەمترە

---

[١٥٥] د. سید فضل الله موسوی، پێشین، ص ١٦٩. هەروەها د.عزالدين علي الخيرو، الفرات في ظل قواعد القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص٦٢١. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص٤٠.

و زۆربەیان لە یاسای تایبەت وەرگیراون.[١٥٦] لێرەدا مەبەست لە بنەمای یاسایی دان پێدانراو لە لایەن نەتەوە شارستانییەکانەوە، یاسای گەشەکردووە لە بەرامبەر یاسای سەرەتایی و پەیوەندیی بە ئاستی گەشەکردوویی ئابووریی و پیشەسازییەوە نیە.[١٥٧] هەرچەندە مشتومڕێکی زۆر دروست بوو لەسەر ئەوەی، کە مەبەست لە بنەما گشتییەکانی یاسا چیە، بەڵام زۆرینەی یاساناسان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی، کە سیستەمە یاساییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتان دانی پێدادەنێن و بەشێوەیەکی سەقامگیر لەناو وڵاتاندا پراکتیزە دەکرێ. هەروا دەشێ لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیش، لە کاتی نەبوونی سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتی دانپێدانراوی دیکە، وەك رێککەوتننامە و نەریت کەڵکی لێوەربگیرێت.[١٥٨]

شتێکی دژوارە بتوانین بەشێوەیەکی دیاریکراو(حصري) لیستەیەکی تەواو بە ناوی بنەما گشتییەکانی یاسا بخەینەڕوو. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئیجتهادی نێودەوڵەتی واڕاهاتووە، لەکاتی پیادەکردنی ئەو بنەمایانە ئاماژە بەوە ناکات، کە ئەمە بنەمایەکی گشتی یاسایە بەوجۆرەی، کە لە بەندی (٣٨/ برگە ج) پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد ئاماژەی پێکراوە.[١٥٩] هەندێك لە گرنگترینی ئەو بنەمایانە بریتین لە: بنەمای رێزگرتنی مافی وەدستهاتوو، بنەمای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە ئەویتر دەگات، بنەمای زێدەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی ماف، بنەمای دراوسێتی باش، بنەمای نیازپاکی،

---

[١٥٦] حسن شبلي و طارق مجذوب، تركية و مياه الفرات والقانون الدولي العام: المياه في الشرق الأوسط: إلماحات قانونية و سياسية و اقتصادية، ترجمة محمد اسامة القوتلي، ب ط، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق، ١٩٩٧، ص ٢٨٣.

[١٥٧] هوشنگ مقتدر، حقوق بين الملل عمومی، چ ٥، دفتر مطالعات سياسى و بين المللى وزارت امور خارجه ايران، تهران، ١٣٧٧ ه.ش (١٩٩٨ ز)، ص ٣٠.

([١٥٨]) پيار ـ ماري دوپوي، المصدر السابق، صص ٣٦٧- ٣٦٨. هەروەها د.محمد حافظ غانم، مبادیء القانون الدولي العام: دراسة لضوابطه الاصولية ولاحكامه العامة، المصدر السابق، ص ٩٧. هەروەها محمد عزيز شكري، المصدر السابق، ص ٥٦.

[١٥٩] د. محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، المصدر السابق، ص ١١٣.

بنەمای بەکارهێنانی هەرێمی دەوڵەت بەبێ زیانگەیاندن بە ئەوانیتر، کە لە بەشی یەکەم لە کاتی باسکردنی بنەماکانی سوودوەرگرتن لە ڕیڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەمان پێکردوون.

سەبارەت بە ڕیڕەوی ئاویی سیروان، عێراق هەر لە کۆنەوە ئاوی ئەم ڕێڕەوەی بەکار هێناوە و ڕێزگرتنی مافی وەدەستهاتووی بۆ دەسەلمێت لەم ڕیڕەوە. هەروا پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاویی سیروان ڕەچاوی بنەماکانی دیکە بکرێ، وەك دراوسێتی باش، زێدەڕۆیی نەکردن لە بەکارهێنانی ماف و ...هتد.

## مەبەستی سێیەم

## بڕیارە دادوەرییەکان

مەبەست لە بڕیارە دادوەرییەکان ئەو کۆمەڵە پرەنسیپ و ڕێسا یاساییانەیە، کە لە بڕیار و ئەحکامەکانی دادگا نێودەوڵەتییەکان، دادگا ناوبژیکارییەکان و دادگا ناوخۆییەکان وەرگیراون.[١٦٠] لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئەم مەبەستە بەسەر سێ لقدا دابەش دەکەین، لە لقی یەکەم باس لە بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان دەکەین، لە لقی دووەم ئاماژە بە بڕیاری دادگا ناوبژیکارییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و، لە لقی سێیەم تیشك دەخەینەسەر بڕیاری دادگا ناوخۆییەکان.

### لقی یەکەم

### بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان

بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان و هەر دەزگایەکی دادوەریی نێودەوڵەتی دیکە، گرنگییەکی زۆریان هەیە بۆ هەڵێنجانی ڕێسا یاساییە نێودەوڵەتییەکان و پەیڕەوکردنیان لەو کێشانەی، کە دەخرێتە بەردەمیان.[١٦١] هەروەك ئاشکرایە،

---

[١٦٠] هبة جمال ناصر عبدالله علي، المركز القانوني للموظف الدولي، رسالة الماجستير المقدمة الى كلية الحقوق جامعة الشرق الأوسط، عمان، ٢٠١١، ص ٧٠. هەروەها د.مصطفى عبدالله أبوالقاسم خشيم، مبادئ القانون الدولي العام الإطار النظري و المصادر، ص ٢٧١.

[١٦١] حسن احمد الراوي، قانون الأنهار الدولية: القواعد المنظمة لاستعمالات هذه الأنهر مشاكلها وطرق حلها، مجلة القضاء، نقابة المحامين في الجمهورية العراق، بغداد، السنة الثامنة والعشرون، العدد٤، تشرين الأول ١٩٧٣، ص ١٢.

ئەرکی دادگا پیادەکردنی یاسایە، نەك دانانی یاسا و بڕیارەکانی سیفەتی راوێژکارییان هەیە و تەنها لە چواچێوەی بابەتی داوا و لەسەر لایەنەکانی داوا دەچەسپێ، بەڵام لەبەر ئەو بەها بەرزە یاساییەی، کە ئەم بڕیارانە هەیانە، ئەوا وەك ئیستدلال پێی وەردەگیرێت، چ لە بواری کۆدکردن (تقنین) و و چ لە بواری داڕشتندا (تدوین).[١٦٢] هەرچەندە ژمارەی ئەو بڕیارانەی، کە دەربارەی ڕیڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لەم دادگایانەوە دەرچوون لە چاو بابەتەکانیتر کەمن،[١٦٣] بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین، بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە ئاراستەی دادوەریی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە ئاماژە بە هەندێك لەو بڕیارانە بکەین:

یەکەم/ بڕیاری دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد دەربارەی تایبەتمەندیی شوێنیی (الاختصاص المکاني) کۆمیتەی رووباری نێودەوڵەتی ئودێر (Oder) لەساڵی ١٩٢٩: بەپێی پەیمانی ڤێرسای، کەشتیرانی لەم رووبارە لە لایەن کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتییەوە سەرپەرشتی دەکرا، بەڵام پۆڵەندا ڕێگای نەدا ئەم کۆمیتەیە سەرپەرشتی رووباری وارتا (Warta) بکات ( یەکێك لە لقەکانی رووباری ئودێر)، کە بە ناو خاکی وڵاتەکەیدا تێدەپەڕی. هەربۆیە، دادگای ناوبراو لە بڕیارەکەی خۆیدا لەمبارەیەوە دەڵێ: "دەستەواژەی رووباری نێودەوڵەتی پیادە دەبێ لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە سیستەمی رووبارەوە هەیە و لەوانەش ئەو لقانەی رووبار، کە دەرژێنە پۆڵەنداوە. یەکێتی بەرژەوەندییەکان لە رووبار، رێسای یەکێتی ماف دروست دەکات، کە ئاسەوارە سەرەکییەکەی بریتییە لە یەکسانی تەواو لە نێوان دەوڵەتە هاوبەشەکان لە بەکارهێنانی رووبار بە درێژایی ڕێڕەوەکەی و دوورخستنەوەی هەر ئیمتیازێك بۆ یەکێك لە هاوبەشەکان بەرامبەر بە هاوبەشەکانیتر".[١٦٤]

---

[١٦٢] د. مأمون المنان، مبادئ القانون الدولي العام، ب ط، دار الكتب القانونية و دار شتات للنشر والبرمجيات، القاهرة، ٢٠١٠، ص ٥٣. هەروەها:
J.G.Starke, An Introduction To International Law, Butterworth & Co. (Publishers), LTD., London, 1947, p.27.

[١٦٣] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٥١.

[١٦٤] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ٧٨- ٧٩.

دووەم/ بڕیاری دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد لە ١/ ٨/ ١٩٣٧ لە کێشەی رووباری موز (Meus) لە نێوان بەلجیکا و هۆڵەندا: لەساڵی ١٩٣٤ هۆڵەندا هەڵسا بە هەڵکەندنی کەناڵی جۆلیانا(Juliana) ، هەروا بەلجیکاش هەڵسا بە دروستکردنی کەناڵی ئەلبیرت(Albert) ، کە ئاوی هەردووکیان لە رووباری (موز)ەوە سەرچاوەی دەگرت. دادگا پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت، کە هەڵکەندنی ئەو دوو کەناڵە هیچ گۆڕان یا هەموارکردنێك لە ئاوی رووباری موز دروست ناکات[١٦٥] بۆیە بڕیاریدا: "دادگا بە پشت بەستن بە ئەحکامی پەیماننامەی نێوان بەلجیکا و هۆڵەندا لە ١٢/ ٥/ ١٨٦٣ دانینا بە ئازادیی هەموارکردنی رێڕەو، زیادکردنی بڕی ئاو لە رێڕەوە پەیوندیدارەکان، بەومەرجەی ئەمە نەبێتە هۆی گۆڕینی رێڕەو و بڕی ئەو ئاوەی، کە پێیدا تێدەپەڕێت".[١٦٦]

سێیەم/ بڕیاری دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی داد لەساڵی ١٩٣٧ لە کێشەی رووباری میزین (Mizyn) لەنێوان هۆڵەندا و بەلجیکا، کە لە دەقی بڕیارەکەدا هاتووە:" هەر دەوڵەتێك لەناو سنووری هەرێمی خۆیدا ئازادی رەهای هەیە بۆ بەکارهێنانی رێڕەوی ئاویی ئەگەر بێت و ئەمە کار نەکاتە سەر کەمکردنەوەی پشکی دەوڵەتانیتر".[١٦٧]

چوارەم/ کێشەی پرۆژەی گابچیکۆ- ناگیماروس (Gabcikovo-Nagymaros Project) لەسەر رووباری دانوب لەنێوان هەنگاریا و چیکوسلۆڤاکیا لە ساڵی ٢٥/٩/ ١٩٩٧: ئەمە یەکەم کێشەیە لە بواری بەکارهێنانی ناکەشتیرانی، کە دادگای نێودەوڵەتی داد سەیری کردووە و پەیوندیی بە دروستکردنی پرۆژەیەکی هاوبەشەوە هەیە لەنێوان هەنگاریا و چیکوسلۆڤاکیا لەسەر رووباری دانوب، کە بەناو خاکی هەردوو وڵاتدا تێپەڕ دەبێ.[١٦٨] بەپێی رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولا لە ١٦/ ٩/ ١٩٧٧، بڕیاردرا

---

[١٦٥] علي حسين صادق، المصدر السابق، ص ١٥٠.

[١٦٦] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٧٩.

[١٦٧] صاحب الربيعي، المصدر السابق، ص ٤١.

[١٦٨] د. حسون جاسم العبيدي، أثر المياه في العلاقات العراقية- التركية، مجلة قضايا سياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، بغداد، المجلد الثالث، العدد السادس عشر، بدون سنة طبع، ص ٧٦. هەروەها د. سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٧٩.

بە دروستكردنی بەنداوێك لەسەر رووباری دانوب لە سنووری نێوان هەردوو وڵات و گۆڕینی ڕێڕەوی رووبارەكە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا و چاكتركردنی كەشتیرانی و گەشەپێدانی ئابووریی لەنێوان دەوڵەتانی هاوكەناردا. دروستكردنی ئەم پرۆژەیە، بە چەندین قۆناغی پڕ هەوراز و نشێودا تێپەڕی و لەساڵی ١٩٧٨ هەردوولا دەستیان بەكاركرد. پاشان لە ١٣/ ٥/ ١٩٨٩ هەنگاریا بە بیانووی حاڵەتی زەرورەت و هۆكاری ژینگەیی پرۆژەكەی وەستاند و لە ١٩٨٩/١٠/٢٧ وازی لێهێنا. لە ١٩٩١/٧/٢٣ چیكوسلوڤاكیا (سلوڤاكیای پاشتر)، پارەیەكی زۆری لە پرۆژەكە خەرجكرد و سووربوو لەسەر دروستكردنی دیوارێكی كۆنكریت، وەك دواقۆناغی پرۆژەكە و پرۆژەی جێگرەوەی (ج) (البدیل) بۆ گواستنەوەی ئاوی رووباری دانوب بۆ ناو هەرێمی خۆی . لە ئەنجامدا، هەنگاریا لە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٥/١٩ كۆتایی بە ڕێككەوتنی ساڵی ١٩٧٧ هێنا.[١٦٩] دادگا لە بڕیاری گشتی و كۆتایی خۆیدا دەڵێ: "چیكوسلوڤاكیا و هەنگاریا وەك یەك پابەند نەبوون بە پابەندییەكانی خۆیان بەپێی ئەحكامی پەیماننامەی ١٩٧٧، هەربۆیە ئەم رەفتارە دووسەرە نایاساییە (التصرف غیر القانوني المتبادل) نابێتە هۆی كۆتایی هاتنی پەیمانەكە و پاساو نیە بۆ كۆتایی پێهێنانی، هەروا ئاگاداركردنەوەكانی هەنگاریا هیچ ئاسەوارێكی یاسایی نیە".[١٧٠]

## لقی دووەم

## بڕیاری دادگا ناوبژیكارییە نێودەوڵەتییەكان

مەبەست لە ناوبژیكاریی نێودەوڵەتی ئەو ڕێكارانەیە، كە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێكی ئاشتیانەی كێشەكان دەگیرێتەبەر و لایەنەكان پابەندن بە بڕیارەكەی، كە لە لایەن دەستەیەكی تایبەتەوە دەردەچێ. لایەنەكانی كێشەكە، بۆ خۆیان ئەندامانی هەڵدەبژێرن و ڕێسا ڕێكارییەكان و ئەو یاسایە دیاریی دەكەن، كە لەسەر ئەو كێشەیە پیادە دەكرێ. سەرەتای سەرهەڵدانی ناوبژیكاریی

---

[١٦٩] د. صبحي أحمد زهیر العادلي، المصدر السابق، ص ٨١.

[١٧٠] الامم المتحدة، موجز الاحكام و الفتاوی والاوامر الصادرة عن محكمة العدل الدولیة ١٩٩٧-٢٠٠٠، منشورات الامم المتحدة، نیویورك، ٢٠٠٥، ص ١.

نێودەوڵەتی، بۆ ساڵی ١٧٩٤ دەگەڕێتەوە لە کێشە سنوورییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بریتانیا.[(١٧١)] لێرەدا بۆ روونکردنەوەی زیاتر، ئاماژە بە چەند نموونەیەك لە دادگاکانی ناوبژیکاریی نێودەوڵەتی دەکەین بەجۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ بڕیاری ناوبژیکاریی گوڵد سمیس لەسەر رووباری هیرمەند (هیلمەند) لە نێوان ئێران و ئەفغانستان لەساڵی ١٨٧٢: هەردوو وڵات کێشەی دێرینیان هەبووە لەسەر دابەشکردنی ئاوی ئەم رووبارە و بەپێی پەیماننامەی پاریس لە ١٨٥٧ هەردوولا بەڵێنیاندا، کە کێشەکانیان بە ناوبژیوانی بریتانیا چارەسەر بکەن.[(١٧٢)] پاش پەرەسەندنی کێشەکانی نێوانیان لەسەر ئاوی رووباری هیرمەند لەساڵی ١٨٧٠، کێشەکە خرایە ناوبژیکاریی و بۆ ئەم مەبەستەش بریتانیا کەسێکی بەناوی گوڵدسمیس راسپارد، وەك ناوبژیوانی نێوان هەردوولا. گوڵدسمیس لە ساڵی ١٨٧٢ بڕیاری ناوبژیوانی خۆی دەرکرد، کە دەبێ ئاوی پێویست بۆ ئاودێریی کردنی زەوییەکانی هەردوو دیوی رووباری هیرمەند دابین بکرێ و هیچ لایەنێك، نابێ کارێکی وا ئەنجام بدات، کە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی لایەنەکەیتر. هەروا لەم بڕیارەدا، مافی لەپێشتریی دراوە بە رەزامەندیی دەوڵەتی رێژگە و بواری کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش بنەمایەکی ناسراوی یاسای نێودەوڵەتییە.[(١٧٣)]

دووەم/ بڕیاری ناوبژیکاریی لە رێکەوتی ٢٢/٣/ ١٨٨٨ دەربارەی رووباری سان جون (Sun Jun) یا بڕیاری گرۆڤیر کلیفلاند: ئەم کێشەیە، لە نێوان دەوڵەتانی نیگارگوای و کوستاریکا هاتەئاراوە و داوا لە (گروڤیر کلیفلاند) سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمەریکا کرا، کە ناوبژیوانی بکات دەربارەی ئەو

---

[(١٧١)] د. السيد مصطفى أحمد أبوالخير، القانون الدولي لمنازعات الحدود (دراسة تطبيقية على الحدود العربية و الإسلامية)، الطبعة الاولى، أيتراك للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٠، ص ١٣٧.

[(١٧٢)] جواد پاكدامن و ژيلا كلالى مقدم، بررسى رژيم حقوقى رودخانه مرزى هيرمند، سلسله مقالات اولين همايش بررسى راهكارهاى مقابله با بحران آب، دانشگاه زابل، ١٣٨٠ هـ. ش (٢٠٠١ ز)، ص ٢٣٤.

[(١٧٣)] يارمحمد باى، پيشين، صص ١١٩-١٢٢.

کارانەی، کە نیکارگوای لەسەر رووباری سان جون ئەنجامیدابوو و هەروا بەرکاربوونی پەیمانی ساڵی ١٨٥٨ لە نێوان هەردووڵات. بەپێی بەندی چوارەمی ئەم پەیمانە، نیکاراگوای مافی لەپێشتریی هەبوو بۆ بەکارهێنانی ئاوی ئەم رووبارە و سەروەریی یاسایی خۆی بەشێوەیەکی پاوانکراو (حصري) بەسەر ئاوی ئەم رووبارەدا بەکاردەهێنا. کلیفلاند بڕیاریدا، کە پەیمانی ١٨٥٨ هەتا ئێستا بەرکارە و کوستاریکا ناتوانێ رێگریی لە نیکاراگوای بکات، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە تایبەتیەکانی بۆ بەکارهێنانی ئاوی رووبارەکە، بەو مەرجەی نەبێتە هۆی داپۆشینی زەویوزاری کوستاریکا بە ئاو و زیانی پێ بگەیەنێت. لەم حاڵەتەدا کوستاریکا مافی داواکردنی قەرەبووی هەیە لەو زیانانەی، کە پێی دەگات.[١٧٤]

سێیەم/ بڕیاری ناوبژیکاریی لە رێکەوتی ٢٧/ ٩/ ١٩٦٨ لەنێوان کەنەدا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر بەنداو گات (Gut): ئەم کێشەیە لە ساڵی ١٩١٤ دەستی پێکرد، کاتێك کەنەدا پێشنیاری کرد بەنداوێك لەسەر رووباری سان لوران دروست بکات، لە نێوان هەردوو دورگە (ئادامس)ی کەنەدی و دورگەی (لی گالوپ)ی ئەمەریکی، بۆ گەشەپێدانی کەشتیرانی، کە ئەمەش دەبووە هۆی وەستاندنی رۆیشتنی ئاو بۆ کەناڵی گات، کە بەنێوان هەردوو دورگەکەدا دەڕۆیشت.[١٧٥] لە ساڵی ١٩٤٧- ١٩٥٢ ئەم بەنداوە زیانێکی زۆری بە هاوڵاتیانی ئەمەریکی گەیاند و سەرئەنجام کێشەکە رەوانەی دادگای ناوبژیکاریی کرا. کەسێك بەناوی (لامبورتوس ئێرادس) لە هۆڵەندا بە سەرۆکی دادگای ناوبژیکاریی دانرا و دەوڵەتی کەنەدای ناچارکرد، بڕی (٣٥٠٠٠٠) دۆلار بداتە ئەمەریکا لە بری ئەو زیانانەی، کە بەهۆی بەنداوی گات لێی کەوتووە.[١٧٦]

---

[١٧٤] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٣.

[١٧٥] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٦.

[١٧٦] محمد حسن نامی، پیشین، ص ٧٩. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، صص ٨٦- ٨٧.

## لقی سێیەم
## بڕیاری دادگا ناوخۆییەکان

زۆربەی یاسازانان، کۆکن لەسەر ڕۆڵی دادگا ناوخۆییەکان لە دۆزینەوەی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و دیاریکردنی، بە تایبەت ئەو کێشانەی، کە سیفەتێکی نێودەوڵەتییان هەیە، چونکە دادگا نیشتمانییەکان تەنها سەیری ئەو کێشانە ناکەن، کە سیفەتێکی نیشتمانیی سنووردارییان هەیە.[١٧٧] هەرچەندە ناکرێ ئەحکامی دادگا ناوخۆییەکان، بە سەرچاوەیەکی یاسای نێودەوڵەتی بزانین بەو جۆرەی، کە دەوڵەتان بە شێوەی ڕاستەوخۆ پابەند بن بە ناوەڕۆکی بڕیارەکەوە، بەڵام ئەم دادگایانە لە هەندێ حاڵەتدا ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی پێشینە، بە تایبەت دادگا باڵاکان لە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی فیدراڵی و لەو کێشانەی، کە لە نێوان هەرێمەکاندا ڕوودەدەن.[١٧٨] لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتر تیشك بخەینە سەر ئەم بابەتە، ئاماژە بە بڕیاری ژمارەیەك لە دادگا فیدراڵییەکان دەکەین وەك نموونە، لە کێشەکانی پەیوەست بە ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان، لە دەوڵەتانی خاوەن سیستەمی فیدراڵی، وەك سویسرا، ئەڵمانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

یەکەم/ دادگای فیدراڵی سویسرا: دادگای فیدراڵی سویسرا، لە ڕێکەوتی ١٢/١/ ١٨٧٨ لە کێشەی جوناباش (Jonabach) بڕیارێکی دەرکرد. ئەم کێشەیە، بەهۆی دروستکردنی پرۆژەیەك لە لایەن کانتۆنی زیوریخ لەسەر ئەو ئاوە هاوبەشە ڕوویدابوو، کە بەرەو کانتۆنی ئەرگوڤی(Argovi) دەڕۆیشت و دادگا بڕیاریدا: " هەر کانتۆنێك، بەپێی سەروەریی لەسەر هەرێمەکەی خۆی، مافی هەیە ئەم سەروەرییە بەکار بهێنێ (بە ئازادیی ڕەها) لەسەر ئەو ئاوە گشتییانەی، کە لە چوارچێوەی هەرێمەکەیدایە، بەڵام ئەو ئاوانەی، کە بە زیاتر لە هەرێمێکدا تێدەپەڕن و دەچنە چوارچێوەی کانتۆنەکانیتر، ئەوا بەپێی بنەمای یەکسانی لەنێوان کانتۆنەکان، هیچ کانتۆنێك، مافی ئەوەی نیە ڕێوشوێنێکی وا

---

[١٧٧] د. حكمت شبر، القانون الدولي العام : دراسة مقارنة في الفقهين الاشتراكي و الرأسمالي (الجزء الأول)، ب ط، الجامعة المستنصرية، بغداد، ١٩٧٥، ص ٩٨.

[١٧٨] د. جمال محي الدين، القانون الدولي العام: المصادر القانونية، ب ط، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠٠٩، صص ٢٦٩- ٢٧٠.

لەسەر رووبارەكان بگرێتەبەر ( وەك گواستنەوە یا دروستكردنی بەنداو) لەسەر حیسابی كانتۆنەكانیتر. بەجۆرێك، كە ببێتە هۆی بێبەشبوونی ئەم كانتۆنە لە مومارەسەكردنی مافی سەروەریی خۆی یا خود ببێتە بەربەست لەبەردەم وەبەرهێنانی هاوبەش یا ببێتە هۆی پێشێلكردنی هەرێمەكەی".[١٧٩]

دووەم/ دادگای باڵای وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا: بڕیاری دادگای باڵا لە داوای هەردوو ویلایەتی وایۆمینگ وكولورادۆ لەساڵی ١٩٢٢، كە تێیدا داوای كولورادۆ رەتكرایەوە بەو سیفەتەی، كە ویلایەتی سەروو رووبارە و مافی رەهای هەیە لە گۆڕین یا بەكارهێنانی ئاوی ئەو رووبارەی، كە بەناو خاكەكەیدا تێپەڕ دەبێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی ویلایەتەكانیتر. هەروا بڕیارەكە جەخت لەسەر یەكێتی جوگرافیی رووبار و پێویستی رێزگرتن لەو بەرژەوەندییانە دەكاتەوە، كە بە هۆی بەكارهێنانی لە لایەن ویلایەتەكانەوە دروست دەبێ.[١٨٠]

سێیەم/ دادگای باڵای فیدراڵی ئەڵمانیا: بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە ئەڵمانیا، لە كێشەی نێوان هەرێمی ورتمبرگ دژ بە هەرێمی بادن لەساڵی ١٩٢٧ لەسەر رووباری دانوب، كەتێیدا دادگا بڕیاریدا: "دەوڵەتانی كەنار رووبار ناتوانن بەجۆرێكی وا ئاو بەكاربهێنن، كە زیانی مادی بە دەوڵەتانی دیكە بگەیەنێ یا باری سروشتی جێگیر بگۆڕێت، ئەگەر هات و سستیان نواند و رێوشوێنی پێویستیان لە هەرێمەكەی خۆیان نەگرتەبەر، بەجۆرێك، كە بەپێی وتەی دانیشتووانەكەی، زیانی بە دانیشتووانی دەوڵەتانی دیكە گەیاند، ئەوا ئەم رەفتارە دژ بەو بنەما سەرەكییانەیە، كە كۆمەڵی نێودەوڵەتی رێكدەخات".[١٨١]

پاش وردبوونەوەمان لەو بڕیارانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێ، كە بڕیارەكانی دادگا نێودەوڵەتی، ناوبژیكاریی و ناوخۆییەكان، دەتوانن رۆڵێكی گرنگ و كاریگەر بگێڕن وەك ئیستدلال لە چارەسەركردنی كێشەی نێوان دەوڵەتانی

---

[١٧٩] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٧٥. هەروەها جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٥٥.

[١٨٠] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٥٥.

[١٨١] ممدوح توفيق القاضي، المصدر السابق، ص ٢٠٩. هەروەها د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٧٦.

ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی و ئەو بڕیارانە لە چوارچێوەی بابەتی دیاریکراو بۆ لایەنەکانی داوا، هێزی پابەندییان هەیە. پاش ئیستدلالکردنی ئەو ڕێسایانەی، کە لەم بڕیارانەدا هاتوون لەسەر ڕێڕەوی ئاویی سیروان، بۆمان دەردەکەوێ، کە هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی ئەم ڕێڕەوە ئاوییە و گەیاندنی زیان بە عێراق، بە پێچەوانەی ئەو ڕێسا چەسپاوانەیە، کە لە بڕیارەکانی ئەو دادگایانەدا هاتووە. هەربۆیە، دادگای نێودەوڵەتی داد یا دادگا ناوبژیکارییەکان دەتوانن لە کاتی چوونی کێشەکان بۆ بەردەمیان، لەکاتی دەرکردنی بڕیار وەك سەرچاوەی یاریدەدەر کەڵکیان لێوەربگرن بۆ سەلماندنی مافەکانی عێراق لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان. هەروا عێراق دەتوانێ پەنا بباتە بەر شێوازی ناوبژیکاریی بەوجۆرەی، کە لە بەندەی (٦/ ب ٥)ی ڕێککەوتننامەی سنووری نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٧٥دا هاتووە بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی لەم ڕێڕەوەدا.

## مەبەستی چوارەم
## فیقهی نێودەوڵەتی

فیقهی نێودەوڵەتی، بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما، کە لە توێژینەوە و لێکدانەوەی یاسازانانی تایبەت بە یاسای گشتی لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان هەڵدەهێنجرێ، کە لەڕووی توانا و لێهاتووییەوە ناسراون.[١٨٢] ئەمەش لە بەندی (٣٨/١/د) پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد دانی پێدانراوە. نووسەرە ئاکادیمییەکان، بەشدارییەکی فراوانیان هەبووە لە گەشەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی، کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن و سەلماندن و راڤەکردنی یاسای نێودەوڵەتی و دۆزینەوەی کەموکورتیەکانی ئەم یاسایە.[١٨٣] فیقهی

---

[١٨٢] د. إحسان هندي، مبادئ القانون الدولي العام في السلم والحرب، الطبعة الاولى، دار الجليل للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٨٤، ص ١٠٦.

[١٨٣] د. عبدالامير كاظم زاهد المياحي، المياه واحكامها في الشريعة الاسلامية التصور والحلول، الطبعة الاولى، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٣، ص ٧٥. هەروەها د. طالب رشيد يادگار، مبادیء القانون

نێودەوڵەتی لق وپۆپێکی زۆری لێدەبێتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانەوە بێت، دەتوانین بەسەر دوو بەشی تیۆریی و نووسراوەکانی گەورە یاسازانانی یاسای نێودەوڵەتی و بڕیار و کۆنگرەکانی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان پۆلێنی بکەین.(١٨٤) لە بەر ئەوەی لە بەشی یەکەم، باسمان لە تیۆرییە یاسازانییە نێودەوڵەتییەکان کردووە، هەربۆیە لەم مەبەستە، تەنها باس لە بڕیار و کۆنگرەکانی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دەکەین لە دوو لقدا. لە لقی یەکەم، باس لە بڕیار و کۆنگرەکانی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان دەکەین و لە لقی دووەم، تیشك دەخەینە سەر بڕیار و کۆنگرەکانی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان.

## لقی یەکەم

## بڕیار و کۆنگرەکانی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان(١٨٥)

ئەم پەیمانگەیە، گرنگی بە کێشەی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان داوە. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێك کۆنگرەی بەستووە و چەندین بڕیاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەم ڕێڕەوانە دەرکردووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین:

یەکەم/ کۆنگرەی مەدرید لە ساڵی ١٩١٩: ئەم کۆنگرەیە ڕاگەیەندراوێکی

---

الدولي العام، ط ١، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠٠٩، ص ٧٩. هەروەها د.حكمت شبر، المصدر السابق، صص ١٠٠- ١٠١.

(١٨٤) نوار جليل هاشم، سيناريوهات الصراع والتعاون على المياه بين العراق وتركيا، بعد انشاء سد اليسو التركي على نهر دجلة، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، السنة الحادية والثلاثون، العدد (٣٥٩)، كانون الثاني ٢٠٠٩، ص ٤٣. هەروەها د.منصور العادلي، موارد المياه في الشرق الأوسط صراع أم تعاون، المصدر السابق، ص ٧٠.

(١٨٥) ئەم پەیمانگەیە لە ساڵی ١٨٧٣ لە شاری کان لە بەلجیکا دامەزرا بە مەبەستی گەشەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی و داڕشتنی کۆمەڵێك پرەنسیپی گشتی بەپێی پێوەری نەتەوە شارستانییەکان و لەم بوارەدا هەوڵێکی فراوانی داوە.

دەرکرد بە ناوی (سیستەمی نێودەوڵەتی تایبەت بۆ بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان)، کە پاشان بە ڕاگەیەندراوی مەدرید ناسرا و لە بەندی یەکەمی خۆیدا باس لە بابەتی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان لە نێوان دوو دەوڵەتدا دەکات. هەروا ڕێگە نادات بە ئەنجامدانی هیچ گۆڕانکارییەك لە کەناری ڕووبار لە لایەن هەریەك لە دەوڵەتان بە بێ ڕەزامەندیی ئەویتر بەجۆرێك، کە زیان بە لایەنەکەیتر بگەیەنێ.[186] هەروا لە بەندی دووەم باس لە کۆمەڵێك پرەنسیپ دەکات بەجۆرەی خوارەوە:

١) ڕێگە نادرێ بە ئەنجامدانی هیچ گۆڕانێك، کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە ئاوی ڕووبارەکە وەك ڕۆکردنی کەرەستەی زیانبەخش بۆ ناو ئاوی ڕووبارەکان.

٢) ئەو دەوڵەتانەی، کە لە خوارووی ڕووبارن مافیان نیە پرۆژە و دامودەزگای وا لەناو خاکەکەیان دابنێن کە ببێتە هۆی هەڕەشەی لافاو بۆ سەر دەوڵەتانی دیکەی هاوکەنار.[187]

٣) پێویستە لەسەر دەوڵەتانی پەیوەندیدار، کە هەڵسن بەدانانی کۆمیتەی هەمیشەیی هاوبەش بۆ دەرکردنی بڕیارەکانیان یا دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەو کێشە ترسناکانەی، کە لە ئەنجامی دروستکردنی پرۆژەکان دێنەئاراوە.[188]

دووەم/ ڕاسپاردەکانی پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی لە ١١/ ٩/ ١٩٦١ لە سالزبورگ: ئەم ڕاسپاردانە کۆمەڵێك پرەنسیپ لە خۆدەگرن، کە بە لائحە یاساییەکانی سالزبورگ ناسراون بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئاوە نێودەوڵەتییە نادەریاییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی[189] بەجۆرەی خوارەوە:

١) هەر دەوڵەتێك مافی بەکارهێنانی ئاوی ئەو ڕووبارە نێودەوڵەتییانەی هەیە، کە بەناو خاکەکەیدا تێپەڕ دەبێ لە چاوچێوەی ئەو کۆتوبەندانەی، کە

---

[186] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٦٦. هەروەها د.سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٨٩.

[187] د. خالد العزي، مشكلة الأنهار الحدودية المشتركة بين العراق و ايران، المصدر السابق، ص ٩١.

[188] الصادق المهدي، مياه النيل الوعد والوعيد، ط ١، مركز الأهرام للترجمة والنشر، القاهرة،٢٠٠٠، ص ٣٩.

[189] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٩.

یاسای نێودەوڵەتی دەیسەپێنێ.(١٩٠)

٢) ڕێگە نادرێ بە دەوڵەتانی هاوکەنار، کە هەڵسن بە ئەنجامدانی کردارێکی وا، کە زیان بە مافی دەوڵەتانی دیکەی هاوکەنار بگەیەنێت، ئەگەر بێت و ئەو دەوڵەتە پێشتر ئاگادار نەکرابێتەوە.(١٩١)

٣) هیچ دەوڵەتێك مافی ئەوەی نیە هەڵسێت بە دروستکردنی دامەزراوەیەك یا بەکارهێنانی ڕێڕەوی ئاوی یا حەوزی ئاوی بەجۆرێك، کە زیان بە دەوڵەتانی دیکە لە هەمان ئاو بگەیەنێ. ئەگەر بێت و ڕێگا نەدات ئەو دەوڵەتانە ئەم دامەزراوانە بەکار بهێنن، ئەوا لە حاڵەتی زیان پێگەیاندن پێویستە قەرەبووی زیانەکان بکاتەوە.(١٩٢)

## لقی دووەم

## بڕیار و کۆنگرەکانی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان(١٩٣)

ئەم کۆمەڵەیە، هەر لە کاتی بەستنی چل و شەشەمین کۆنگرەی خۆی لە ساڵی ١٩٥٤ لە ئەدنبرە، گرنگی بە پرسی بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان داوە و کۆمەڵێك ڕاسپاردەی، لەسەر ئەرك و مافەکانی دەوڵەتانی هاوکەنار بلاوکردۆتەوە.(١٩٤) بەڵام ئەمە دواهەولێ و هەنگاوی ئەم کۆمەڵەیە نەبووە و لە کۆنگرەکانی دیکەشدا لەسەر ئەم گرنگی پێدانە بەردەوامبوو، کە لە خوارەوە تیشکیان دەخەینە سەر:

یەکەم/ کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٥٦ لە کۆنگرەی چل وحەوتەمینی خۆی لە دوبروڤنیك، لە ڕاپۆرتێکدا باس لەو بنەمایانە دەکات، کە

---

(١٩٠) د. سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٦٥.

(١٩١) جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٦٧.

(١٩٢) د. محمد منيب الرفاعي، المصدر السابق، ص ١٧٥.

(١٩٣) ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٧٣ لە شاری بروکسیلی بەلجیکا دامەزرا و هەڵدەستێ بە تۆمارکردنی هزر و ئاراستەکانی یاسای نێودەوڵەتی و گەشەپێدانیان بەپێی ئاراستەکانی هزری نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

(١٩٤) جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٦٧.

بەسەر کەڵك وەرگرتن لە رووبارە نێودەوڵەتییەکاندا زاڵن، کە بریتین لە مافی دەوڵەتانی کەنار رووبار بۆ کەڵك وەرگرتنی دادگەرانە لە ئاو، ئاستی پێویستیی هەر دەوڵەتێك بە ئاوی ئەو رووبارە و پشکی پێشووتری هەر دەوڵەتێك بەپێی رێککەوتننامەکان.[١٩٥]

دووەم/ بڕیارەکانی هەمان کۆمەڵە لە کۆنگرەی نیۆیۆرك لە ساڵی ١٩٥٨، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەکات:

١) هەموو ئەو دەریاچە و رووبارانەی، کە سەر بە یەك حەوزن، دەبێ وەك یەکەیەکی تەواوکەر (وحدة متکاملة) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، نەك وەك بەشی جیاجیا.

٢) جگە لەو حاڵەتانەی، کە بەپێی رێککەوتن یا شێوازی دیکە یا نەریتی مولزەم بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دیاریکراوە، ئەوا هەر دەوڵەتێکی هاوکەنار پشکێکی گونجاو و یەکسانی لە بەکارهێنانی سوودبەخشی (الاستخدامات المفیدة) ئاوی حەوزی رووبار هەیە.[١٩٦]

٣) دەوڵەتانی بەشدار لە حەوزی رووبار، پێویستە رێز لە مافە یاساییەکانی دەوڵەتانی دیکەی بەشدار بگرن.[١٩٧]

سێیەم/ رێساکانی (هلسینکی): کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی، لە کۆنگرەی پەنجا ودووەمی خۆی لە هلسینکی لە ١٤- ٢٠/ ٨/ ١٩٦٦، بڕیاری لەسەر کۆمەڵێك بنەما داوە دەربارەی ئاوە نێودەوڵەتییەکان، کە بە رێساکانی هلسینکی ناسراون. ئەم رێسایانە، کە کۆمەڵە رێسایەکی پێشکەوتوون لە چەمکی سەروەریی رەها دوورکەوتنەوە بە ئاراستەی دانان بە ماف و بەرپرسیارێتی

---

[١٩٥] ناصر فرشاد گهر، پیشین، ص ١٠٤.

[١٩٦] یوسف ابراهیم الجهماني، الأعمال الکاملة: ترکیا والشرق الأوسط (سوریا ـ المیاه ـ اسرائیل)، ط٢، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، ٢٠٠٩، صص ٨٥- ٨٦.

[١٩٧] د. سامر مخیمر و خالد حجازي، أزمة المیاه في المنطقة العربیة : الحقائق والبدائل الممکنة، عالم المعرفة، الکویت، ١٩٩٦، ص ٣٥.

یەکسان بۆ دەوڵەتانی هاوبەش لە رووبار.[198] رێساکانی هلسینکی باس لە شێوازە یاساییەکانی بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی رووبارە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی نێوان وڵاتانی سوودمەند دەکات، لە کاتی نەبوونی رێککەوتنێکی دیاریکراو یا پێشینەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی رووباری نێودەوڵەتی.[199] هەتا ئەوکاتە، ئەمە بە یەکەم سیستەمی یاسایی تەواو دادەنرا، کە حوکمی بەکارهێنانی رووبارە نێودەوڵەتییەکانی دەکرد بۆ مەبەستی ناکەشتیڕانی و لە (٣٧) بەند پێکهاتووە.[200] بەشی یەکەمی ئەم رێسایانە باس لە هەلومەرجی گشتی رووبارە نێودەوڵەتییەکان دەکات و لە بەشەکانیتر باس لە پیسبوونی ئاوەکان، کەشتیڕانی، گواستنەوەی دار و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەکات.[201] لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گرنگترینی رێساکانی هلسینکی بەجۆرەی خوارەوە:

١) بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر بەکارهێنانی ئاو یا حەوزی رێکردنی ئاوی نێودەوڵەتی (حوض الصرف الدولي) پیادە دەکرێ، جگە لەو هەڵاواردنانەی، کە دەوڵەتان بەپێی پەیماننامە یا نەریتی مولزەم پێوەی پابەندن.[202]

٢) مافی دەوڵەت لەسەر ئەو رووبارە نێودەوڵەتییەی، کە لە خاکەکەیەوە سەرچاوە دەگری یا پێیدا تێدەپەڕێ، مافێکی رەها نیە بەڵکوو ملکەچە بۆ یاسای نێودەوڵەتی.

---

[198] تاڤگە عباس البستاني، قضية المياه في الشرق الأوسط، مجلة تەرازوو، اتحاد حقوقيي كوردستان، العدد السابع، اربيل، ١٩٩٩، صص ١٤٦- ١٤٧. هەروەها علي حسين صادق، المصدر السابق، ص ١٩٦.

[199] فتحي علي حسين، المياه وأوراق اللعبة السياسية في الشرق الأوسط، ط ١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٧، ص ٦٠.

[200] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٩.

[201] ونداد آرین، پیشین، صص ٦٦- ٦٧.

[202] عايدة علي سري الدين، العرب والفرات بين تركيا وإسرائيل، ط ١، دارالأفاق الجديدة، بيروت، ١٩٩٧، ص ٢٩٢.

**٣) مافی دەوڵەت سەبارەت بەکۆنترۆڵ کردنی رووبار، مەرجدارە بە کاریگەرنەبوونی لەسەر مافی دەوڵەتانی هاوکەنار لە حەوز یا زیان گەیاندن بە ئەوانیتر.**

**٤) هەر کردارێکی فراوانکاری، وەك کرداری رێکخستنی رووبار یا زیادبوونی داهات کردارێکی تەواوکارییە، کە پەیوەندیی بە هەموو رووبارەکەوە هەیە.[٢٠٣]**

**٥) هەر دەوڵەتێکی بەشدار لە حەوزی ئاویی، مافی وەدەستهێنانی پشکێکی دادگەرانە و گونجاوی لە ئاو هەیە، کە ئەم پشکە بەپێی کۆمەڵێك پێوەر دیاریی دەکرێت، وەك: جوگرافیای حەوز و پانتاییەکەی لە هەر دەوڵەتێك و رێژەی بەشداربوونی، پێشینەی مێژوویی و ئێستای بەکارهێنان و دابەشکردنی پشکی ئاو لە حەوزی رووبار، پێویستییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی هەر یەك لە دەوڵەتان، ژمارەی دانیشتووانی هەر یەك لەو دەوڵەتانەی کە پشت بە ئاوی رووبارەکە دەبەستن و...هتد.[٢٠٤]**

**٦) بوونی هاوکاریی لە بەکارهێنانی ئاوی رووبارە نێودەوڵەتییەکان و پرۆژە پێشنیارکراوەکان.**

**٧) پێویستە کێشەی نێوان دەوڵەتانی حەوز بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، وەك پیادەکردنێك بۆ بنەمای دراوسێتی باش.**

**٨) رێزگرتن لە مافە مێژووییە وەدەستهاتووەکانی دەوڵەتانی دیکەی سوودمەند.**

---

[٢٠٣] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٨٩.

[٢٠٤] علي جمالو، ثرثرة فوق الفرات: النزاع على المياه في الشرق الأوسط، ط ١، رياض الريس للكتب والنشر، لندن- بيروت، ١٩٩٦، صص ٢٣- ٢٤. هەروەها محمد احمد السامرائي، أثر ندرة المياه العربية في احتمالات الصراع والتعاون، رسالة الماجستير المقدمة الى المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية (غير منشور)، بغداد، ٢٠٠٦، صص ١٤٤- ١٤٥. هەروەها د.صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ل ٩٠. هەروەها:
Daniel Seligman, World's Major Rivers An Introduction To International Water Law With Case Studies, Colorado River Commission of Nevada, Las Vegas, November 2008, p.140.

**٩)** خۆبواردنی دەوڵەتانی سوودمەند، لە گۆڕینی ڕێڕەوی رووبار یا دروستکردنی بەنداو بە بێ راوێژی پێشوەخت، بەجۆرێك، کە کاریگەریی لەسەر پشکی دەوڵەتانی دیکە هەبێ.[٢٠٥]

**١٠)** پاراستنی بەرژەوندییە ناوچەییەکان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی، کە لە ئەنجامی کارکردن لە حەوزی رووبار بە دانیشتووان دەگات.[٢٠٦]

**چوارەم/ ڕێساکانی (بەرلین) لەساڵی ٢٠٠٤:** بە هۆی پرش‌و بڵاویی ڕێسا وپرەنسیپەکانی پەیوندیدار بە رووبارە نێودەوڵەتییەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنگرەی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە ئیتالیا، هەوڵێك هاتەئاراوە بۆ کۆکردنەوەی ئەم ڕێسا پەسندکراوانە لە چوارچێوەی کۆدێکدا، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٩٩ دەرکراون. دەرەنجامی ئەم هەوڵانە وەك کتێبێك بڵاوکرایەوە، کە ٦٧ پرەنسیپ و ٢ هاوپێچ لە خۆدەگرێ. بە ئامانجی کەڵك وەرگرتن لەم ڕێسایانە لە ناوەندە دادوەرییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە کۆبوونەوەی ساڵی ٢٠٠٤ لە بەرلین، ئەم ریسایانە بەپێی پێویستیی سەردەم نوێ کرانەوە و شتی تازەیان پێ زیادکرا و پاشان پەسندکران، کە ئەمەش بە ڕێساکانی بەرلین ناوبانگی دەرکردووە.[٢٠٧] چوارچێوەی ئەم ڕێسایانە، لە ڕێساکانی هلسینکی و ڕێککەوتننامەی ١٩٩٧ فراوانترە، چونکە بەسەر هەموو چینەکانی ئاوی ژێرزەوی و رووبارە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ئاوانەی، کە بە سنووردا تێپەڕ دەبن دەچەسپێ. ئەم ڕێسایانە، باس لە بەکارهێنانی دادگەرانە و گونجاو، هاوکاریی و زیان نەگەیاندن بە یەکتر، بەڕێوەبردنی هاوبەشی ئاوە نێودەوڵەتییەکان، پاراستنی ژینگەی ئاوەکان، رەوشی ئەم ئاوانە لە کاتی ململانێی چەکدارانە و چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بەم ئاوانە دەکەن.[٢٠٨]

---

[٢٠٥] محمود محمد محمود خليل، المصدر السابق، ص ٢٢٣.

[٢٠٦] د. صبحي أحمد زهير العادلي، المصدر السابق، ص ٩٠.

[٢٠٧] د. محمد حسين پاپلی یزدی و د.فاطمه وثوقی، پیشین، صص ٤٣- ٤٤.

[٢٠٨] د. سيد فضل الله موسوی، پیشین، صص ١٧٦- ١٨٢.

## لقی سێیەم

## ڕاگەیەندراوی ساڵی ١٩٣٣ ی مۆنتیڤیدیۆی دەوڵەتە ئەمریکییەکان

ئەم ڕاگەیەندراوە، لە کۆنگرەی حەوتەمی دەوڵەتانی ئەمەریکی دەرچووە، کە لە ٢٤/ ١٢/ ١٩٣٣ لە شاری مۆنتیڤیدیۆ گرێدرا و باس لە بەکارهێنانی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی پیشەسازیی و کشتوکاڵ دەکات. ئەم ڕاگەیەندراوە، کۆمەڵێك بڕیار لە خۆدەگرێ، [٢٠٩] کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو بڕیارانە دەکەین:

١- بەر لەدەستپێکردنی هەر جۆرە شێوازێکی بەکارهێنانی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی پیشەسازیی و کشتوکاڵ، وا باشترە پێشوەخت توێژینەوەی پێویست لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێ، چ ئەوانەی پەیوەندییان بەم پرۆژانەوە هەیە و چ ئەوانەی پەیوەندییان بەو هەرێمانەوە هەیە، کە تێیاندا دروست دەکرێن و دەوڵەتەکان لەسەریانە، کە هەموو ئاسانکارییەك بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە لەناو هەرێمەکەیاندا پێشکەش بکەن. [٢١٠]

٢- لە بەندی دووەمی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: "دەوڵەتان مافی تەواویان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئاوی ئەو ڕووبارە نێودەوڵەتییانەی، کە دەکەوێتە ناو هەرێمەکەیانەوە بۆ مەبەستی پیشەسازیی و کشتوکاڵی و مەرجە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم مافە، لە سنووری دەسەلاتی خۆیاندا، زیان بە مافە یەکسانەکانی دەوڵەتانی دراوسێ نەگەیەنن." [٢١١]

٣- بەپێی بەندی حەوتەمی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت پرۆژەیەك دروست بکات لەسەریەتی، کە دەوڵەتی هاوبەش لە ڕووبار لە پرۆژەکەی ئاگادار بکاتەوە. هەروا دەبێ هەموو دیکۆمێنتە تەکنیکییەکان لە گەڵ ئاگادارکردنەوەکە هاوپێچ بکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتی پەیوەندیدار بتوانێ لێیان بکۆڵێتەوە. [٢١٢]

---

[209]. Daniel Seligman, op.cit, p.119.

[٢١٠] د. سليمان عبدالله اسماعيل، المصدر السابق، ص ٢٥٥.

[٢١١] علي حسين صادق، المصدر السابق، ص ٤٨.

[٢١٢] علي حسين صادق، المصدر السابق، صص ٤٨-٤٩.

پاش وردبوونەوەمان لەم بڕیار و ڕاسپاردانە، هەر لە کۆنگرەی مەدرید لە ساڵی ١٩١٩ هەتا یاساکانی بەرلین لە ساڵی ٢٠٠٤، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەوڵێکی بەرفراوان لەئارادایە بۆ کۆدکردن و داڕشتنەوەی یاسای نێودەوڵەتی نەریتی لە بواری ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و هەموویان لەسەر دوو بنەما کۆکن: یەکەم، شێوازی بەکارهێنانی ئاوی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن دەوڵەتانی ڕێڕەو و هاوکاریی نێوانیان بەجۆرێك، کە لە کاتی بەکارهێنانی ئاوی ئەم ڕێڕەوانە زیان بە یەکتریی نەگەیەنن. دووەم، پێویستیی دابەشکردنی ئاوی ئەو ڕێڕەوانە بە شێوەیەکی دادگەرانە و گونجاو. هەروا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە عێراق بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی لە ڕێڕەوی ئاویی سیروان، دەتوانێ لە دانوستانەکانی خۆی لە گەڵ ئێران وەك سەرچاوەیەکی یاریدەدەر پشت بەم بڕیار و ڕاسپاردانە ببەستێ و هەڵوێستی خۆی بەهێزتر بکات، هەر وەك چۆن شاندی دانوستانکاری عێراقی، لە حوزەیرانی ١٩٦٤ لە وتوێژەکانی لە گەڵ شاندی تورکی پشتی بە بڕیارەکانی سالزبورگ بەستبوو.

## مەبەستی پێنجەم
## بنەماکانی داد و ئینساف

بەندی (٣٨/ب/٢) لە پەیڕەوی دادگای نێودەوڵەتی داد، باس لە بنەماکانی داد وئینساف دەکات وەك سەرچاوەیەکی یاریدەدەری یاسای نێودەوڵەتی. ئەم بنەمایانە، کە وەك دوو دەستەواژەی هاوتا بەکاردێن بریتین لە: کۆمەڵێك بنەما، کە نوێنەرایەتی دادی پەتی (العدل المجرد) دەکەن و دەربڕی کۆمەڵێك بەهای نموونەیین، کە یاسا لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەوڵی بەدیهاتنی دەدات و وەك بەشێك لە یاسای سروشتی سەیری دەکات.[٢١٣] واتە ئەم کۆمەڵە بەهایانە، لە هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە و بەپێی بەندی (٣٨/٢) لە پەیڕەوی ناوبراو، دادگا لە حاڵەتێکدا دەتوانێ پەنای بۆ ببات، کە هەردوو لایەنی کێشەکە بە ڕاشکاویی ڕێگای پێ بدەن.[٢١٤]

---

[٢١٣] د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، المصدر السابق، صص ٣٩٠.

[٢١٤] د. طالب رشيد يادگار، بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی گشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

ئەم بنەمایانە سەرەڕای جیاوازیی لە کات و شوێن و شێوازی داڕشتنیان، ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێککەوتنانەی، کە لە بواری ئاوە نێودەوڵەتییەکاندا گرێدراون، وەك ڕێککەوتنی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢١، کە باس لە مافی یەکسانی هەردوو دەوڵەت دەکات لە ئاوەکانی هەردوو ڕووباری ئاراس و ئەترەك. هەروا ڕێککەوتنی نێوان بەرازیل و ئورۆگوای لە ساڵی ١٩٣٣ دەربارەی ئاوی ڕووبارە سنوورییەکان و ...هتد.[٢١٥] جگە لەمەش، دەتوانین لە ڕێککەوتننامەی بەکارهێنانی ڕێڕەوە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان بۆ مەبەستی ناکەشتیرانی ساڵی ١٩٩٧ شوێن پەنجەی ئەم بنەمایە لە ڕێسای (بەکارهێنانی دادگەرانە و گونجاو)ی ئاوەکاندا بدۆزینەوە.[٢١٦]

پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەین، کە دادگا نێودەوڵەتییەکان، دەستە ناوبژیکارییە نێودەوڵەتییەکان و دادگا باڵا فیدراڵییەکان، لە ژمارەیەك لە بڕیارەکانی خۆیاندا لە بواری یەکلایی کردنەوەی کێشەی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان، پشتیان بە بنەماکانی داد و ئینساف بەستووە، لەوانەش بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی داد لە ساڵی ١٩٣٧ لە کێشەی ڕووباری موز لە نێوان بەلجیکا و هۆڵەندا. لە لایەکیترەوە، ڕێکخراو و دەستە یاساییە نێودەوڵەتییەکان، لە ژمارەیەك لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی خۆیاندا پشتیان بەم بنەمایانە بەستووە، لەوانەش کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٨ی کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی، کە باس لە پشکی دادگەرانە و گونجاو دەکات بۆ دەوڵەتانی کەنار ڕووبار، هەروا ڕێساکانی هلسینکی لە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن هەمان کۆمەڵەوە، کە جەخت لەسەر بەکارهێنانی دادگەرانە و گونجاو لە ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە.[٢١٧]

پاش خستنەڕووی کۆمەڵێك لەو ڕێککەوتننامە و بڕیار و ڕاسپاردانەی، کە

---

[٢١٥] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، ص ٧٧.
[٢١٦] پيار- ماري دوپوي، المصدر السابق، ص ٣٨٦.
[٢١٧] جعفر خزعل جاسم، المصدر السابق، صص ٧٤- ٧٩.

پشت به بنەماكانی داد وئینساف دەبەستن، بۆمان دەركەوت، كە ئەم بنەمايانە توانيويانە وەك سەرچاوەيەكی ياريدەدەری ياسای نێودەوڵەتی، شوێن پەنجەی خۆيان لەسەر سەرچاوەكانی ديكەی ياسای نێودەوڵەتی بچەسپێنن. بە تايبەت لە چەسپاندنی بنەمای بەكارهێنانی دادگەرانە و گونجاوی ڕێڕەوە ئاوييە نێودەوڵەتييەكان، كە بووەتە بنەمايەكی چەسپاو لە ياسای نێودەوڵەتی لە بواری بەكارهێنانی ڕێڕەوە ئاوييە نێودەوڵەتييەكاندا. هەروا لە كاتی نەبوونی ياسا، كەموكورتی لە ياسا، توندبوونی ياسا و تەنانەت لە كاتی بوونی سەرچاوەكانی ديكەی ياسای نێودەوڵەتی وەك ڕێككەوتننامە يا نەريتی نێودەوڵەتی و...هتد، بەپێی ڕێككەوتنی نێوان لايەنەكان، ئەوا دەتوانن داوا لە دادگای نێودەوڵەتی داد يا دادگای ناوبژيكاريی بكەن كە بەپێی بنەماكانی داد و ئينساف بڕيار لە سەر كێشەكەيان بدات. هەر بۆيە، عێراق دەتوانێ بۆ چەسپاندنی مافەكانی لە ڕێڕەوی ئاويی سيروان، پشت بەم بنەمايانە ببەستێ، ئەگەر هات و ناكۆكييەكانی لەگەڵ ئێران ڕەوانەی بەردەم دادگای نێودەوڵەتی داد يا دادگايەكی ناوبژيكاريی كرا، چونكە ئەم بنەمايانە لە ياسای نێودەوڵەت پەيڕەو دەكرێن، كە لە ياسای سروشتييەوە وەرگيراون، لە هەمان كاتدا، لە بواری كێشەكانی تايبەت بە ڕێڕەوە ئاوييە نێودەوڵەتييەكانيش پشتيان پێ بەستراوە.